حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەشیعرەکانی (سەلام سەعید مەولود) دا

نامەیەکە

**هەرسین یاسین حسێن**

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی - ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
کردووە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر
لەئەدەبی کوردیدا

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زایینیی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەشیعرەکانی سەلام سەعید مەولود) دا خوێندکار (هەرسین یاسین حسێن) بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. **عەباسساڵح عەبدوڵڵا**) لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئامادەکراوە و بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.د.

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

# ڕاپۆرتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکار (هەرسین یاسین حسێن) (گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا بەپلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
ئەندام
ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
ئەندام
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو:
سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت:    /    /    ٢٠٢٣

# هێما کورتکراوەکان

| هێما | وشە |
|---|---|
| و | وەرگێڕان |
| ژ | ژمارە |
| ت | ترجمة |
| ط | طبعة |

# سوپاس وپێزانین

## سوپاس وپێزانینم بۆ:-

- بەرێز پ.ی.د (عەباس ساڵح عەبدوڵلا)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ وبەوپەڕی دڵسۆزییەوە هاوکاربوو لە تەواوکردنی نامەکە بە تێبینی و ڕێمانییە بە سوود وزانستیەکانی.
- کارمەندانی کتێبخانەی سلێمانی، کە هاوکاربوون لە بەردەست خستنی سەرچاوەکان.
- بەڕێز(سەلام سەعید مەولود)ی شاعیر، کە ئەو پەڕی یارمەتی نواند لە تەواوکردنی نامەکە دا.
- هەموو ئەوکەسانەی یارمەتییان داوم لە تەواوکردنی نامەکەدا.

# پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:-

- ❖ دایکم وباوکم.
- ❖ هەموو ئەوکەسانەی یارمەتیان داوم لە تەواوکردنی نامەکەدا.
- ❖ خوازیارانی ئەدەب وشیعر.

## پێرست


| لاپەرە | بابەت |
| --- | --- |
| ٢ | پێشەکی |
| ٥-٣١ | بەشی یەکەم : میتۆدی کۆمەڵایەتی وڕەهەندەکانی |
| ٥ | تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی میتۆدی کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | تەوەری دووەم: چەمک و پێکهاتەی کۆمەڵگە |
| ١٣ | تەوەری سێیەم: ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا |
| ١٦ | تەوەری چوارەم: چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی ڕەهەندی : |
| ١٦ | ١- فەلسەفییەوە |
| ١٨ | ٢- ئابوورییەوە |
| ٢١ | ٣- ئایینییەوە |
| ٢٣ | ٤- مارکسییەوە |
| ٢٦ | ٥-لۆجیکییەوە |
| ٣١-٥٨ | بەشی دووەم :تەوەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی |
| ٣١ | خزمایەتی |
| ٣٦ | هەژاری |
| ٤١ | جیاوازی چینایەتی |
| ٤٦ | پرسەنامە |
| ٥٣ | دڵداری |
| ٥٨-١٠٢ | بەشی سێیەم/شاعیر وکۆمەڵگە<br>تەوەری یەکەم / فاکتەری کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر شاعیران |
| ٧٦ | تەوەری دووەم / ڕەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە شیعرەکانی<br>(سەلام سەعید مەولود)دا |
| ٧٧ | نایەکسانی و نادادپەروەری |
| ٧٨ | هەژاری |
| ٨٢ | برسێتی |
| ٨٤ | خۆشەویستی وخەمی دایک |
| ٨٦ | مافی ئافرەت |
| ٨٨ | دەسەڵات |
| ٨٩ | درۆ |
| ٩٠ | ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگە |
| ٩١ | خێزان |
| ٩٢ | کۆنەپەرستی |

| | |
|---|---|
| دووركەوتنەوە لە كلتوور و داب ونەریت | ٩٢ |
| لاواندنەوە بۆ هاوڕێ | ٩٤ |
| ژن وبەرگری لە بەها كۆمەڵایەتی و نیشتمانییەكان | ٩٥ |
| پارە وكۆمەڵگە | ٩٦ |
| ڕەخنەگرتن لە ئایین | ٩٧ |
| جیاوازی چینایەتی | ٩٨ |
| ئەنجام | ١٠١ |
| سەرچاوەكان | ١١٣-١٠٣ |
| الملخص | ١١٤ |
| Abstract | ١١٦ |

# پێشەکی

## پێشەکی

شاعیر وکۆمەڵگە یەکەیەکی گرێدراون کەم بەرهەمی ئەدەبی هەیە کاریگەری کۆمەڵگەی لە سەر نەبێت، چونکە ئەدەب بە درێژایی مێژوو ئاوێنە ورەنگدانەوەی بابەت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بووە. ئەم توێژینەوەیە، کە بەناوی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی سەلام سەعید مەولود)دا یە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ئەو دەقانەی شاعیر کە هەڵگری ناوەڕۆک و سیمای کۆمەڵایەتیین لە ڕوانگەی میتۆدی کۆمەڵایەتییەوە، کە شاعیر بە شێوەیەکی بەرچاو کێشە وگرفتەکانی کۆمەڵگەی خستۆتەڕوو وهەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی داوە گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە سەبارەت بەم لایەنە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر هیچ توێژینەوەیەک نەکراوە و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر بە خوازیارانی ئەدەب بناسێنین.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:-** ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە(ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی سەلام سەعید)دا.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:-** ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی(پەسنی شیکاری) ولەسێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:لەبەشی یەکەمدا لە میتۆدی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی دواوین ولەبەشی دووەمدا لەتەوەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ولە بەشی سێیەمدا لە فاکتەری کۆمەڵایەتی وکاریگەری بەسەر شاعیرانەوە ورەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانی (سەلام سەعید مەولود)دواوین ولە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان خستۆتەڕوو.

**سنووری توێژینەوەکە:-** ئەم توێژینەوەیە لە سنووری ئەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندییان بە تیۆری کۆمەڵایەتییەوە هەیە ورەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری کوردیدا ودەقە شیعرییە کۆمەڵایەتییەکانی (سەلام سەعید).

**ئامانجی توێژینەوەکە:-** بایەخدان بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وئەو ڕەهەندانەی پەیوەستن بە تیۆری کۆمەڵایەتی وخستنە ڕووی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری کوردی و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی (سەلام سەعید)دا.

**گیروگرفتـــی لێکــۆڵینەوەکە:-** ئەو گیروگــرفتەی کە لەم لێکــۆڵینەوە ڕووبەڕووی بــووینەوە سـەرەڕای هەوڵ ومانـدووبون لە گەڕان بـۆ بەدەسـتهێنانی بریتیبـوو لە بەردەسـتنەبوونی هەمـوو بەرهەمە شعرییەکانی شاعیر بەتایبەت بەرهەمی ساڵانی حەفتاکان وهەشتاکان.

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:-**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی وسێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

**بەشی یەکەم:-**

**ئەم بەشە بریتییە لە چوار تەوەر:-**

**تەوەری یەکەم:** - بریتییە لە چەمک وپێناسەی میتۆدی کۆمەڵایەتی

**تەوەری دووەم:** - بریتییە لە چەمک وپێکهاتەی کۆمەڵگە.

**تەوەری سێیەم :** - بریتییە لە ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا.

**تەوەری چوارەم:-** بریتییە لە چەمکی کۆمەڵگە لە ڕووی :-

١-فەلسەفییەوە.

٢ -ئابوورییەوە.

٣-ئاینییەوە.

٤-تیۆری مارکسییەوە.

٥-لۆجیکییەوە.

**بەشی دووەم:-**

برتییە لە تەوەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کە پێنج تەوەر لە خۆدەگرێت:-

١-خزمایەتی.

٢-هەژاری.

٣-جیاوازی چینایەتی.

٤-پرسەنامە.

٥-دڵداری.

**بەشی سێیەم:-**

ئەم بەشە بریتییە لە دوو تەوەر :-

تەوەری یەکەم:-کاریگەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە سەر شاعیران.

تەوەری دووەم:-ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی (سەلام سەعید)دا.

## بەشی یەکەم

## میتۆدی کۆمەڵایەتی ورەهەندەکانی

تەوەری یەکەم:چەمک وپێناسەی میتۆدی کۆمەڵایەتی

تەوەری دووەم:چەمک وپێکهاتەی کۆمەڵگە

تەوەری سێیەم:ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا

تەوەری چوارەم:چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی ڕەهەندی:-

١.فەلسەفییەوە.

٢.ئابوورییەوە.

٣.ئایینییەوە.

٤.تیۆری مارکسیەوە.

٥.لۆجیکییەوە.

## بەشی یەکەم

## میتۆدی کۆمەڵایەتی ورەهەندەکانی

### تەوەری یەکەم

### چەمک و پێناسەی میتۆدی کۆمەڵایەتی

لەبارەی چەمک و پێناسەی میتۆدی کۆمەڵایەتی زۆر شت نووسراوە لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگران و توێژەرانەوە هەریەک لەڕوانگە و تێگەیشتنی خۆیەوە پێناسەی بۆ کردووە .میتۆدی کۆمەڵایەتی زۆر بابەت لەخۆ دەگرێت، چونکە هەڵقولاوی کۆمەڵگەیە لە زۆر لایەنەوە و ئەدیب زادەی کۆمەڵگەکەیەتی بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەیە و ئەو بەرهەمانەش، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەیە نرخ و بایەخ و چێژی زیاترە لای خوێنەر و تەمەنی درێژترو جەماوەری زۆرترە.

یەکەم ڕەخنەگر، کە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی داوە فەیلەسوفی یۆنانی " (ئەفلاتون)ە بەو پێیەی پێوەرێکە بۆ پەسەندکردنی شیعر. شاعیرەکانی لە کۆمارە نمونەییەکەیدا دەرکرد، چونکە ڕەوشت تێک دەدەن، بەڵام ئەوانەی بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی جەنگاوەرەکان شیعر دەنووسن، دەبێت زۆر ڕێزیان لێ بگیرێت، ئەمەش تێڕوانینکی کۆمەڵایەتییانەیە بۆ ئەدەب" (خلیل ، ٢٠١٧: ٩٦) بەڵام لە سەردەمی نوێدا میتۆدی کۆمەڵایەتی هەوڵە سەرەتاییەکانی دەستپێکرد وەکو پرۆگرام "لەو کاتەوەی (مادام دی ستایل)کتێبەکەی(ئەدەب لە پەیوەندییی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتییەکاندا) لەساڵی ١٨٠٠، بڵاوکرایەوە بەو شێوەیە ئەو بنەمایەی بەفەرەنسا ناساند، کە ئەدەب دەربڕینی کۆمەڵگەیە ئەو شیکردنەوانەی ، کە ڕەخنەگر(هیپۆلت تین)لە کتێبەکەی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی ) لەساڵی ١٨٦٣، دا لە خۆی گرت دەتوانرێت وەک یەکێک لە دیارترین بەکارهێنەرەکان هەژماربکرێت، کە نوێنەرایەتی میتۆدی کۆمەڵایەتی دەکات لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ئەدەبدا"(هویدي، ٢٠١٥ :١٠٠-١٠١) ( هیبۆلیت تین١٨٢٨-١٨٩٧ز) گەورە ڕەخنەگری فەرەنسی "زیرەکیی گەڕاندوەتەوە بۆ سێ هۆکار کە بریتین: لە ژینگەو کات و ڕەگەز (الجنس) : ئەم هۆکارانەش لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بێبەش نین، چونکە ژینگەی هەر نوسەرێک یاخود هەر شاعیرێک کۆمەڵگەکەیەتی"(خلیل، ٢٠١٧: ٩٧) مەبەست لەم بنەمایانەی، کە (تین)داناوە هەمووی پەیوەستە بە فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە لە بەر ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی ژینگەوە تایبەتمەندی وسیفەتی تایبەت بە خۆی هەیە چ لە ڕووی شوێنی جوگرافی وکەش وهەوا ...هتد هەروەها سەبارەت بە کات، هەر کۆمەڵگەیەک مێژووی وکات وسەردەمی هەیە وبە قۆناغی

جۆراوجۆر تێپەڕیوە بێ گومان ئەم کات وسەردەمانەش بێ کێشە ورووداو نەبووە وکاریگەری نەبێت بە سەر ئەدیب، یان شاعیر بەهەمان شێوە ڕەگەزیش ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە، کە لە کۆمەڵگە بوونی هەیە شاعیریش وەکو ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە سیفەتە بۆماوەییەکان وەردەگرێت هەموو ئەم بنەمایان وکاریگەرییەکانی لای شاعیر لە بەرهەمەکانی ڕەنگدەداتەوە.

هەروەها (جورج لوکاش ١٨٨٥-١٩٧٤ز) ڕەخنەگری مارکسی خاوەن چەندین بەرهەمی ئەدەبییە دەربارەی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب لەوانە"تیۆری ڕۆمان کە لە ساڵی ١٩١٥ نووسیویەتی ولە ساڵی ١٩٢٠ز لە برلین بڵاوی کردۆتەوە کاریگەری گرنگی هەبووە لەم میتۆدەدا هەروەها کتێبێکی تری دەربارەی پەیوەندی بەرهەمی ئەدەبی بە کۆمەڵگەوە نووسیوە بە ناوی ڕۆمانی مێژوویی ساڵی ١٩٣٧ز.ئەم جارە جۆری ئەدەبی پەیوەست کردووە بە پێشکەوتنی ئابووری وکۆمەڵایەتی کە لە سایەیدا هاتووەتە بەرهەم"(موسی،٢٠١١ :٩٦_٩٧) ئاشکرایە، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی  بە سروشتی درووستبوونی زۆرجار پێشکەوتن لە ڕووی  کۆمەڵایەتی وئابوورییەوە بە خۆوە دەبینێت، کە  لە بەرهەمەکەی ئەدیب ڕنگدەداتەوە (لۆکاش) بایەخی زۆری داوە بە"ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمە ئەدەبییەکان دواتر بەشێوە هونەرییەکەی هەروەها بانگەشەی دەکرد، کە پێویستە ئەم کارانە گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵایەتی بکەن، کە لە دەوروبەری ئەدیبەو پابەندبوونی بەکاروباری چینی کرێکاران بەپلەی یەکەم"(عوض، ٢٠٠٣:١٣٠)واتە(لوکاش) ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە بە هەموو لایەنییەکانییەوە بە تایبەت مافی چینی کرێکار، کە چینی هەژار وچەوساوەی کۆمەڵگەیە لە سەروو مەرجەکانی بەرهەمی ئەدەبی سەرکەوتوو داناوە  بانگەشەی (لوکاش)بۆ مافی کرێکاران لە هەمان کاتدا یەکێک بووە لە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری مارکسی، کە خودی (لوکاش) هەڵگری ئەو بیر وباوەڕە بووە دیارترین ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لەفەرەنسا"(لوسیان غولدمان)ە داهێنەری هەردووکتێبی(خواوەندی شاراوە)، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ بۆچوونی کارەساتبار بۆ (تێروانینەکانی)(باسکال وشانۆی راسین  ١٩٥٥) وکتێبی (لە پێناو سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان ١٩٤٦)"(موریل،٢٠٠٣: ٦٤)(غۆڵدمان )لە بارەی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی"جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە لە ئەدەب تێدەگەیت لە میانەی کۆمەڵگەوە،ولە کۆمەڵگە تێدەگەین لە ڕێگەی ئەدەبەوە"(موسی، ١٠٣:٢٠١١) واتە بەرهەمە ئەدەبییەکان ناسنامەی کۆمەڵگەیە، چونکە بەرجەستەی ئەو ڕووداو وداب ونەریت ودیاردە کۆمەڵایەتی...هتد دەکات، کە لە کۆمەڵگەیە واتە وێنەیەک پێشکەش بە خوێنەر دەکات دەربارەی کۆمەڵگە بەڕای (مارکس)"ئەدەب سەر بە هێزی ئابووری وئایدۆلۆژییە وهیچ بەهایەکی هونەری بنەڕەتی یاخود سەربەخۆیی نییە"(مەعروف، ٢٨:٢٠١٢) لەم وتەیەی (مارکس) دا هیچ بایەخ وگرنگییەک بۆ بنەماکانی تری بەرهەمی ئەدەبی دانانێت لە ڕووی داهێنان وخەیاڵ...هتد واتە هەمووی دەباتەوە سەر لایەنی ئابووری، کە بنەمای

تیـۆرەکەیەتی هەروەها(میخائیـل بـاختین١٨٩٥-١٩٧٥ز) ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە لە میتـۆدی کۆمەڵایەتی بەوەی لە زمانی دەقی ئەدەبی دەکۆڵییەوە دەڵێت: "زمانی میللی وقسـەکردن وگفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانە خودان مێژوویەکی دێرین ودوور ودرێژە چونکە دەتوانین لێرەوە پەی بەو کێشـە کۆنانەی نێوان خێڵەکان هەروەها رۆشنبیری وقسەکردنەکانی کۆن ببەین"(تادييه، ١٩٩٣: ٢٤٦) واتە لە ڕیگەی زمانی دەقەوە مێژوو وئاستی ڕۆشنبیری سـەردەمانی کۆن بزانین چونکە ئەدیب زمـانی ئەو سـەردەمە بەکاردێنێـت، کە تیایـدا ژیـاوە واتە زمـانەکە دەبێـتە بەڵـگەی مێژوویـی بـۆ مێژووی کۆمەلگە ووردەکارییەکانی(باختین) بۆچوونەکانە دەربارەی ڕۆمـان بنیات نـاوە لە سـەر بنەمای "شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان وواقیعی کۆمەڵایەتی وئابووری"(عباسي،٢٠١٢: ٤٤)

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سۆسیۆلۆجی دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنێکیـان"کار لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتییە دەکات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکە دێنێتە کایەوە (لایەنەکەی تر) بەهـۆی کارە ئەدەبییـەکەوە ڕێگـای هاتنەپێشـەوەی هەل و مەرجە کـۆمەڵایەتییەکە خـۆش دەکـا (مەبەسـت لێـی کـاریگەری ئەدەبە لە خـوێنەر وکۆمەڵ هەردوو ڕواڵەتەکە لێک نـزیکن و لەواقیعـی کاریشـدا لەزۆر لایەنەوە پابەنـدی هەل ومەرجی یەکتـرین "(هـالبێرگ و دانەرانی تر ، ٢٠١٨ : ١٦٢-١٦٣) لەم بۆچـوونەدا ئامـاژەی بەدوو ڕووی دەقـی ئەدەبـی داوە لە ڕوانـگەی کـۆمەڵایەتییەوە یەکێکیـان بـریتییە لەو بـارودۆخە کـۆمەڵایەتییەی، کە بەرهەمەکە دێنێـتە کـایەوەو لایەنێکـی تـری بـریتییە لەو بەرهەمە ئەدەبییەی، کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە دەیهێنێتە کایەوە لە کۆمەڵگەدا ،چونکە بەدرێژایی مێژووی ئەدەب زۆر بەرهەم و دەقـی ئەدەبـی هەبـووە کـاردانەوەو کـاریگەری زۆر گەورەی هەبـووە لای تاکەکـانی کـۆمەڵگەو زۆرجـار بـۆتە هـۆی گۆڕانکـاری لە زۆر بـواردا وەکو: کۆمەڵایەتی سیاسـی، ئابووری، ئاینی،..... هتد، چونکە نرخ و جوانی دەقی ئەدەبی لەوەدایە کـاریگەری درووسـت بکات لای خـوێنەر و ببێـتە هانـدەرێک بـۆ درووسـتکردنی گۆڕانکـاری لە کـۆمەڵگەدا"دیراسـەتی لایەنـی کۆمەڵایەتی لە شیعری ئەدیبێکدا لەو پەڕی گرنگییە، چونکە ئەدیب بەو واقیعە کۆمەڵایەتییەوە، کە ژیاوە دەدۆزێتەوە لە میانەی سەیرکردنی ئەو دەقە ئەدەبییەی، کە بەرهەمیهێناوە وئەم جۆرە پشت دەبەسـتێت بە میتـۆدی کـۆمەڵایەتی لە دۆزیـنەوەی ئەو پەیوەنـدییانەی نێـوان ئەدیـب وژیـنگە تایبەتەکەی، کە پەیوەستە بە خانەوادەکەی وشوێنی نیشتەجێبوونی خۆی،وگشتی، کە پەیوندی بەو کۆمەڵگەیە هەیە، کە تیایدا دەژیت"(أبو الرب، ٢٠١١)باشترین ڕەگەزی ئەدەبی، کە میتۆدی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەنجام بدرێت "هونەری ڕۆمانە چونکە گونجاوە لە ڕووی قەبارەوە بۆ خستنەڕووی کێشە وبیرۆکە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگەوە"(مسعود،٢٠٢٠)

بۆیە ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر پێناسە و چەمکی میتۆدی کۆمەڵایەتی نووسراوە لەو پێناسانە، کە باس لە چەمکی میتۆدی کۆمەڵایەتی دەکات ئەم پێناسەیە،کە بریتییە لەوەی " میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایتی یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییە گرنگەکان ئەم میتۆدە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەدەب و کۆمەڵگە بە یەکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتە ڕوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە بە گشتی و نووسەر بە تایبەتییە. بۆیە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوەو هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات و سەرئەنجام ئەدەب بە زادەی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کەوا بەستەی کۆمەڵگایە"(مستەفا، ٢٠١٩: ٢٣٢) واتە شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکات لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە وتاچەند بەرجەستەی ڕووداو وکاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە لە بەرهەمە ئەدەبییەکە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی" لە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە. بە پێی هەرسێ بنەماکانی ئەدەب کەبریتین لە: نووسەر لە ڕووی پیشەو سیمای کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەبی لە ڕووی ئەو بابەتانەوە، کە وەک چارەسەر دەیانخاتەڕوو، جەماوەریش لە ڕووی چۆنییەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبییەکانەوە"(سالح،٢٠١٢: ١٤) ئەم سێ بنەمایە جیانییە لە کۆمەڵگە، چونکە کەسایەتی ئەدیب هەڵقولاوی کۆمەڵگەیە ودەقی ئەدەبی گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات وجەماوەریش کەسانی کۆمەڵگەن، کە بەرهەمەکە دەبیستن یان دەیخوێننەوە وتاچەند کاریگەرن پێوەن، و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تاچەند کاریگەری لە جەماوەر بکات وببێتە هۆی پێشکەوتن وگۆڕانکاری لە کۆمەڵگە تەمەنی درێژتر دەبێت ئەدیب کاتێک دەنووسێت بۆ خوێنەر دەنووسێت "خوێنەر ئامادەیە لە بیری ئەدیب وئامراز وئامانجێتی لە هەمان کاتدا، چونکە ئەدەب لە هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەو وێنە کۆمەڵایەتییەی، کە کۆمەڵگە ئەنجامی دەدات بە هەموو چین وتوێژەکانییەوە"(أبو الرب، ٢٠١١)

لەو پێناسانەش، کە جەخت دەکاتە سەر ئەو کێشەو بارودۆخانەی کۆمەڵگە ئینجا ئەو بارودۆخانە چ ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی .....هتد بێت. ئەم پێناسەیە"دەتوانین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لەو جۆرە ئەدەبییانە دابنێین، ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری کێشەیەکی ئابووری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات. لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات، کە جێگەی گرنگی و بایەخی ڕای گشتییە لە سەردەمی خۆیدا "(سالح، ٢٠١٢: ١٣) دەربارەی پابەندبوونی ئەدەب بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەم پێناسەیەدا دیارە، کە بریتییە لەوەی"ئەو زانستەیە، کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی"(ئەسوەد، ٢٠١١: ١٢٦) لە میتۆدی کۆمەلایەتی بەرهەمی ئەدەبی بەندە بە گۆڕانکاری لە ژێر خانی بارودۆخی کۆمەڵگە لەو بارەیەوە (کمال مەعروف)

دەڵێت:"ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت نوسەریش بەرهەمەکەی بۆ خودی داناهێنێت، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمی دێنێت لە فەلسەفەی مادی مارکسیدا هەموو کۆمەڵگەیەک دوو بونیاد بەخۆوە دەگرێت، ژێرخانی کۆمەڵ کە بەرهەمی ئابووری دەگرێتەوە سەرخانی کۆمەڵیش وەکو بواری رۆشنبیری و هزری و سیاسی کە رەنگدانەوەی ژێرخانێتی، هەر گۆڕانێک لە هێزی بەرهەمهێنان رووبدات کاریگەری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی هزرەوە دەبێت"(مەعروف، ٢٠١٢ : ٢٣)

لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە لە میتۆدی کۆمەڵایەتی ‌بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاعیر تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیە. دەتوانین بڵێین دەقی ئەدەبی دەبێ رەنگدانەوەی واقیعی کێشەو گرفتی کۆمەڵگەبێت،چونکە شاعیر یان ئەدیب تاکێکە لە کۆمەڵگە. ئەو رەخنانەی، کە لە میتۆدی کۆمەڵایەتی گیراوە: –

١. سووربوونیانە لەسەر ئەو تیرِوانینەی، کە ئەدەب رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەدیبە ( ئەمەش بە تیۆری رەنگدانەوە ناسراوە )، لەکاتێکدا کۆمەڵگە تەنها پاڵنەرێکە، زۆرن ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی سیاقە کۆمەڵایەتییەکانیان تێپەڕاندووە(قەطوس، ٢٠١١ : ٤٣)
٢. مامەڵە لەگەڵ ئەدەب دەکات لە دەرەوە، سەرقاڵ دەبێت بە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی وسیاسی لەدەقەکان، واتە سەرقاڵ دەبێت بە ناوەڕۆک بەبێ شێوە هەرچەندە شێوەیە، ئەوەی ئەدەبە لە نائەدەب جیادەکاتەوە(قصاب، ٢٠٠٩ : ٤٥)
٣. جەخت کردن لە سەر کۆمەڵ و گرنگی نەدان بە تاک( الخطیب، بێ ساڵ : ٢٥٦)

٤.بریار لەسەر کار دەدات بەگوێرەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکرییەکان.واتە بیروباوەری رەخنەگر بریار لەسەرباشی یان خراپی کاری ئەدەبی دەدات(قصاب،٢٠٠٩: ٤٧)

سەرەرای زاراوەی رەخنەی کۆمەڵایەتی"میتۆدی کۆمەڵایەتی لە رەخنەدا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی رەخنەیی گرنگی داهێنا وەک: (هونەر بۆ کۆمەڵە) و (پەیامی ئەدەب ) و( پەیامی هونەر ) و (ئەدەبی پابەند) و (ئەدەبی شۆشگێری ) و(ریالیزمی رەخنەیی) و(ریالیزمی سۆشیالیستی ) "(قەطوس،٢٠١١: ٤٤).

## تەوەری دووەم

## چەمک و پێکهاتەی کۆمەڵگە

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێک دێت کە پێکەوە دەژین لە شوێنێکی دیاری کراو چ لە شار بێت یان لە لادێ. ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە بە گوێرەی هەر کۆمەڵگەیەک چەند تایبەتمەییەکی خۆی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و هەڵسوکەوت .....هتد.

هەموو کۆمەڵگەکان یەک تایبەتمەندیان نییە ڕاستە لە هەندێ لایەن و حاڵەتدا سیفەتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام بە گشتی بەو شێوەنییە بۆ نموونە کۆمەڵگەی شار جیاوازە لە لادێ هەروەها کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی جیاوازە لە ڕۆژئاوایی هەروەها لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە جیاوازیان هەیە، کۆمەڵگە هەیە ژمارەی دانیشتوانی زۆرەو هەیە ژمارەی دانیشتوانی کەمە بنیاتی بوونی هەموو کۆمەڵگەیەک مرۆڤە بە پلەی یەکەم ئینجا پێکهاتەکانی تر بۆیە سەبارەت بە چەمک و پێکهاتەی کۆمەڵگە ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن شارەزایان و کۆمەڵناسان و نووسەران هەر کەس لە ڕوانگەو بۆچونی خۆیەوە بۆ کۆمەڵگە پێناسەی کردوە و جەختی لەسەر لایەنێک کردووە لە ڕووی چەمکی زمانەوانییەوە .

"وشەی کۆمەڵگە بە ڕەچەڵەک لاتینییە (socius) واتای هاوڕێیەو دەستەواژەی هاوڕێ پێکهاتووە لە دوو ڕەچەڵەکی لاتینی (con) ، (pains )، وماناکانیان بریتییە لە خواردن بەیەکەوە یان خواردن دەستەواژەی (society) لە بنەڕەتدا مانای کۆمەڵێکە هاوبەشی یان بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، یان پەیوەندی نێوان کەسانێک پێکەوەن بە ئیرادەی خۆیان بۆ بەشداری کردن لە کاری هاوبەش"(وهبة، ٢٠٠٧ : ٥٧٥-٥٧٦) لەو پێناسانەی تریش، کە دەربارەی کۆمەڵگە کراوە بە گشتی یەکێک لەوانە بریتییە لەوەی کە،"ژمارەیەکە لە خەڵک پێکەوە دەژین" (إلياس، ٢٠١٤ : ٩٧) لەم پێناسەیە نووسەر ئاماژە بە پێکەوە ژیانی کردووە، کە بناغەی کۆمەڵگەیە ،چونکە کۆمەڵگە بەبێ کۆمەڵێک لە خەڵک بوونی نابێت و ناتوانرێت ناوی بنرێت کۆمەڵگە.

چەند پێناسەیەکی تریش دەربارەی کۆمەڵگە کراوە بریتین لەوەی کە"یەکەیەکە لەپەیوەندییە گرێدراوەکان، کە تاکەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بەم مانایە سەیری کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە دەکرێت، کە دەیان ملیۆن کەس لەخۆدەگرێت وەک : فەرەنسا ، وویلایەتە یەکگرتووەکان وبەریتانیا، وەک ئەوەی سەیری گروپە بچوکەکان دەکرێت، کە ڕەنگە ژمارەی تاکەکانی لەدەیان یان سەدان زیاتر نەبێت وەکو کۆمەڵگەکانی ڕاوکردن و دروێنەکردن، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ژیاون هەموو کۆمەڵگەکان بەتایبەتمەندی هاوبەش تایبەتمەندن لەوانەش کە پێکهاتەیەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەندامەکانی ڕێک دەخات و بەپێی ئاراستەی کولتوری

نــاوازەو جیــاواز ڕێکیــان دەخــات"(غـدنز، ٢٠٠٥: ٧٩) بەڵام هەنــدێک تــر پێیــان وایە، کە"کــۆمەڵگە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە و ڕێکوپێکی ناوخۆی بریتیە لە چەندان پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خێزانی و بیروڕای جۆربەجۆرکە لەئەنجامدا لەسـەر کاری مرۆڤ پێکدێن"(یاخوت و سـبیزگین، ٢٠٠٧ :١٨٦)هەروەهـا هەنـدێک تـر لە شـارەزایانی بـواری کۆمەڵناسـی بـاس لەوە دەکەن کە"کۆمەڵگەی مرۆیی بریتییە لە کۆمەڵێک مرۆڤ، کە خاوەنی دەزگای ڕێکخراوی تایبەتی خۆیـانن کاروبار و کێشەی هاوبەشیان هەیە جۆرەها پەیوەندی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە، کەواتە کاتێک کۆمەڵە کەسێک بەئامانج و مەبەستێکی تایبەتەوە لەدەوری یەکتر کۆببنەوەو پەیوەندی نێوانیـان دیارکراوبێت لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگە هاتۆتە کایەوە"(موحسنی، ٢٠٠٢ :٨٥) یاخود بریتییە لە"گرووپێک لە خەڵــکە کە بەهاوبەشـــی دەژیـــن و هەوڵ دەدەن لەڕێـــگەی هاوکـــاری ویارمەتیـــدانی یەکتـــر پێداویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن و بەردەوامی بە وەچەکان ببەخشن"( ووسوقی و خەڵق، ٢٠١٣ : ٨٢) هەر لەو چوارچێـوەیەدا هەنـدێکی تـر لە شـارەزایان پێیـان وایە کە کـۆمەڵگە"کـۆمەڵێکە لە ڕێکخسـتنە کۆمەڵایەتییەکـان، کە لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەون و هاوکاری یەکتر دەکەن بەشـێوەیەکی ئۆرگانیکی بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕێبازێک بۆ پلاندانانی زانستی گشتی لە پێناو گەشـەپێدانی گشتگیر بۆ کۆمەڵگە"(الحسيني، ١٤٢٤-١٤٢٥هـ : ٥٧) یان "چوارچێوەیەکە خەڵک پێکەوە تیایدا دەژین و گوزەران دەکەن و ئەو چوارچێوەیە پێکدێت لە کۆمەڵێک لە یاسـاو ڕێسـا، کە ڕەوشـتی خەڵـک ڕێکـدەخات یـارمەتی یەکتـری دەدەن و کـار دەکەن پـێکەوە لەپێنـاو بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکان"(غريب، ١٩٨٥ :١٣٢) بە هەمـان شـێوە ئەم پێناسـەیەیە کە پێناسـەی کــۆمەڵگە دەکــات بەوەی کە"یەکەیەکــی کــۆمەڵایەتییە پێکهــاتووە لە ڕێکخــراو یــان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکــان بەو پێــیەی لە کۆمەڵێــک تــاک و گــروپ پێکــدێت، کە هەوڵــی بەدەســتهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەدەن لە مانەوەو بەردەوامی ئەمەش تەنها کاتێک دەکرێت، کە پلەیەکی تەواو لە یەکگرتوویی و پەروەردەیی هەبێت، کە ئەم یەکگرتووییە بچەسپێنێت و پشتگیری بکات"(فیاض، ٢٠١٨ : ١١)یـان "کـۆمەڵگە کـۆی ئەو پەیوەنـدییە مرۆییـانەیە کە لەنێـوان تاکەکـان دادەمەزرێ"(وسـوقی وخەلق،٢٠١٣ :٨٣)

لەم پێناسـانەی سـەرەوە، کە ئاماژەمـان پێدا دەردەکەوێت، کە هەر پێناسـەیەک بە جۆرێک کراوە لەلایەن بیرمەند وزانایان ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ڕاوبۆچوون و ئاستی تێگەیشتنی و باری کۆمەڵایەتی کەسـەکە ،چـونکە بـارودۆخی کۆمەڵایەتی هەر تاکێک بە ڕاستەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ کـاریگەری خـۆی دەبێـت لەسـەر ڕاوبۆچـونی تـاک لە کـۆمەڵگەدا، چـونکە مـرۆڤ بەبـێ کـۆمەڵگە ئەستەمە بژێت بەشێوەیەکی تەندروست و ڕێک لە هەموو ڕوویەکەوە بۆیە ناتوانین پێناسـەیەک بە باشـتر یـان ڕاسـتر لەویتـر بـزانین، بەڵام دەتـوانین بڵێین کـۆمەڵگە شـوێنی هەڵسـوکەوت و ژیـانی تاکەکانە بە گشتی و هانیان دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جۆراوجۆر.

ســەبارەت بە پێکهــاتەی کــۆمەلگە، کە بنــاغەی ســەرەکیی مــرۆڤە لەلایەن شــارەزایانی کۆمەڵناسـی ڕاوبۆچـوونی جیـاواز هەیە هەریەکەو چەند بنەمـاو پرەنسـیپێکی دانـاوە بـۆ پێکهـاتەی کۆمەڵگە، کە جیاوازە لەویتر ئەمەش لەلایەن شـارەزایان و نووسـەران و کۆمەڵناسـان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی خراوەتە ڕوو یەکێک لەو پێکهاتانە:-

١. ژینگەی سروشـتی ، کە ئەو چوارچێوەیە کە پێناسـەی کـۆمەڵگە دەکـات (هەمـوو هەلـومەرجە سروشتیەکانی ناو ژینگە دەگرێتەوە وەکو(کەش و هەوا، خـاک، کانزاکـان، دارسـتانەکان، زەوی .....هتد)
٢. ژیــنگەی کــۆمەڵایەتی: ئەو کەشــو هەوایەیە، کە ئەنــدامانی کــۆمەڵگە تێیــدا دەژین(گروپــی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراو، دامەزراوە، گروپ، پرۆژەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.
٣. پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی:بـریتین لەو پرۆســەو کارلێکــانەی کەلەئەنجــامی کــارلێکی تاکەکــان لەژینگەی سورشتی و کۆمەڵایەتیەکاندا دروست دەبن.
٤. سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان: کۆمەڵێک ئامرازە کە چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست دەهێنن (قراعة،١٤٢٩هـ)

کەچـی زانـاو فەیلەسـوفی بەناوبانگ ئەڵمانی(کـارل مـارکس ) پێی وایە"کۆمەڵ وەک پێکهـاتەو دامەزراوێـک لە چـین و دەسـتەی جیـاواز پێکهـاتووە کە سـوودو قـازانجی جیـاواز و پلەو پـایەی جیاوازیان هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا"(عەزیز، ٢٠٠٦ : ١٣٧)
لەم بۆچـونەی (مـارکس ) دەردەکەوێـت، کە چیـنە کۆمەڵایەتییەکـانی بە بنـاغەی کـۆمەڵگە دانـاوە چینەکانیش جیاوازە لە هەر کۆمەڵگەیەک، بەڵام بە گشتی زیاتر بریتییە لە چینی پرۆلیتالیا و چینی دەسەڵاتدار (مارکس ) بۆچونەکەی زیاتر بەستۆتەوە بە لایەنی ئابوورییەوە، چونکە هۆکاری مـادی فـاکتەری ســەرەکیە لەگەڵ چەنـد فـاکتەرێکی تــر کە لە دروســت کردنــی کــۆمەڵگە و پرۆســەی بەرهەمهێنان بەندە بە لایەنی ماددی و ئابووری.

بە بۆچوونی فەیلەسـوفی ئەمریکی (تـالکوت بارسـونز ١٩٠٢-١٩٧٩ز) کۆمەڵگە"پێکهـاتووە لە کۆمەڵێک سیستەم، کە کار لە یەکتر دەکەن ئەمەش ڕێژەیەکی سەقامگیری پێدەبەخشێت و یەکەکان تاکەکـان ملکەچی کۆمەڵێک لە میکانیزمی کۆنترۆڵکردنە کۆمەڵایەتییەکان دەکـات، کە کـار دەکـات لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵگە بەبێ هەڵوەشاندنەوە"(صیام، ٢٠٠٩ : ٥٩) ئەم بۆچوونەی (بارسـونز)، کە سیسـتەم بە پێکهـاتەی کۆمەڵگە دانـاوە شـێوەکان تاکەکـان ناچـار دەکەن پابەنـد بـن بەو ڕێکخسـتنە

کۆمەڵایەتیانەی، کە کۆمەڵگە بەیەکبوونی دەهێڵێتەوە نەک بە پەرتەوازەیی لەگەڵ چەند بۆچوونێک دیکە دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگە، کە بریتییە لەوەی"کۆمەڵگە لە کۆمەڵە خەڵکێکی گەورە پێکدێت کە بەشێوەیەکی جەوهەری لێکتر جیاوازن"(یاخوت و سبیزگین، ٢٠٠٧: ٢٣٦)

لێرەدا ئاماژە بەجیاوازی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵگە دەکات، کە جیاوازیش بێ گومان زۆر لایەن دەگرێتەوە لەڕووی( ڕۆشنبیری و ئابووری و ئاینی ....هتد )،کە هەر کەسێک بەئاشکرا دەتوانێت ئەم جیاوازییە بەدی بکات و ئەم جیاوازیەش بێ گومان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت و بۆ چونێکی تر، کە بریتییە لە وەی"کۆمەڵگە لەو خەڵکە پێک دێت، کە بەرهەمهێنانی مادی و روحی دێننە دێ و لەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان وئابووری و کۆمەڵایەتی پێکدێت کە لەسەر بناغەی ئەم بەرهەمهێنانە دروست دەبن و پەیوەندی چینایەتی و نەتەوەیی و خێزانیش دەگرنەوە هەروەها کۆمەڵگە لەپەیوەندییە سیاسییەکان و دواجار لە بواری روحی ژیانی خەڵک پێک دێت، واتە زانست و فەلسەفە و هونەرو ڕەوشتو...تاد"(هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٧: ١٨٦) لەم بۆچوونەدا لایەنی وەبەرهێنان وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵگە دادەنرێت.

لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەردەکەوێت، کە تاک بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە لەبەر ئەو لێهاتووەی، کە هەیەتی لە ڕووی هێزی عەقڵی وجەستەیی کۆمەڵگە بەبێ تاک بوونی نابێت هەرچەندە مەرجە پێویستییەکانی تر بەدەست بهێنرێت وەکو لایەنی ئابووری ومرۆیی وکۆمەڵایەتی٠ تاک خێزان درووست دەکات و خێزان کۆمەڵگە درووست دەکات ئەم پرۆسەیە پێویستی بە فاکتەری جۆراوجۆرە، چونکە پرۆسەی بونیاتنانی کۆمەڵگە وەکو شێوەی زنجیرەیی وایە بەبێ بوونی یەکێک لە پیکهاتەکان درووست کردنەکە ئەستەمە ڕوودات.

## تەوەری سێیەم

## ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا

مرۆڤ لە کۆمەڵگە لە توانایدایە ئەرک و ڕۆڵی جۆراوجۆر بگێڕێت لەهەموو بوارەکاندا، چونکە لە کۆمەڵگە بە هەزارەها دیاردە و ئەرک هەیە ئەگەر مرۆڤ ئەنجامی نەدات جێبەجێ نابێت مرۆڤ خۆی توانای خۆی هەڵدەسەنگێنێ و سیفاتی مرۆڤایەتی بەخۆی دەبەخشێ بەو پێیەی خاوەنی هۆشی خۆیەتی و لەهەموو گیانلەبەرەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە بوونیان هەیە مرۆڤ بەرهەمی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییەیە، کە تیای پەروەردە بووە و گەشەی تیا کردووە.

مرۆڤ پەیوەستە بە کۆمەڵێ هەست و هۆشەوە ئەو شتانە دەجوڵێنن کە ڕووە مرۆڤایەتیەکەی دەربخات وای لێ بکات کۆمەڵ و پەیوەندی بە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەیەوە بکات

لەپێناوی بەهای مرۆڤایەتیدا ژیانی مرۆڤ وەستا و بێ جووڵە نییە، بەڵکو ڕەوشی ژیان وای لێ کردووە، کەبەرەو گۆڕانکاری و پێشکەوتن بڕوات و کاروانی مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو پێش بەرێت و ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە. هەموو کۆمەڵگەیەک لە دوو بەرەی دژبەیەک درووست بووە بەرەیەکی کۆنە خوازوو بەرەیەکی پێشکەوتنخواز. کۆنەخوازەکە بەرگری لەبەها کۆنەکە دەکات دژی شارستانییەت و نوێ خوازییە و بەرەکەی تریش داوای گۆڕانکاری و خۆ نوێکردنەوە و بەرەو پێش چوون دەکات. دیارە بەهۆی ئەو ناکۆکی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەی، کەهەیە هەموو کۆمەڵگەیەک دەبێ لەو قاوغەی خۆیان بێنە دەرێ و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەو ئاڕاستەیەدا بەرن، کە سوودی تاکی کۆمەڵگەی تێدایەو تاکیش نوێنەری کۆمەڵەکە دەبێ بەرەو ئارامبوون و یەکسانی و دادپەروەری بڕوات.

"مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەرک و فرمانی دیاریکراوی کەوتۆتە سەر شان و ئەستۆ، ئۆباڵی چالاکی دەستنیشانکراو دەکێشێ، ژیانیشی ئامانجی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە (بەختەوەری )، دوور ناڕۆین کە بڵێین سەرکەوتن، لەشساغی، ماڵ و ژن و پارە و پووڵ و دراوو دارایی و سامان و چاکەکاری خۆشی لە خۆیدا چەند ناوێکی هەمان مەبەست و ناوەڕۆکیان تێدا نیشان دەدرێت کە دەکرێ بە دەست هێنان و پێگەیشتنیان بە وشەیەک پێناسە بکرێت، کە ئەمەیە بەختەوەری"(عەزیز، ٢٠٠٧ :٩٥_٩٤) لەم وتەیەدا ئەرکی مرۆڤی بەستۆتەوە بە هەموو ئامانجەکانی ژیان، کە هەموو تاکێک بە خۆرسکی هەوڵی بۆ دەدا.

بۆیە سەبارەت بە ڕۆڵی مرۆڤ قسەو باس زۆر کراوە لەلایەن نووسەرانەوە لەوانە گەورە زانای کۆمەڵناسی ئینگلیزی(ئەنتۆنی غدنز ) پێی وایە"لەڕێی پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵایەتی تاکەکان فێری ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەبن، کە خۆی پێشبینیەکی کۆمەڵایەتی ناسراوە، کە پێشبینی دەکرێت تاکەکان ئەنجامی بدەن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دیاری کراوەکان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پزیشک بۆ نموونە پێکدێت لە سیستەمێک لە شێوازەکانی ڕەوشت، کە پزیشکەکان بەرجەستەی دەکەن"(غدنز، ٢٠٠٥ : ٨٩) بە پێی ئەم بۆچوونە هەر تاکێک ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت، کە تایبەتە بە ئیشەکەی خۆی، بەلام فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئینگلز،١٨٢٠-١٨٩٥ز) پێی وایە کە،"ڕۆڵەکان ناتوانرێت شیبکرێتەوە تەنها لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی دەرەکیی دەوروبەری پیشەکە (واتە بارودۆخی پەیوەست بە بنیاتی کۆمەڵایەتی)، بەڵکو دەبێ شیبکرێتەوە لە بەررۆشنایی سروشتی کەسایەتی تاک"(إنگلز، ١٩٨٣ : ١١٩) لەم بۆچوونەی (ئینگلز ) دا جۆری کەسایەتی دەکاتە پێوەر بۆ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەهەر کۆمەڵگەیەک، چونکە هەندێ پێوەری تایبەت بۆ هەر کەسێک دیاری کراوە بەبێ داب و نەریت و عەقڵیەتی کۆمەڵگەکە هەروەها شێوەی پەروەردەی تاک وهەندێ سیفاتی بۆماوەیی بەشدارە لە شێوەی پێگەیاندنی کەسایەتی مرۆڤ.

ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر و بەپێی هەندێ مەرج لەنێو تاکەکاندا دابەش دەکرێن"کۆنترین پێوەرەکانی جیاکردنەوەی ڕۆڵ لەنێو ئەندامەکانی کۆمەڵگە، دابەشکردنی ڕۆڵ لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز و بارودۆخی کۆمەڵایەتی تاکەکەسە"(وسووقی و خولق، ٢٠١٣ :٢٢٦) ناوەڕۆکی ڕۆڵ بەپێی بارودۆخ دەگۆڕێت بۆ نموونە"ڕۆڵی دایک (واتا ئەو ئەرک و کردانەی کە ڕۆڵ پێکدەهێنن) بە ژمارەو تەمەنی منداڵان دەگۆڕێت، کۆی ئەمانەش کاریگەریی لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی ڕۆڵ و ئەرکی دایکانە دەکات، هەروەها ناوەڕۆکی ڕۆڵی پیشەیی بە گۆڕانی پێگەو شوێنی تاک لە سیستمی پیشەیی دەگۆڕێت"(معایته،٢٠١٣ :٣٣١) دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە دیاردەیەکی زەقە، کە بەهۆی هەندێ هۆکارو بارودۆخ دابەش دەکرێت بەپێی ڕەچاوکردنی پێوەرەکان، کە ئاماژەمان پێدا، بەڵام هەندێ وا دەبینن، کە"دابەشکردنی کار لە کەسایەتی مرۆڤایەتیی کەم دەکاتەوە، چونکە لەسەردەمەکانی پێشوودا مرۆڤ تاکە پسپۆڕ بووە، کە لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، یان هاوکاریی کەسانی دەوروبەری خۆی کردووە، واتا سەربەخۆیی تەواوی لە کارەکەیدا هەبووە، بەڵام لەم سەردەمەدا مرۆڤ تەنیا بۆتە بەشێک لە ئامێرێکی قەبەو زەبەلاح، کە بەرهەمی کۆمەڵایەتی پێ دێتەدی، واتا هەست بەخۆی ناکات وەک مرۆڤ، تەنانەت بەو ڕۆڵەی، کە دەیبینێت پشت بە خۆی نابەستێت، یان لە ژیانیدا هەست بەبەری ڕەنجی ماندوو بوونەکەی ناکات"(زەکەریا، ٢٠٢٠ : ١٣٠)

هەر ڕۆڵێک دەبێ بارودۆخی تایبەت وگونجاوی بۆ بڕەخسێت بۆ بە جێبهێنان"بۆ هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوی هەیە دەگونجێت لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە ئەنجامی دەدات"(الحسيني، ١٤٢٤-١٤٢٥ هـ : ١٤٨) واتە گرنگی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەدات لە ئەنجامدانی ڕۆڵ نەک جۆری کەسایەتی و ئامانجەکانی ژیان یان جۆری پیشەکە،بەڵام (فەیلەسوفی ئەڵمانی ماکس فیبر) هەر ڕۆڵێک بە ڕۆڵ ژمار ناکات ئەگەر واتایەکی دیاری کراوی نەبێ و کاردانەوە لە کۆمەڵگە درووست ناکات"کار نابێتە کارێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر لە خودی خۆیدا مانا، یان ئامانجێک هەڵنەگرتبێت و کاریگەری لە ڕەوشتی ئەوانی تر بکات، کە لەگەڵی دەژین لە خودی کۆمەڵگەکە واتە پەیوەندی کاریگەری و کاریگەربوون هەیە لە چوارچێوەی کارلێکردن کۆمەڵایەتی و بە گوزارشتێکی تر تاک کاریگەری دەکاتە کۆمەڵگەکەی بە کارو ڕەوشت و کردەوەکانی و لەهەمان کاتدا کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت لەسەر ئاستی یاسایی و دامەزراوەیی" (الحمداوي، ٢٠١٥ :١٢٠) هەر وەک لێرەوە دەبینین، کە ڕۆڵی جیاواز بۆ مرۆڤ دیاری کراوە لە کۆمەڵگەدا بۆیە ناتوانین یەکێکیان بە گونجاو و ڕاستر دابنێین، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگە بریتییە لە ئەنجامدانی ڕۆڵ و ئەرکەکانی بەشێوەیەکی گونجاو و ئەم ڕۆڵەش هەندێ

جار لەوانەیە خراپ بێت یان باش ئەگەر لەڕووی جۆری کەسایەتییەوە سەیر بکرێت، چونکە دەزانین جۆری کەسایەتی مرۆڤەکان جیاوازە تەنانەت هەندێ جار لەناو یەک خێزانیشدا.

## تەوەری چوارەم

## چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی ڕەهەندی

### ١-فەلسەفییەوە

فەلسەفە زانستێکی کۆن و دێرینە لە زۆربەی بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری مرۆڤی کۆڵیوەتەوە بابەتی کۆمەڵگەش بێبەش نەبووە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان.ڕاوبۆچوون و دیدی فەیلەسووف و قوتابخانە فەلسەفییە بەناوبانگەکانی بواری فەلسەفی هەریەکە بە شێوازێک ڕاو بیری خۆی دەربڕیوە بەرانبەر کۆمەڵگە و پیشکەوتن و کێشەو گرفت و چارەسەرەکانی(فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتون) (٤٢٧ – ٣٤٧ پ.ز) کۆمەڵگە بەجەستەی مرۆڤ دەچوێنێ وبەگوێرەی ئەو چواندنە دابەشی دەکات بەسەر سێ بەشدا:-

١. سەر مەبەستی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگا و کار بەدەستەکانن.
٢. دڵ یان سینگ . هێزی سەربازی و سوپاییەکانن، کە ئاسایشی کۆمەڵگا دەپارێزن.
٣. زگ (یان جگەر) ئەو کەسانەی کار بۆ ئامادەکردنی پێداویستییە کشتوکاڵی یان پیشەسازییەکانی خەڵک دەکەن(موحسنی،٢٠٠٥ :٨٣) لەبارەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی چەند بنەمایەکی داناوە لەوانە دەڵێت:"داد و دادپەروەری گەوهەری ژیانەو مەبەستی سەرەکی پرۆسەی سیاسییە و ئەوپەیوەست و شیرازەیەیە کە ساغی و توند و تۆڵی کۆمەڵ ڕاگیر دەکات، دەبێتە مایەی ئەوەی وەک ئۆرگان و پێکهاتەیەک ڕۆڵ و دەوری سەرەکی خۆی لە ژیانی ئەندامانیدا بگێڕێ"(عەزیز،٢٠٠٦ :١٣٤) پێی وایە"دادپەروەری ئەو کاتە لە کۆمەڵگادا دەچەسپێ کە خەڵک بەدوای تەماع و زێترخوازیدا نەگەڕێن و قەناعەت بە ژیانی سادەی خۆیان بکەن ئەگەر وانەبێ گرووپێک دەست بەسەر زەویی ئەوانی تردا دەگرن و بوار بۆ سەرهەڵدانی شەڕ دەرەخسێ. لەهەر شارێکدا، دانیشتوان بۆ دوو دەستە دابەش دەبن: هەژار ودەوڵەمەندەکان، دوژمنایەتییەکی هەمیشەیش لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا دروست دەبێت" (موحسنی، ٢٠٠٥: ٨٣ )

ئەم بۆچوونەی (ئەفلاتوون ) بانگەشەکردنە بۆ دادپەروەری ودانانی دادپەروەرییە بە شادەماری ئارامی کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر دادپەروەری نەبێت کێشە زۆر دەبێت چ لە لایەنی (کۆمەڵایەتی یان ئابووری ...هتد )نادادپەروەری جیاوازی چینایەتی دروست دەکات لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە.

فەیلەسووفی عەرەبی (جاحظ، ١٥٩-٢٥٥ هـ ) یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی، کە پێی وایە"ئەو بنیاتەی، کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لەسەری بنیات دەنرێت لە کۆنەوە تا ئێستا دەمێنێت تا (رۆژی قیامەت) پێویستی خەڵکە بۆ یەکتری (ئەم پێویستییەیە، کە هانیان دەدات بۆ هاوکاری لەنێوان خۆیاندا لەسەر گەیشتن بەوەی، کە دەیانژێنێت و زیندوویان دەکاتەوە و زانینی ئەوەی، کە زەرەریان دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لێی پێویستی خەڵک بۆ یەکتری کورت نابێتەوە سەر منداڵانی یەک خێزان بەتەنیا یان یەک دێ یان یەک شار یان یەک میللەت لەسەردەمێک لەسەردەمەکان، بەڵام هەمووو ئەوانە تێدەپەڕێنێت بۆ میللەتانی ترو لەسەردەمە جیاوازەکان"(بوملحم، ١٩٨٨ : ٢٦٩)(جاحظ) پێویستی خەڵک بۆ یەکتری بە بنەمای مانەوەی کۆمەڵگە داناوە، چونکە دەبێتە هۆی هاوکاری لەنێوان خۆیاندا بۆ یارمەتی دانی یەکترو گەیشتن بە ئامانجەکان و لەیەک بازنە کورتی ناکاتەوە، بەڵکو پێی وایە دەگوازێتەوە لەسەردەمەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر.

کەچی فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگل(١٧٧٠-١٨٣١ز) پێی وایە کۆمەڵگە"بریتییە لە دوو گرووپی نایەکسان. گروپێک ئەوانەن کە زیاتر لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی ئابووریدا پێکهاتوون و گروپەکەی دیکە ئەوانەن کە ئەرکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیستمە مەدەنییەکانیان لەئەستۆیە، بێ ئەوەی پێویست بکا لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن و پێکەوە بگونجێن"(دامەزراوەی میهەن، ٢٠٠٦ : ٢٥) زانای کۆمەڵناس و فەیلەسووفی فەرەنسی (ئیمێل دورگایم ) (١٨٩٨-١٩١٧ز) پێی وایە کۆمەڵگە پێک دێت لە :-

١-سستەم یان یاسا کۆمەڵایەتییەکان. سیستەم و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە خودی خۆیدا لە کۆمەڵێک لە یاسای ڕاگرتنی ڕەوشت بۆ بەجێهێنانی ئامانجی دەزگای کۆمەڵایەتی زیاتر نییە.
٢ -دیاردەکان، یان واقیعە کۆمەڵایەتییەکان. جۆرێکە لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە دووبارەکراوەکان تاکەکانی کۆمەڵگە هەستی پێ دەکەن.
٣-هێزە عەقڵی، یان فکری، یان ڕەوتە فیکرییە ڕۆشنبیرییەکان، کۆنترۆڵی ڕەفتار یان کردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات(الغريب، ٢٠١٢ :١٤١)

(دورگایم ) زیاتر جەختی کردوەتە سەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگە(ئەمیل دورگایم) دەڵێت:"کۆمەڵگە کاروباری بچووکی هەیە هەروەها کاروباری گەورەی هەیە و مەرجە خۆشمان بوێ و ڕێزی لێ بگرین وێنای بکەین بە پێچەوانەی، کە هەیە، چونکە ئەگەر وابوو ناتوانین خۆشمان بوێت یان ڕێزی لێ بگرین تەنها تەواو نەبێت (تەواوبونێکی

نمونەیی)"(دورگایم،١٩٦٦ :١٣٠) لەم وتەیەی (دورگایم) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نابێت بەگوێرەی کاروباری کۆمەڵگە رێز لە کۆمەڵگە بگیرێت، چونکە کاروباری کۆمەڵگ جیاوازە لەهەر حاڵەت و شێوەیەک دەبێت تاک بە چاوێکی بەرزەوە سەیری کۆمەڵگەکەی بکات لەنرخی کەم نەکاتەوە.

هەروەهــا فەلســەفەی قوتابخــانەی فرانکفــۆرت چەنــد ئاراســتەیەکی لە خــۆی گرتــووە لەوانە:(ڕۆبـرت مـارکۆز) (١٨٩٨-١٩٨٤ز)"کەبەرجەسـتەدەبێت لە ڕەتکـردنەوەی چەوسـاندنەوە لە کۆمەڵگە وشۆڕشکردن بە سەریدا لەڕێی جەختکردنی لە سەر ڕۆڵی یەکلاکەرەوە وشۆڕشگێری عەقل لەژیانی مرۆڤ وسەیرنەکردنی کۆمەڵگە بە دیدێکی یەک ڕەهەند"(الغریب،٢٠١٢: ٣٩٧) (ئۆگست کۆنـت) پێـی وایە، کە"زانسـت کـۆمەڵگە بەرەو دۆزینـەوەی حەقیقەتـی کۆمەڵگەکـان دەبـات بەوەش ئاستێک بۆ هەموو ئەو وتوێژانە دادەنێت لەبارەی ئەوەی فۆرمی کۆمەڵگە چۆن بێت"(کریب، ٢٠٠٥: ٣٧ ) لەم قسەیەی (کۆنت) دا زانستی بە یەکلاکەرەوە بۆ چۆنیەتی فۆرمی کۆمەڵگە دادەنێت ،چونکە ئاشکرایە کە فۆرمی کۆمەڵگەکان جیاوازە.

لەمیانەی ئەو ڕاو بۆچونانەی، کە خستمانە ڕوو دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی، کە چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی فەلسەفییەوە ڕاوبۆچونی جیاواز لەخۆدەگرێت. واتە هەر فەیلەسوفێک ڕوانگەی تـایبەتی خـۆی بـۆ کـۆمەڵگە هەیە، ئەمەش نیشـاندەری مانـای قـووڵی کـۆمەڵگەیە، بەڵام بە گشـتی کۆمەڵگە بەبەردی بناغەی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت واتە مرۆڤ بەبێ کۆمەڵگە ناتوانیت بژیت، چونکە سروشـتی ژیـانی مـرۆڤ پێویسـتی بەچەنـد شـتێکی بنەرەتییە لە پێویسـتیەکانی ژیـانی مرۆڤـایەتی وەکو بەدەستهێنانی خۆراک و زانست و ئاسایش ....هتد هەموو ئەمانەش لەئەنجامی پێکەوە ژیـانی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا بەدی دێت.

### ٢-لە ڕووی ڕەهەندی ئابوورییەوە

لایەنی ئابووری بوارێکی گرنگە و بنەڕەتییە لە ژیانی هەر تـاک و کۆمەڵگەیەک و بە بڕبڕەی پشـتی کۆمەڵگە دادەنرێت و هەنـدێ جـار دەگـاتە ڕادەی مـانەوەی تـاک یـان کـۆمەڵگەکە بە لایەنـی ئابوورییەوە بەندە، چونکە لە زۆربەی بوارەکان و کاروباری ژیاندا بە لایەنی ماددی نەبێت ئەنجـام نادرێت وەکـو پەیـداکردنی خـۆراک و دەرمـان و جلـو بەرگ .....هتـد .ئەمـانە هەمـووی دیـاردەیەکی ڕۆژانەیە لە ژیانی تاک لە کۆمەڵگە بوونی ئابووری دروست بە یەکێک لە فاکتەرە سـەرەکییەکانی کـۆمەڵگە و دەوڵەتـی سـەرکەوتوو دادەنرێت، کە بـریتیین لە لایەنـی ئاسـایش ومـاددی بـۆ ئەوەی خەڵـکەکەی ئاسـتی گـوزەرانی ژیانیـان بـاش بێـت و بە سـەرفرازی بـژین، چـونکە هەر کەم و کورتییەک لە بواری ئابووری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە هـۆی درووسـت بـوونی کێشـە و ئاڵۆزی و

هەروەها دەبێتە هۆی بوونی نەخوێندەواری وبڵاوبوونەوەی نەخۆشی، کە ئەمانە هەمووی مایەی نەهامەتین بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە. نموونە وەک هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیادا.

هەر بۆیە"بە شێوەیەکی گشتی چالاکی ئابووری یەکێکە لە ڕووەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی هەروەها سیستەمی ئابووری باڵادەست لە هەر کۆمەڵگەیەک بە ڕادەیەکی فراوان کاریگەر دەبێت بە ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵگەیە وسیستەمە سیاسی وئایینی وپەروەردەییەکانی"(الخواجة وعبدالمجيد، ٢٠١٣: ١٢) واتە سیستەمە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەی پرۆسەی ئابووری کۆمەڵگە، چونکە ئاشکرایە هەر کۆمەڵگەیەک خاوەن ڕەوتی ڕۆشنبیری خۆیەتی لە سەر هەموو ئاستەکان لایەنی ماددی دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەری دابەش بکرێت واتە هەموو تاکێک سوودمەند بێت لێی نەک چینێک قازانج بکات و لە ئاستی ژیانێکی خۆشدا بژی و چینێکی تر بە هەژاری، چونکە ئەم حاڵەتە لە زۆر لە کۆمەڵگەکانی دونیا ڕوویداوە و ڕوودەدات، کە لە ئەنجامدا دارمانی کۆمەڵگەکەی لێ کەوتۆتەوە.

بەواتایەکی تر"بوونی ئابووری بابەتێکی پێویستە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە و پاڵپشتیکردنی هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت بژی بەبێ ئابووری کاریگەر بە ڕادەیەکی پێویست بەلایەنی کەم بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییە بنەرەتییەکانی ئابووری یەکێکە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵگە چوارچێوەیەکە، کە ئابووری تیایدا کار دەکات و بەهۆی ئەم پەیوەندییە هەر کۆمەڵگەیەک ئابووری تایبەتی خۆی هەیە و هەر ئابوورییێک ڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی کۆمەلگە و سیفەتە ڕۆشنبیرییەکانی دەکات"(العجلان، ٢٠٢٠) سەروەت وسامانی کۆمەڵگەش لە چەند سەرچاوەیەکەوە درووست دەبێت بۆ نموونە لە کۆمەڵگە کۆنەکان "هەندێکیان لە ڕاوکردن کاری دەکرد و هەندێک لە کۆکردنەوەی خۆراک یان، ئامادەکردنی چەک و ئەو ئامێرانەی، کە لە راوکردن بەکاردێت و پسپۆر بوون لە کاردا بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەکان بەرهەمهێنانیان زیاتر بێت"(والي، ٢٠٠٢-٢٠٠٣: ٣٥٣)

وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، کە لایەنی ئابووری پێویستە لە ژیانی هەر تاکێک بۆیە پاڵنەرێکە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دوای دەسکەوت و قازانجی ماددی بکەوێت بۆ بەرێوەبردنی بارودۆخی ژیانی تایبەتی خۆی گەر ئەمەش ڕووبدات ژیانی کۆمەڵگەکە بە گشتی چاک و خۆش دەبێت، چونکە تاک ئەندامی کۆمەڵگەکەیە. سامانی کۆمەڵگە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە بەکاردێت"بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ماددی و ڕۆحیەکانیان"(حسنين، ١٩٨٥: ١١) پێوەری ماددی مایەی خۆشگوزەرانی تاکە لە کۆمەڵگە هەروەها"دیدی واقیعیەت بۆ مرۆڤ جەخت لەسەر پێویستی

بەردەستبوونی بناغە ماددییەکان دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەمووکەم و کوڕیەک لە سیستەمی ئابوریدا بە پێویستی دەزانێ لە دواییدا گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان بکرێت و کارکردنی کۆمەڵگەکاندا بە ئەرێنی و نەرێنی"(امزیان، ١٩٩١ : ٣٧٤)

وەک دەبینین لایەنی ماددی دەبێتە مایەی ئاسوودەیی و سەرفرازی تاک بەبێ دڵەڕاوکێ کارو چالاکی ئەنجام دەدات بەبێ هیچ بەربەستێک، کە ببێتە مایەی لاوازی، یان پاشگەزبونەوەی لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی وەکو (ئینگلز)دەڵێت:"مرۆڤ دەبێ تێربێ، پۆشتە بێت، جێگای حەوانەوەی هەبێ پێش ئەوەی بتوانی شتێک بکات و بەجۆرێک ڕێک و پێک بێت و بیر بکاتەوە کردار و ڕەفتار و چالاکیی ڕێک و پێک و بەرهەمهێنرانەی مرۆڤ، کە وابوو ئەنجامێکی ناچارەکیی هۆکار و فاکتەری ماددی – ئابوورین یاخود هۆکاری ماددی مایەی چالاکی مرۆڤە. ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەرەتای ژیانی هۆشیارییانەوە ئەوەیە، کە کردار و هەڵویستی مرۆڤ ئیتر بیەوێ پی بزانێ و پی نەزانێ دیاریی و دەستیشان دەکات"(عەزیز، ٢٠٠٦ : ١٣٦)

شایانی باسە هاوکاری هەنگاوێکی سەرەکییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە (ئیبن خەلدون،١٣٣٢ – ١٤٠٦ز)دەڵێت:"مرۆڤ ناتوانێ بەتەنیا کەرەستە بنەڕەتی و پێداویستییەکانی بەدیبێنێت لەو کۆمەڵگەیەی، کە تیایدا دەژیت و هەموو بوونەوەرە مرۆڤایەتییەکان دەبێ هاوکاری یەکتری یەک دانە تاک لە ئادەمیزاد ناتوانێت پێداویستیە خۆراکییەکانی بەدەستبهێنت"(الخواجەوعبدالمجید، ٢٠١٣ :٤٧)

تەنانەت دابەشکردنی کار لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گەشەسەندنی بواری ئابووری"لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە تاک دەتوانێت بەرهەمی زیادبکات بەبێ ئەوەی سەربەخۆ بێت لەکەسانی تر سەرکەوتنی خۆی لەڕێگەی هاوکاریی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگە ئەنجام دەدات" (زکریا و اخرون، ٢٠٠١ : ٣٣٤) هەروەها کۆمەڵناسی و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ماکس فیبر ١٨٦٤-١٩٢٠ز )پێی وایە، کە"ئەستەمە تێگەیشتنی پێشکەوتنی سەرمایەداری تەنها لەبەر ڕۆشنایی هۆکارە ئابوورییەکان، چونکە مانای وایە، کەمکردنەوە لە ڕۆڵی تاکەکان لە دروستکردنی کۆمەڵگە و مێژوو"(أحمد، ٢٠١٥ : ٥٨) واتە ڕۆڵی تاکەکان فاکتەری سەرەکییە لە دروستکردنی کۆمەڵگە لەپاڵ هۆکارە مادییەکاندا.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کە، چەمکی کۆمەڵگە لەڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگە سەرچاوەی سەرەکی بەدیهێنانی ئابوورییە بۆ بەرێوەبردنی کاری وڵات چ لە ڕووی سامانی سروشتی بێت، کە

هەندێ کۆمەڵگە بەپێی شوێنی جوگرافی دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی ئابووری بەهێز و زۆر دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی وڵات یاخود سامانی مرۆیی، کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەدەست دەهێنرێت وەکو ئاستی زانستی تاکەکان و کارامەییان لەهەندێ پیشەدا کۆمەڵگە و وڵات لێیان سوودمەند دەبێت وپێشدەکەوێت ئەم هەموو چالاکی و سەرچاوانە لە گۆڕەپانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات بەبێ کۆمەڵگە ئابووری بوونی نابێت، چونکە سەرچاوەی سروشتی ئەگەر لەلایەن تاکەکانەوە بەرهەم نەهێنرێت سوودی نابێت و بەکارناهێنرێت بۆ مرۆڤایەتی .

## ٣-لە ڕووی ڕەهەندی ئایینییەوە

ئایین لەناو کۆمەڵگەدا جێی خۆی دەکاتەوە لەلایەن پەیڕەوانی و گەشە دەکات و لە زۆر حاڵەتیشدا سوودی بە کۆمەڵگە گەیاندووە، چونکە سەرجەم ئایینەکان جەخت لە سەر چاکەکاری دەکەن. لەو ڕووەوە زانای کۆمەڵناسی و بیرمەندی لوبنانی (خلیل احمد خلیل) پێی وایە، کە لەهەموو سەردەمێکدا"ئایین دیاردەیەکی نموونەییە بۆ هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو"(خلیل، ١٩٨٤ : ١٠٧)

نووسەر وکۆمەڵناسان بە درێژایی مێژوو گرنگی وبایەخیان بە چەمکی کۆمەڵگە داناوە وکاریگەری وڕۆڵی ئایین داوە لەکۆمەڵگەدا،هەریەک بە جۆرێک باسیان لێوە کردووە"ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە، توندو تۆڵ بە قۆناغ و شوێن و کاتی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە بەندە پێویستییەکی ناچاریی مێژووییە و هەردەبوو بوونی هەبێ و هەشبووە"(عەزیز، ٢٠٠٧ : ١٢٩)
وەک دەبینین لەم تێڕوانینەدا ئایینی گرێداوە بە کۆمەڵەوەو مەبەست لێی کۆمەڵانی خەڵکە لە کۆمەڵگە وەک پێویستییەک بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەیان واتە"کۆمەڵگە کلیلی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتن لە ئایین نەک بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی، پرەنسیب و بیروباوەڕ و دیدە ئایینییەکان لە دەقەکانی ئایین وەکو لە شیکردنەوەکانی لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێ لە پێشکەوتنی مێژووییدا، واتە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا"(برکات، ٢٠٠٠ : ٤١٩) لێرەدا تێگەیشتنی ئایینی بە کۆمەڵگەدا گرێداوە، چونکە پێی وایە دەقە ئایینییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە لێی تێدەگەیت وڕوون دەبێتەوە بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بنەما ئاینییەکان ڕووندەکاتەوە کەسایەتی ئەکادیمی سعودی(عبدالله الخريجي)لەتێڕوانینی بۆ پەیوەندی نێوان ئایین وکۆمەڵگە بۆچوونی وایە، کە"ئایین پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکانی دەستنیشان دەکات و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا هەموو چالاکییەکی مرۆیی دەستنیشان دەکرێت لەوانە هەستی تاکەکان و ئاکار و پەرستن و مەراسیمە ئاینییەکانیان و داب ونەریتیان لەمە دەردەکەوێت، کە پرۆگرامی ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەک ئایینەکەیەتی، چونکە لە دیدێکی بیروباوەڕی سەرهەڵداوە و کاریگەرە پێی"(الخريجي، ١٤١٠هـ : ٣٦)

لەم ووتەیەی (عبدالله الخريجي )دا(ئاینی ئیسلام) بەتەوەری ڕێکخستنی پەیوەندی تاکەکان و هەڵسوکەوتیان دادەنرێت"گومان لەوەدانییە، کە ئایین دیاردەو بابەتێکی کۆمەڵایەتییە تا ژیان و کۆمەڵ بمێنن ئاینیش دەمێنێ نەک لەبەر ئەوەی ئایین مانەوەو بەردەوامی و یەک پارچەیی و یەکگرتویی کۆمەڵ دابین، دەستەبەر دەکا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوونی مرۆڤ بە گشتی و ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی وەک بونەوەر و زیندەوەرێک دەستەبەری ئەم بوونەی ئایینی دەبێ"(عەزیز، ٢٠٠٩ : ٢١٩) ئەم ووتەیە مانای وایە مانەوەی کۆمەڵگە بەندە بە ئایینەوە (ماکس فیبر) ئایین بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەچوێنێت"ئایین شێوەیەکە لە شێوەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی و جارێکی تر جەخت لە سەر پەیوەندی متمانەپێکراو دەکات لەنێوان شێوەی ژیانی و ڕەوشتی ژیان و بەبێ بۆچوونی ئەو ئایینەکان هاندانی کارەکەی بۆ چالاکی بەرهەمدەهێنێت"(فلوري، ٢٠٠٥ : ٧٠)

واتا ئایین هاندەر وپاڵنەری سەرەکییە بۆ چالاکی مرۆڤایەتی "ئەوەی دەهێڵێت کۆمەڵ یەک بێت ئاین و بیروباوەڕە و شەریعەتی خودایە، کە دڵەکان یەک دەخات و ئایینی ئیسلامی بانگەشە بۆ هاوکاری کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و برایەتی لەبەر خودا دەکات ئیسلام هاتووە وەک ئایینێک بۆ هەموو مرۆڤ و گۆڕینی کۆمەڵگە خێڵەکییەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی خاوەن سیفەتی خودایی"(الحسيني، ١٤٢٤ -١٤٢٥ : ٥٨)

لەم وتەیەی سەرەوەی توێژەری سعودی (عفاف بنت الحسن الحسيني ) دەردەکەوێت کە(ئایینی ئیسلام) ڕۆڵی هەیە لە نەهێشتنی دیاردەی خێڵەکی، کە هەندێ جار ڕۆڵی خراپی هەیە بۆ کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکان هەروەها ئاینێک وەکو ئیسلام بانگەشە بۆ هاوکاری دەکات لەنێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بۆ چاککردنی بژێوی ژیانیان"ئایین کار دەکات لەسەر پیرۆز ڕاگرتنی سیستەمی پرەنسیب و پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە هەیە و بەو شێوەش ئامانجەکانی کۆمەڵگە گرەنتی دەکات ئارەزوە تەسکە تاکییەکانی تێدەپەڕێنیت لە ڕوانگەی وەزیفەیەوە ئایین تاک دەبەستێت بە کۆمەڵەوە یارمەتی مەعنەوی بۆی پێشکەش دەکات لەکاتی ونبووندا و خۆشی لەکاتی نائومێدی دا وەکو میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن لەهەمان کاتدا "(الهرماسي واخرون، ١٩٩٠: ١٨-١٩)

(دورگایم) پێی وایە"ئەرکی ئایین بریتییە لە بەگرێدانی تاکەکان بە کۆمەڵگەکەیان بە بە هێزی لەرێگەی تێگەیشتن واتە تێگەیشتنی واقیع و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی بە واتای تاکەکان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بنەمایەک لە چەمکە هاوبەشەکان، و دەستنیشان کردن واتە ڕێکخستنی بیرۆکەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەرێگەی ئەم شتانە تاکەکان ئایین قبوڵ

دەکەن وەک ئەوەی شـتێکی پابەنـدو ڕەهـایە"(الجحیشـي، ٢٠١٤: ١٧٢) تەنـانەت لە قورئـانی پیـرۆزدا خودای گەورە جەخت لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کردۆتەوە دەفەرمێت:

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ (الحجرات: ١٣) لەم ئـایەتە پیـرۆزەدا خـودای گەورە جەخـت لە سـەر پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان دەکـات لە نێـوان خەڵـک دا ئەمەش لە خـودی خۆیـدا نیشـانەی پـێگە وگرنگـی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

ئالێرەدا دەتوانین بڵێین ئایین لەکۆمەڵگەدا سـەرهەڵدەدات و بوونی خۆی دەپارێزێت ئەمەش لەمیانەی پەیڕەوکەرانییەوە، کە ئەو ئایینە پەیڕەودەکەن لە ژیانیاندا، ئاین فاکتەرێکی سـەرەکییە و ڕۆڵـی بەهێـز و بەرچـاوی هەیە لە ڕێکخسـتنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و پارێزگـاریکردن لە ئاکـارو سیفەتەباشـەکان لە کـۆمەڵگەدا، چـونکە هەمـوو ئایینییەکـان بانگەشـە بـۆ چـاککردنی هەڵسوکەوت دەکەن ئایین لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی هەیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەروەها ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی کۆمەڵایەتی تاک و ڕێنیشاندەری تاکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و گەڕان بەدوای کـردەوەی چـاک و بەدەسـتهێنانی ئاسـتی ڕۆشـنبیری بەرز لەهەمـوو بوارەکانـدا ئەمەش لەخۆیدا دەبێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئارام و هاوسەنگ و پێشکەوتوو بنیات بنرێت، چـونکە کاتێک تـاک وەک ئەنـدام و بنیـاتنەری کـۆمەڵگەدا هەڵگری ئەم سـیفەتە بەرزو باشـانە بێت بێگومان کۆمەڵگەیەکی نموونەیی سـەرهەڵدەدات .

## ٤-لە ڕووی ڕەهەندی مارکسییەوە

(کارل مارکس ) زاناو فەیلەسووفی گەورەی ئابووری و کۆمەڵناس ناوی (مارکسیەت) لە نـاوی ئەوەوە هـاتووە خـاوەن تیـۆرێکی تـایبەت بە خـۆیەتی، کە بنەمـاکەی بە پـلەی یەکەم دەربـارەی بارودۆخی ئابووری کۆمەڵگەیە و بەتایبەت جیاوازی چینایەتی و مافی کرێکار، بۆیە چەند کتێب و وتەیەکی دەربارەی ئەم بابەتانە نووسیوە بەناوبـانگترین بەرهەمـی کتێبـی (سـەرمایە ) یە مـارکس دەربارەی کۆمەڵگە بڕیاری چەند پرەنسیبێکی بنەڕەتی داناوە لەوانە وەکو: -

١-کۆمەڵگە : بریتییە لە کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە ئابوورییە هۆشیاری و ئامانجدارەکان.
٢-بارودۆخی کۆمەڵەکان جیاوازە بە گوێرەی پێگەی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی.
٣-کۆمەڵگەکان جیاوازن لە پلەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.
٤-دوو جۆر یاسا هەیە حوکمی دیاردەکانی گەردوون دەکات:-
یاسا گشتییەکان و یاسا تایبەتییەکان

٥-پێی وایە گەشەسەندن لە کۆمەڵگە ئەنجامی کاریگەری بەردەوامە لە نێوان مرۆڤ وسروشت.
٦-لە مەرجەکانی درووست بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو کاری ماددییە لەگەڵ مەرجی بوونی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان.
٧-ئەم پەیوەندییانە پشت دەبەستێت بەوەی، کەپێ دەڵێت ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی واتە بابەتەکانی کارکردن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (الغريب، ٢٠١٢ : ٢١٨-٢١٩)

لە ڕاستیدا،بۆچوونی مارکس بۆ کۆمەڵگە"شیکردنەوەی ماددی پەیڕەو دەکات، کە کورت دەبێتەوە لەوەی بارودۆخە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە بناغەیەکە، کە کاریگەری لەسەر هەموو بارودۆخ و سیستەمە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی تردەکات"(القرش، ٢٠١٢ : ١٧٥)
تیۆری مارکس دەربارەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگە"پشت بە فیکرەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەبەستێت کە زیادبوونی خواستی زەوی و زاری لێ دەکەوێتەوە و دەشبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێبڕکێ لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا بۆ دەسگرتن بەسەر زەوی و زارو وەبەرهێنانیدا"(ئەلحەسەن، ٢٠٠٥ : ٣٠)

وەک دەبینین مارکس لەم دیدەیدا باری ئابووری بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە داناوە بەدەر لە هۆکارەکانی تر لە بەڕێوەچونی کاروباری و مانەوەی بە ئاسایش و ئارامی و تاکەکان بتوانن بە سەرفرازی بژین.
تەنانەت مارکس پێی وایە هەموو ئەوەی ڕوودەدات لە کەشی کۆمەڵگە لە دیاردە و سیستەمەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ئابوورییەکان"چونکە هێزە ئابوورییەکان بناغەی ڕووداو وپێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانە" (الحسن، ٢٠١٥ : ١٥١)

شایانی باسە جیاوازی چینایەتی بەردی بناغەی تیۆرەکەی بووە مارکس"مێژووی تەواوی کۆمەڵگەکان بەمێژووی شەڕو ململانێی چینەکان دەزانێت، کە لەسەردەمی کۆیلایەتی پیاوە ئازادەکان و کۆیلەکان و لەسەردەمی فیوداڵی خاوەن زەوییەکان و وەرزێرانی بەستراوە بەزەوی و لەسەردەمی پیشەسازی خاوەن پیشەسازییەکان و پرۆلیتاریا (کرێکارانی شاری ) لەبەرانبەر و ڕووبەڕووی یەکتر ڕاگرتووە"(وسوقی و خولق، ٢٠١٣ :٢٥٢)

هەروەها تیۆرەکەی(مارکس)خۆی لە خۆیدا خاڵی وەرچەرخانی دیار بوو لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵگە و وردەکارییەکانی بایەخی زیاتر بە مەسەلەی چینایەتی دەدا، کە پێشتر باس نەکرابوو لەلایەن نووسەران و شارەزایان.کۆمەڵگە لە دیدی(مارکس) دا دوو ژێر خانی هەیە

هەریەکەو تـایبەتە بە لایەنێـک و تەواوکەری یەکتـرن بـریتیین لە ژێرخـانی سـەرەوە وژێرخـانی ژێرەوە"پرۆژەی مارکس تێگەیشتن بوو لە داینامیکی خەباتی چینایەتی زیاتر لە دووپاتکردنەوەی بوونی چینەکان یان وەسفکردنی بارودۆخیان یەکەم جار چینەکان دەستنیشـان دەکات لە رێگەی پـێگەی لەپەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان سـەبارەت بە بورجوازییەکـان ئەوانەن کە دەسـتدەگرن بە سـەر سـەرمایەدا و وبورجـوازییەتی بچـووک گروپێکـی تەمـاوییە خـاوەن پیشـە وبازرگـان وبەناوبانگەکان وپارێزەر وهەموو فەرمانبەران لە خۆدەگرێت و پرۆلیتاریا ئەوانەن، کە دەسـەڵاتی کرێکاری خۆیان دەفرۆشن"(کابان و دورتیه، ٣٩)

واتە مـارکس زیـاتر گرنگی بە ململانێی چینـایەتی دەدات، کە دیاردەیەکی کۆنەو تـا ئەمرۆش بەدی دەکرێـت لەنێـوان پێکهاتەکـانی کۆمەڵگەکـان چینــی بــۆرژوازی مەبەسـتی چینــی بەرزی کۆمەڵایەتییە لەڕووی پیشـەو خاوەنداریییەوە و پرۆلیتالیا چینی هەژار و بێ دەسـەڵاتەکەیە"چینی یەکەمیـان سـەرمایەدارانەو، چینـی دووەمـی کرێکـاران دەچەوسـێنێتەوە، چـونکە بەپێـی سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی و ئـابووریی کۆمەڵگـای سـەرمایەداری،هەر سـەرمایەدارێک بە پەنجەیەکـی نادیـار بەشـێکی ڕەنجـی هەمـوو کرێکارێـک دەدزێ و گیرفـانی خـۆی پـێ پـڕ دەکـات کەواتە موڵکداری و چینـــایەتی دوو ڕەگەزی دەردەداری کـــۆمەڵن لە ڕوانـــگەی مارکســـیزمەوە "(مــحەمەد، ٢٠٠١: ١٤) (مـارکس) لەم وتەیەدا بـانگەواز بـۆ نەهێشـتنی جیـاوازی چینـایەتی و موڵکـداریتی دەکـات داوای یەکسـانی دەکـات لەنێـوان چینەکـان و بەتـایبەت جەخـت کـردنە لەسـەر مـافی کرێکـار، کە چینـی زەحمەتکێشـی کۆمەڵگەن.خـاوەن موڵـک و سـەرمایەکان هەردەم کرێکـاران دەچەوسـێننەوە، کە ئەمەش لە خـودی خۆیـدا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروسـت بـوونی کێشـەو ئاڵۆزی و لەهەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی درووست بوونی ئیرەیی لەنێوان تاکەکاندا ئەم جیاوازییەش لە زۆر وڵاتدا و کۆمەڵگە بۆتە هۆی درووست بوونی شەڕو گۆڕینی دەسەڵات.

لە ڕاسـتیدا،"ئەو چیـنەی کەئەم شۆرشـە کـۆمەڵایەتییە لە کـۆمەڵگەی سـەرمایەداریدا ئەنجـام دەدات چینی پرۆلیتاریایە وەک تاکە چینە، کە دەسـەڵات بە دەست دەگرێت نەک بۆ ئەوەی دەست بە سـەر چینێکـی تـردا بگرێت، بەڵکـو بـۆ ڕزگـارکردنی مرۆڤـایەتی لەهەمـوو بەسـەرداگرتنێک بۆیە نوێنەرایەتی جۆرێک لە ڕزگاریی مرۆیی دەکات کاتێک پرۆلیتاریا دەست بەسەر دەسـەڵات دەگرێت چینە کۆمەڵایەتییەکان نامێنێت و دواتر دەوڵەت کزدەبێتەوە چونکە ڕۆڵی کۆتایی پێهاتووە، شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستییە، بەڵام پێش ئەم قۆناغە قۆناغێکی دیکە دێتە پێشـەوە، کە مـارکس بە (بە دیکتـاتۆریەتی پرۆلیتاریـا) نـاوی دەبـات یـان سۆسـیالیزم، کە خـۆی بـۆ کۆمـۆنیزم ئامادەدەکـات" (مجموعة المؤلفين، ٢٠١٤ : ٥٥)

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین مارکس کۆمەڵگەی بەبناغەی کارو ڕاوبۆچوونەکانی داناوە و بووەتە تەوەری تیۆرەکەی، کە ئەمە لەخۆیدا هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەربوو لە لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگەدا و پێکهاتە و باورودۆخە ئابوورییەکەی کە پێشتر کەس ئاماژەی پێنەدابوو هەنگاوەکەی مارکس ڕێنیشاندەر وەچەرخانێک بوو بۆ تێگەیشتنی لەباورودۆخی کۆمەڵگە بەڕوونی ئاماژە بۆ چینەکان و ململانێی نێوانیاندا کردووە بانگەشە بۆ مافی کرێکاران دەکات هەموو ئەمانە لەکۆمەڵگەدا لەدێرزەمانەوە تا ئێستا بوونی هەیە و بەدی دەکرێت، بەڵام مارکس لەجیاوازی چینایەتیدا تەنها لایەنی ماددییەکەی کۆڵیوەتەوە بێ ئاماژە بۆ لایەنەکانی تری جیاوازییەکە تیۆرەکەی مارکس جەماوەری لەدەوروبەری خۆی کۆکردۆتەوە و بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕش لەهەندێ وڵاتدا ئەمەش نیشانەی کاریگەری بۆچوونەکانیەتی لەسەر تاک لە کۆمەڵگەدا.

## ٥-لە ڕووی ڕەهەندی لۆجیکییەوە

لۆجیک زانستێکی دێرینەو سەرەتا لە یۆنانی کۆن سەری هەڵداوە و فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ ، ٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز) یەکەم کەس بووە، کە دەربارەی ئەم بابەتە قسەی کردووە و ڕاو بۆچوونی دەربڕیوە.ئەم زانستە لە زۆر بابەت و لایەنی کۆڵیوەتەوە کۆمەڵگەش بێبەش نەبووە لەم بوارەدا و هەریەکە و بەشێوەیەکی جیاواز ڕاوبۆچوون و بیرۆکەی خۆی دەربارەی کۆمەڵگە دەربڕیوە ،لۆجیک بریتییە لە هێنانەوەی بیانووبە بەڵگەی عەقڵانی بۆ هەربابەتێک.

شایانی باسە، لۆجیکی ئەرستۆ بەگوێرەی ڕاوبۆچوونی توێژەران"لەئامرازێکی ( کۆمەڵگەیی ) دەچوو نەک ئامرازی (زانستی)بە گوزارشتێکی تر دەکرێ ببێتە ئامرازێک بۆ هێرش و بەرگری کردن بەدەستی کۆمەڵەکان و لایەنە ناکۆکەکان یان شێوە پرەنسیپە بەرهەڵستکارەکان .ئامانجی دۆزینەوە نییە، بەڵکو سەلماندنە لەسەر شتێک یان ڕەتکردنەوەی و ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لۆژیکی ئەرستۆیی سەری هەڵداوە وا بەستەیە بە ڕۆحی مەرکەزیەتی بیروباوەری بۆ کۆمەڵگەی ئایینی" (الوردي، ٢٠١٨ : ١٠٨)

بەڕای فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ)"دەوڵەت بەرزترین قۆناغی وەرچەرخانی کۆمەڵگایە، و لەم ڕەوتی وەرچەرخان وگۆڕانەدا یەکەمجار خێزان دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای دوو پەیوەندیی گرنگ دامەزراوە: پەیوەندی ژن ومێرد، پەیوەندی خودان و کۆیلە ئەم پێیوایە ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە زۆر سروشتین و یەکێکن لەبنەما سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە کۆبوونەوەی چەند خێزانێک گوند دروست دەبێت و چەند گوندێکیش دەوڵەت پێکدێنن"(موحسنی، ٢٠٠٥: ٨٥ -٨٦ ) واتە(ئەرستۆ) بوونی کۆمەڵگەی پێگەیشتوو و خاوەن پرەنسیپ بەدەوڵەت پەیوەست کردووە بۆ

بەڕێکردنی کاروباری کۆمەڵگەدا.هەروەها بوونی کۆیلایەتی بە شتێکی ئاسایی دەبینێت"ئەرستۆ گرنگی بە کۆیلایەتی و پەیوەندیی خودان و کۆیلە دەدات. لە یۆنانی کۆندا کۆیلایەتییان بە واقعێکی لۆجیکی ودرووست لەقەڵەم دەدا. بۆچوونی خەڵک ئەوەبوو کە کۆیلەکان دەبێ لە چینەکانی خوارەوە بن، چونکە هەندێ خەڵک، هەر بەژێردەستەیی خەڵقکراون و هەندێکی تر بەحاکم و بەڕێوەبەر. هەروەها ئەرستۆ دەڵێ کۆیلەکان دەبێ لەنەژادە نزمەکان و لەنێو خەڵکی نایۆنانیدا هەڵدەبژێردرێن"(هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٥ :٨٧) تەنانەت، پێی وایە کۆیلەکان"خەڵکی بێ ئیرادەن وەکو ئامرازی کار حسابیان بۆ دەکرێ، کە خودانەکەیان دەتوانێت ناچاریان بکات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک، کە دەیەوێت"(هەمان سەرچاوە، ٨٧:٢٠٠٥)

بێگومان ئەم بارودۆخەی کۆمەڵگە لە ئەنجامدا شۆڕش وڕاپەڕینی لێبەرپادەبێت"سەرهەڵدانی حکومەتی دیموکراسی لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی شۆڕشی چینە هەژارەکانە لە دژی ئەرستوکرات وخانەدانەکان وبوونی گیانی قازانجیپەرستی دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە ژمارەی تاکە کەسانی ئەم گروپە کەمتربێتەوە ولە هەمان کاتدا دەسەڵاتی چینە هەژارەکان زیادبکات، کە دوای ماوەیەک دژی بارودۆخەکە ڕادەپەڕن ئەم ڕاپەڕینە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی حکومەتی خانەدانەکان وسەرهەڵدانی دیموکراسی بەڕای (ئەرستۆ)باشترین جۆری حکومەت حکومەتێکە، کە تێکەڵێک بێت لە خانەدان وخەڵکی ئاسایی ئەم حکومەتە لە سەر بنەمای دەستور بەڕێوەدەچێت"(هەمان سەرچاوە، ٨٧:٢٠٠٥)

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوەو بینیوە، هەروەها جیاوازیش لەهەر کۆمەڵگەیەک هەبووە و هەیە جیاوازی چینیش هەندێ جار لەبەر بوونی جیاوازی ماددی یان کۆمەڵایەتی یان زانستی ...هتد دروست دەبێت و ڕوویداوە، کە چینێک چینێکی تری چەوساندووەتەوە"کۆمەڵگەی کۆیلەداری بە یەکەمین کۆمەڵگە دادەنرێت، کە لەسەر ئیستیغلال کردن دامەزراوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، دابەشبوو بۆ چینی کۆیلەدارەکان و چینی کۆیلەی پایەبەرز لەنێوانیاندا ڕکابەری توند ڕوویداوە و لەلایەکی تر چینی یەکەم خودی خۆی نموونەیی بوو بەچینی جۆراوجۆر لەنێوان ئاغاکان و خەڵکی ئاسایی، لەنێوان هەژارەکان و دەوڵەمەندەکان" (ماکوفلسكي، ١٩٨٧ :٥٠)

سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە لادێ دەستی پێکردووە و دواتر لە ئەنجامی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو لایەکەوە شێوەیەکی تری ژیان و کۆمەڵگە سەری هەڵدا، کە کۆمەڵگەی شارستانیەتی بوو، کە پێچەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی دەوارنشین و هەندێ جار ململانێ و ناکۆکی بەدی دەکرێت لە نێوانیان، تا ئەم سەردەمەش. فەیلەسوفی عەرەبی (ئیبن خەلدون )

دەڵێت:"کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە خولی یەک لە دوای یەک دەڕوات لە ئاکامی ململانێ لەنێوان دەوارنشینەکان و شارستانییەکان و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر دوو گروپەوە، کە دەوارنشینەکان و شارییەکانە، لەبەرئەوەی هەریەک لەم دوو گروپە خاوەن سیفاتی پێچەوانەی سیفاتی گروپی دووەمن ودەبێ ململانێ دروست بێت لەنێوانیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەوارنشینەکان ناتوانن سەیر بکەن کە، شارییەکان لە نیعمەتی شاردابن، بەڵام خۆیان لە بیابانە وشکەکانیان نیشتەجێن و جەنگاوەری بەهێزن، شارییەکان خۆش بژین ترسنۆکن دەبێ ئەو ڕۆژە بێت، کە دەوار نشینەکان هێرش بکەنە سەر ئەو شارنشینانەی خۆش دەژین و تاڵانیان بکەن یان زاڵ بن بەسەریاندا و دەوڵەت و خێزانانی دەسەڵاتدار دابمەزرێنن"(الوردي، ١٩٩٤:٧٨)

بەڵام (ئیبن خلدون ) پێی وایە، کە"دەوڵەت بوونی نییە بەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی بوونی نییە بەبێ دەوڵەت و لەئەنجامدا پێی وایە دەوڵەت و سیاسەت دوو ڕووی یەک دراون و بناغەی دەوڵەت کۆمەڵگەیە"(الغامدي، ٢٠١٦) واتە دەسەڵاتی سیاسی بوونی نابێت بەبێ کۆمەڵگە واتە کۆمەڵگە ئامادەکاری وزەمینەسازی دەکات بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت. وەهەر دەوڵەتێک پێویستی بەوەیە بەرگری لەخۆی بکات و قەوارەی خۆی بپارێزێت لەهەر مەترسی و هەڕەشەیەک ئەمەش پێویستی بەچەند ئامرازێکە،هەر بۆیە (ئیبن خەلدون) پشت بەستن بە خێڵایەتی بە باشترین ئامراز و چارەسەردەزانێت، چونکە"خێڵایەتی بناغەی بنەڕەتییە بۆ هەر چالاکییەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی وڵات بۆ ئەوەی بوونی خۆی بپارێزێت پێویستی بە لینکێکە تاکەکان کۆبکاتەوە لەژێر ئاڵاکەی هانیان  بدات بۆ قوربانیدان لەپێناوی خۆیدا خێڵایەتی هەڵدەستێ بەم ڕۆڵە پشت بەستن بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەشێوازی پێویستی بە قەوارەیەکە بۆی بگەڕێتەوە پێداویستییەکانی بەردەستبکات، کە ناتوانێت بەتاک بەدەستبهێنرێت"(الجميل، ٢٠١١)

ئەم بۆچوونەی (ئیبن خەلدون) ڕەنگە لەبەرئەوە بێت، کە کەسی خێڵەکی خاوەن چەند سیفەت و ئەدگارێکە ئامادەی دەکات بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی، کە حکومەت بیەوێت، چونکە کۆمەڵگەی خێڵەکی ژینگەیەکی لەبارە بۆ شەڕ وگیان بەخشین بەبێ دوودڵی، چونکە سیستەمی پەروەردەکردنی تاکی لە سیستەمی خێڵەکی جیاوازە لە سیستەمی شارستانییەتی و شەڕ نیشانەی ئازادییە بۆ تاک لای ئەوان . زانای گەورەی کۆمەڵناسی وفەیلەسووفی فەرەنسی (ئۆگست کۆنت (١٧٩٨ – ١٨٥٧ ز) لە شیکردنەوە ئیستاتیکەکەیدا بۆ کۆمەڵگە سێ پێکهاتەی داناوە، کە بریتین لە:-

١- **تاك** :- تاك بەتوخمێكی كۆمەڵایەتی نازانرێت و دەسەڵاتە سروشتییەكەی هیچ بەهایەكی نییە چونكە هێزە كۆمەڵایەتیەكەی لەهەماهەنگی تاكەكان و بەشداریكردنیان لەكاردا و دابەشكردنی كار لەلایەن گەلەكەیانەوە سەرچاوە دەگرێت.
٢-**خێزان** : یەكەم خانەیە لە جەستەی پێكهاتەی كۆمەڵدا و سادەترین میدیایە، كە تێیدا دەركەوتەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی بەدی دێت.
٣-**كۆمەڵگە** : یەكەیەكی زیندوو ئاڵۆز و ئاڵۆزە گرنگترینیان هاوكاری و یەكدەنگییە بۆیە سروشتێكی ئەخلاقێتی و دەروونی وكارایی هەیە، كەوابەستەی ئەو دواتر و دەرئەنجامە هاودەنگی كۆمەڵایەتی بنەمایەكە، كە ناتوانرێت بەتەواوی بەدەست بهێنرێت(الغریب، ٢٠١٢: ٨٨-٨٩)

وەک دەبینین لەم پێكهاتەیەدا، كە (ئۆگست كۆنت ) داینـاوە زیاتر جەختی لەسەر خێزان كردۆتەوە لە پێكهاتەی كۆمەڵگە و بەبەردی بناغەی درووست بوونی كۆمەڵگە دایناون. بەم پێیە بێت بەبێ تاک بە پلەی یەكەم وخێزان بە پلەی دووەم كۆمەڵگە دروست نابێت، كەچی زانای كۆمەڵناسی (جومبلوتز)دەڵێت:"دەوڵەت دروستبووە لەئەنجامی ململانێی نێوان كۆمەڵە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەكان و زاڵبوونی یەكێكیان بەسەر ئەوی تردا"(الوردي، ١٩٩٤ : ٢٤٨) لەم بۆچوونەدا پێچەوانەی بۆچونەكانی تر، كە وای دەبینن ململانێ دەبێتە هۆی لەناوچوونی دەوڵەت (جومبلوتز) پێی وایە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە ژیانی كۆمەڵگەو پەیوەندی لە ئەنجامی بوونی هەڵسوكەوتی چاک و هاوشێوەی یەكدی درووست دەبێت"مرۆڤ بە سروشتی بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پەیوەندییەكە لەنێوان عەقڵەكان بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییانە بوونی هەبێت ئەبێ ڕێكەوتنێک هەبێت لەسەر بارودۆخە تایبەتەكان و پرەنسیپە تایبەتەكان پێویستە لەسەر هەموان بۆ ئەوەی كۆمەڵایەتی بژیت بە هەندوەربگرێت و ڕەوشتی لەسەر ئەو بنەمایە ڕێكبخات"(بدوي، ١٩٧٧: ٢٩)

لەمیانەی ئەو ڕاوبۆچوون و دیدانەی دەربارەی لۆجیكی كۆمەڵگەدا خستمانەڕوو دەتوانین بڵێین خێزان بەردی بناغەی كۆمەڵگەیە، چونكە كۆمەڵگە بۆ ئەوەی دروست بێت و بەردەوام بێت پێویستی بەچەند ڕەگەزێكە چ مرۆیی بێت یان ماددی ئەمەش لە خێزانەوە سەرهەڵدەدات بەوەچەخستنەوە، كە دەبنە هێزی مرۆیی و ئابووری و كاروباری كۆمەڵگە بەجێ دەهێنن و سامانی دەپارێزن و پارێزەری لە وڵات دەكەن لەهەر مەترسی و هێرشێک مرۆڤ بەسروشتی خۆی پێویستی بەكەسانی ترە بۆ ئەوەی بژیت ئەمەش لە كۆمەڵگەدا نەبێت . بەدی نایەت بەئاسانی واتە تەوەری بڕبڕەی پشتی كۆمەڵگە مرۆڤە، كە بناغەكەی خێزانە.

## بەشی دووەم

## تەوەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

١.خزمایەتی

٢.هەژاری

٣.جیاوازی چینایەتی

٤.پرسەنامە

٥.دڵداری

## بەشی دووەم

## تەوەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

رەهەندی کۆمەڵایەتی ئەو دیاردەو ڕەفتارو یاساو ڕێسایانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵێک لە خەڵک لە کۆمەڵگە پەیڕەو دەکرێت تایبەتە بە حاڵەتێک، یان دیاردەیەک لە بوارێک لە کۆمەڵگەدا چ لە بواری هەڵسوکەوت، یان ئاینی یان ئابووری بێت......هتد ئەم دیاردانەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر هەندێ جار وەک یەک نییە، یان هەر بوونی نییە و ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەش، کە لەم بەشەدا تیشکی دەخەینەسەر و بابەتی باسەکەمانە لەم بەشەدا بریتییە لە ڕەهەندی( هەژاری، جیاوازی چینایەتی، پرسەنامە، دڵداری، خزمایەتی )،کە هەموو ئەم ڕەهەندانە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەیەو لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت و هەریەکەیان شێوازو یاسای هەیەو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە و هەندێ جار لەنێوان خودی کۆمەڵگەیەک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە.

### ١-خزمایەتی

سروشتی دروستبوونی مرۆڤ وایە، کە لە دایک و باوک درووست دەبێت و دایک و باوکیشی هەریەک لە خێزانێکی ترەوە هاتوون و خێزانێکی نوێ درووست دەکەن واتە"خزمایەتی ئەو پەیوەندییەیە منداڵ یان لەدایک بووی نوێ دەبەستێتەوە بەو گروپەوە، کە لەناویدا دەژی گرێیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە بنچینەدا پشت بە پەیوەندی خوێن دەبەستێت لەنێوان تاکەکاندا لە خوشک و براو باوک و دایک و تەواوی ئەو دەستە کۆمەڵایەتیانەی تر"(القصیروأحمد، ٢٠٠٢ :٢٤) خێزان، کە پێک دێت لە منداڵ و دایک و باوک و برا و خوشک ،دایک وباوک خوشک و برا وکەس وکاریان هەیە ئەم خۆشک وبرا وکەسانەی  دایک و باوکە بەدەستووری سروشتی مرۆڤایەتی و خودایی بە خزم دەژمێردرێن لە ژیانی هەرمنداڵ و تاکێکی کۆمەڵگەدا لەبەرئەوەی پەیوەندی خوێنی لەنێوانیاندا هەیە. واتە خزمانی لایەنی دایک و خزمانی لایەنی باوک.واتە"خێزان بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی سیستەمی خزمایەتی یە و پاش ئەویش، خێڵ پێک دێت لەڕووی گەورەیی و قەبارەوە، کە چەند خێزانێک لەخۆ دەگرێت ئنجا هۆز دێت، کە ئەمیش لەچەند خێڵێک پێکدێت"(هەمان سەرچاوە ، ٢٠٠٢ : ٢٧) لەڕووی ئاینییەوە بابەتی خزمایەتی گرنگی پێدراوە وجەختی لە سەر کراوەتەوە خودای گەورە لە کتێبی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ بابەتی خزمایەتی کردووە چ لە دابەشکردنی میرات یان بە نواندنی هەڵوێست وکاری چاکە بەرانبەر خزم وەکو لەم ئایەتی پیرۆزە دەفەرموێت﴿وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔاۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾ (النساء : ٣٦) لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە بە ئاشکرا وڕوون ئاماژەی بۆ خزمایەتی کردووە لێرە باس لە نواندنی هەڵوێست وکاری چاکە دەکات بەرانبەر دایک وباوک وخزم، دایک وباوک هەردووکیان ئەندامی

خێــزانن وخێــزانیش بچــووکترین یەکەی خزمــایەتییە هەروەهــا دەســتەواژەی(ذي القربــی) دەستەواژەیەکی عەرەبییە لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتـای (خـزم دێت) کە، ئاماژەیەکی ڕوون وزەقە بـۆ خـزم ئەم جەختکـردنە لە سـەر لایەنـی خزمـایەتی پـێگە وگرنگـی لایەنـی خزمـایەتی دەردەخات لە لای خودای گەورە و لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

شایانی باسە، خزمایەتی بەشێکە لەژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی و سۆزو هەستی مرۆڤ دەجولێنێت بەرانبەر خزم چ بۆ خۆشەویستی بێت یان هەڵوێست بێت لەکاتی خۆشی و ناخۆشی بەتـایبەت لەکـۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکـان، کە پرەنسیپە کۆمەلایەتییەکـان بـایەخی خـۆی هەیە و نەوە دوای نەوە پەیـڕەوی دەکەن و بەشـتێکی پیـرۆزی دەزانـن و لەڕووی ئـایینییەوە بەشـتێکی پیـرۆز دادەنرێت و پاداشتی هەیە لەلایەن خوداوە و بەشێکە لەپەروەردەکردنی خێزان بۆ منداڵ، کە ڕێز لە خزمــان بگــرن بــریتییە لە"کۆمەڵێــک پەیوەنــدی خــوێنەکی و ڕەچەڵەکــی، کە تاکەکــان بە خزمایەتییەکی ئەندامەکی توند و تۆڵ دەبەستێتەوە و ناچاریان دەکا بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرک و ماف وبەرپرسیاریانەی، کە بەقازانجی مناڵەکانی یەک دایک و یەک ڕەچەڵەکە"(خەلیل، ٢٠٠٧ : ١٤٦)

نەک هەر ئەوەندە،تەنانەت لەهەندێک کۆمەڵگەو لەلای هەندێک کەس پەیوەندی عەشـایەری و هـۆزگەرایش بەخـزم دەژمێـرن.واتە ئەنـدامەکانی خـێڵەکە بە خزمـی خۆیـان دەزانـن و لەکـاتی هەر ڕووداوێکدا ئامادەن تەنـانەت تـا ڕادەی گیـان فیدایش و ئەم حـاڵەتە زیـاتر لەو کۆمەڵگەدا بـاوە، کە عەقڵیەتـی خێڵایەتـی زاڵە بەسـەریدا.واتە"پەیوەسـتبوونێکی دان پێدانراوە، لەڕووی کـۆمەلایەتییەوە، ئەوەش لەسـەر بنەمـای خـوێن و ڕەچەڵەک لەنێوان بـاوک و دایـک و نەوەکـان دەوەسـتێ، لەنێـوان براو خوشکیشدا.هەروەها دەبێتە پەیوەست بوونێکی گریمـانە کراویش وەکو ئەو حـاڵەتەی لەنێـوان تاکە کەسانی کۆمەڵەی خزمانی گەورەدا نموونەی خێڵ و هۆز بەدی دەکرێت"(ڕەسوڵ و عەزیز، ٢٠٠٤ :٢٥٢)

بەڵام ئەم دیاردەی خزمایەتییە بەگشتی لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان کاڵ و کزە، تەنانەت هەندێ جـاریش بـوونی نیـیە ئەمەش لەئەنجـامی کلتـوور و پەروەردە و کـۆمەڵگەوە سـەری هەڵـداوە "کەلتـووری کۆمەڵگـا یەکێـک لەو هۆکـارانەیە، کە بـایەخی ئەم پەیوەنـدییانە روون دەکـاتەوە. بە واتـایەکی تـر، کەلتووری کۆمەڵگـا ئەرکی ئەندامە خزمەکـان لەبەرانـبەر یەکتـردا دیـاری دەکـات و دامەزراوە و پەیوەندی ئەندامانی دامەزراوەی خزمایەتی ڕوون دەکاتەوە"(ئامێدیان، ٢٣٦) لە ڕاسـتیدا لەلایەن کۆمەڵناسـان و شـارەزایانەوە چەنـدین دەسـتەواژەی تـر جگە لە خزمـایەتی بەکارهـاتووە، لەوانەش وەکو:-

١.پەیوەندی خوێنی(الصلة الرحمية).
٢.پەیوەندی ڕەچەڵەکی.
٣.نازناوی خێزانی.
٤.پەیوەندی کۆمەڵایەتی.(خەلیل، ٢٠٠٧ :١٤٥)

بێگومان، ئەم بارودۆخەی خزمایەتی بەباش و خراپییەوە لەکۆمەڵگە بەدی دەکرێت و شاعیران و ئەدیبیان وەک ئەندامانی کۆمەڵگە کاریگەر دەبن بەهەر دیاردە و ڕووداوێک، بۆیە لە شیعرەکانیاندا ئەم بابەتە وەک بابەتەکانی تر ڕەنگی داوەتەوە لەبەرئەوەی شاعیر وەک هەر تاکێک خزم و کەس و کاری هەیە بێگومان هەست و سۆزی دەجووڵێت بەرانبەر ئەم دیاردەیە چ لە خزمانی خودی خۆیدا بێت یان لەکەسانی تری کۆمەڵگەدا بێت  و لەشیعرەکانیدا بەرجەستەی دەکات و ئاوڕی لێدەداتەوە و گۆڕەپانی شیعری خۆی دەوڵەمەند دەکات، چونکە "شیعرێکی مرۆڤایەتییە سۆزە مرۆڤایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، پاڵنەرێکە بۆ سۆزی مرۆڤ بەرانبەر بە براو خوشک و هاوڕێکانی" (الفراجي، ٢٠٠٣ : ٦٥) لە لایەکی تریشەوە  بابەتەکانی  وناوەڕۆکی ئەم جۆرە شیعرە کۆمەڵایەتییە لەدەوری چەند بابەتێک دەخولێتەوە،لەوانەش وەک"دیارەدەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خەڵک لە جەخت کردنەوە لەسەر خۆشەویستی و دیاری، و نوسراوو گلەیی .....هتد"(الأعرجي، ٢٠٠٧: ١٥٩) یان ئەو"پەیوەندییانەی، کە شاعیران لەنێوان خۆیاندا دەبەستێتەوە، یان لەنێوان هاوڕێکانیان لە شاعیرانی دیکە"(الذنون، ٢٠١٣ : ١٩٣)

ئەم جۆرە شیعرە کۆمەڵایەتییە نوێنەری داب و نەریت و کلتورە پەیوەستەکان بە خزمایەتییە، واتە دەبێتە زمانحاڵی دیاردەی خزمایەتی"شیعرێکی ویژدانییە نوێنەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و وێنەی دەکات لە مەیدانی برایی و هاوڕێتی لە شێوەو مانا جۆراو جۆرەکانی وێنەی گەلێک لە خۆشەویستی و برایەتی و داوای لێبوردن وپیرۆزبایی و گلەیی و گازندە لەخۆدەگرێت" (الفراجي،٢٠٠٣:٦٤) ئەم جۆرە شیعرە خاوەن چەند سیفەت و ئەدگارێکە شێوازی شیعرەکەی"زمانەکەی ئاسانەو سۆزی ڕاستەقینەیە"(الأعرجي، ٢٠٠٧ :١٧) بابەتی خزمایەتی لەلای شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە وهەریەک بەشێوەیەک لایەنێک لەبابەتی خزمایەتی بەرجەستە کردووە بۆ نموونە شاعیر (قانع ١٨٩٨ – ١٩٦٥ز) لە شیعرێکیدا بەناوی (ماڵ دابەشکردن لە گەڵ براکەم) باس لە دابەشکردنی ماڵ و سەروەت و سامان و میرات دەکات دوای مردنی دایک و باوک دەڵێت:

براو باوکان ڕۆیی بەڕەحمەت
چاک نەجاتی بوو لە دەردو زەحمەت
باوک بۆ هیچ کەس نامێنێ تاسەر

کوڕ ئەو کوڕەیە لەکەل بێتە دەر
مەسەلەی مەشوور : برامان برایی
بەڵام بەوشەرتە کیسەمان جیایی
ماڵەکە بەش کەین بێ مەلاو قازی
یەک لەیەکتری چاک ببین ڕازی
ئەو هێسترە شێتەی جووتەوەشێنە
دابنێ بۆ من هیچ دامەمێنە
ئەو پشیلە جوانەی پڕ خەف و خاڵە
چش با بۆ تۆبێ ، ڕەونەقی ماڵە

تادەگاتە...
براوە ماڵمان تەواوی بەش کرد
هەموو بەزیادو بەشی خۆتت برد
ئەلحەمدولیلا بەبێ دڵ یەشان
جیابووینۆ لەیەک بەسەهل و ئاسان
هەرچەن مەغدوور بووم بەشی تۆ زۆرە
لەبەرتانەی عام ڕازیم بەم جۆرە
باخەڵقی نەڵێن بڕوانە حاڵی
تەماعی کردە برای منالی

(قانع،١٣٩٣ : ٣٤٨ –٣٥٠)

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا ئاماژە بۆ دابەشکردنی میراتی دوای مردنی باوک دەکات لەنێوان براکان لە کەلوپەلی ناومال و ئاژەڵ و خانو چۆن ئەو کەمتر لە براکانی بەشی بەرکەوتووە، واتە بەشێوەیەکی نادادپەروەری دابەشکراوە کەچی دادپەروەریش مەرجێکی سەرەکییە لە دابەشکردنی میرات، کە خوای گەورە لە کتێبی قورئانی پیرۆزدا بە ئاشکرا ئاماژەو جەختی لەسەر یەکسانی کردووە لەدابەشکردنی میرات بەڵام لە شیعرەکەدا وادیارە بەنایەکسانی دابەشکراوە، کەچی ئەم ڕازی بووە لەبەر قسەو تانەی خەڵک و پێی نەڵێن تەماعە و لەشیعرەکەدا ئاماژە بۆ پەندێکی پێشینان دەکات، کە دەربارەی پارەیە، کە بریتییە لە (برامان برایی بەو شەرتەی کیسەمان جیایی) واتە برایەتی بە لایەک و مەسەلەی پارەو گیرفانی هەریەک بە جیا و بەلایەک لەکاتی دابەشکردنە، کە بە شێوەیەک بووە،کە هەرچی لە میراتەکە باش و بەسوود و چاکە بۆ خۆی بووە لە ئاژەڵ و خانووەکە و کەل و پەلی ناومال بەڵام شتە بێ سوودەکان بۆ براکەی داناوە واتە فێڵی لێکردووە ئەم دیاردەیەش تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەکاتی دابەشکردنی میرات بەدی دەکرێت لەلای هەندێ کەس و خێزاندا، کە دەبێتە مایەی کێشە و دڵ ڕەنجاندنی لەنێوان براو خوشک دا، کە بێگومان شاعیریش وەکو هەر تاکێکی خاوەن ویژدان و بیرو سۆزکاری تێ دەکات

و هەڵوێستی خۆی دەنوێنێت لە بەرهەمە شیعریەکەیدا هەروەها (مەلای گەورە ١٨٧٦-١٩٤٣ز) لە شیعرێکیدا بەناوی (سێ برام هەن ) دەڵێت :

سێ برام هەن ئەمن برا چووکم
لای براکانی خۆم گەلێ سووکم
ئەو برایانە زێدە غەدارن
زاڵم و بەدڕەوشت و بەدکارن
بەبرا گەورەکەم دەڵێم کاکە
تۆ بە چاوی کەرەم تەماشاکە
من هەتیو بوم فەقیرو بێ دەسەڵات
چی بەرم کەوت لە دەوڵەت و ماڵات

(علاءالدین، ٢٠٠٩ : ١٢٢)

وەک دەبینین،لەم شیعرەدا شاعیر باسی براکانی دەکات کەئەو برا بچووکە لەنێوانیاندا ئاماژە بۆ هەڵسو کەوت و ڕەوشتی براکانی دەکات، کە غەددار و زاڵمن و بەچاوی سووکەوە تەماشای ئەم دەکەن کەچی ئەم بەبرا گەورەکەی دەڵێت و بانگی دەکات بەکاکە و داوای لێدەکات بە ویژدانەوە سەیربکات، کەئەم فەقیرو بێ دەسەڵاتە واتە لاوازە و هیچی بەرنەکەوتووە نەک لەلای دەوڵەت و نەک لەماڵ و میرات.هەروەها(هێمن موکریانی ١٩٢١-١٩٨٦ز)یش لە شیعرێکدا بەناوی (تەپڵی ئەمان) ئاماژە بۆ خزم و کەس وکاری دەکات و دەڵێت :

هەموو تیری بەلای ئەو ڕۆژگارە
دەگاتە بە سینگی پڕ زامم کەمانە
براو خزم و کەس و کارم بەجارێ
ئەوان لێم بوونەتە داسی ڕەمانە
لەماڵی خۆم دەکەم بۆنی غەریبی
کە بێزارم لەهەرچێکی هەمانە

(حەبیب، ٣٧٠٨ : ٢٠٠-٢٠١)

وەک دەبینین،هێمن لەم شیعرەدا ئاماژە بۆ براو خزم و کەس و کاری دەکات،کە هەموو شتێکی ناخ هەژێنی و خەفەت باری ڕۆژگار دەدات لە سینگی واتە لە دڵی واتە دەیهەژێنێ هەموو خزم و کەس و کار براکانی بەیەکەوە تیری لێ دەدەن بەقسەی ڕەق و ناخۆش و دژی دەوەستن قسەکانیان بە داس دەشوبهێنێ، کە ئامێرێکی توند و تیژە و لەماڵی خۆی و لەناو خێزانی خۆیدا هەست بە غەریبی دەکات ئەم جیاوازە لەوان و بێزارە لەهەموو شتێکی دەوروبەری.

لەمیـــانەی ئەو ڕوونکـــردنەوە و ڕاوبۆچوونـــانەی، کە خـــرایە ڕوو دەتـــوانین بڵێـــین بـــابەتی خزمـایەتی لەشـیعردا پشـت دەبەسـتێت بە فـاکتەری سـۆزو کـۆمەڵایەتی لەلایەن شـاعیرەوە لە ئەنجامدا دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی دا باسی بکات و ئەدەبی کوردی هاوشێوەی ئەدەبی میللەتانی تر بێ بەش نەبووە لەم بابەتەدا، بەڵام بەپێی سەردەم ڕێژەی بەرجەستەکردنی لە شیعری شاعیراندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش لەئەنجامی گۆڕانی سیستەمی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردی بەتایبەتی، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەجێ هێشـتووە ئەمەش بـێ گومـان کـاریگەری دەبێـت لەســەر پەیوەنـدییە خزمایەتییەکـان، چـونکە پتەوکردنـی پەیوەنـدی خزمـایەتی لەنێـوان خـزم و کەس و کـاردا پەیوەسـتە بەبەسـەرکردنەوە وسەردانی خزم و کەس و کارو بەشداری لە بۆنەکانیان هەندێ لە داب و نەریتە خزمایەتییەکان سەردەمانی ڕابردوو بەرەو کاڵی چووە لەهەندێ شوێندا و لەهەندێ شوێنیش هێشتا بەبەهێزی بەدی دەکرێت دەتوانین بابەتی خزمایەتی پێناسـەی بکەین بەوەی دیاردەیەکی نەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤـایەتی و ئەدەب دا، چـونکە بە ڕادەی سـەرەکی یەکەم پەیوەسـتە بە پەیوەنـدی و ڕەچەڵەکـی خوێنی ئەم پەیوەندییە بەشێکە لە ژیانی مرۆڤایەتی و بناغەی دروستبوونی مرۆڤە. بۆیە دیاردەی خزمایەتی لەناو ناچێت و ئەدەب وەک دیاردەیەکی پەیوەست بە مرۆڤەوە بێگومان بەرجەستەی ئەم بابەتە دەکات وپێویستە ئەو دەستەواژە و وشانەی بەکاردێت لای شاعیرەوە ڕوون و کاریگەر و ئاسان بێت واتە لە زمانی ئاسایی خەڵکەوە وردەکاریەکانی هەڵبژێرێت .

## ٢-هەژاری

هەژاری دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتییە لە زۆربەی کـۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانـدا بەدی دەکرێـت و بەرجەستە دەبێت تەنانەت زۆرجار لەبەر نەبوونی ماددی لای تاک لە کۆمەڵگە دروست دەبێ، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ناخ و دەروونی تاک و ژیانی، چونکە دەبێتە هۆی بێبەشبوونی تاک لە زۆر لە پێداویستییەکانی ژیان چ خۆراک بێت، یان جل و بەرگ، یان لایەنی تەندروستی. تەنانەت لایەنی فێربوونیش ئەم دیاردەیە لەئەنجامی چەنـد هۆکارێـک سـەرهەڵدەدات و دەبێـتە مـایەی مەینەتـی مـرۆڤ و لەزۆربەی کـۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان هەیە تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتنەکاندا وزەقترین وێنەی ئەم دیاردەیە بریتییە لە برسیەتی کە"وێنەی هەرەبڵاوی ئەم مەینەتییەیە"(الصائغ، ٢٠٠٦: ١٣٢)

مخـابن، ئەوەش بەهـۆی ئەوەی،کە هەژاری زۆرجـار لەئەنجـامی خراپـی دەسـەڵات لەبەڕێوەبردنی داهات ودابەشکردنی لەنێوان تاکەکان دەبێتەهۆی ئەوەی لەحاڵەتێکی تاکەوە واتا ژمارەی کەم لەتاکەکەسەکان بگرێتەوە وببێتە دیاردەیەکی دیارو بەرچاو لەکۆمەڵگەدا، واتا ئەگەر ژمـارەی زۆر لەتاکەکـانی کـۆمەڵگە بگـرێتەوە، ئەوا دەبێـتە مـایەی نایەکسـانی نێـوان تاکەکـان و

درووستکردنی جیاوازی چینایەتی.بەواتایەکی تر،"هەژاری یەکێکە لەو دیاردانەی کۆمەڵ کە لە حاڵەتەوە دەبێت بە دیاردە لەو کاتەی کە نایەکسانی لەدابەش کردنی سامان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵ بڵاودەبێتەوە"(صالح و عبدالله، ٢٠١٦ : ٤٢) ئاستی هەژاری لای هەژاران لە تاکێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە بەکەمی، یان زۆری هەژاری خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە، چونکە لێکەوتەی زۆری لێدەکەوێتەوە. واتە کێشەیەکی هەمەلایەنە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە"هەژاری دەردێکی کوشندەیە لەوەتەی مرۆڤ لەسەررووی زەمین ژیاوە دیارە هەندێ کەس لە ژیانێکی خۆش ژیاون و تێرو پۆشتە بوون و هەندێ کەسیش برسی و ڕووت و ڕەجاڵ، لە وڵاتێکیش دا بەپێی بارودۆخی سیاسی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕاوە، هەژاری دەبێتە مایەی پڕنەکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ لەهەموو ڕوویەکەوە"(سلێوە، ٢٠٠٨ : ٦٤) سەبارەت بە چەمک و پێناسەی هەژاری پێناسەی جۆراوجۆر کراوە لەلایەن پسپۆڕان و نووسەران هەریەک لە ڕوانگەو تێگەیشتنی خۆی پێناسەی کردووە بۆ نموونە  هەندێک پێیان وایە،کە:-

"بارودۆخێکی درێژخایەنە، کەتاک تووشی لاوازی دەکات و بەرهەم دێت لە گەورە بوونی کاریگەری هۆکارە ترسناکەکان و ئاستەنگی جۆراو جۆر دروست دەکات و کاریگەری لەسەر دەروون وجەستە و ڕۆح دەبێت"(جنسن، ٢٠١٥ : ١٦) بەڵام هەندێک پێیان وایە،کە"نەبوونی داهاتی پێویستە بۆ کڕینی پێویستیەکان یان بەجێهێنانی ئاستی گوزەرانی پەسەندکراو"(سکوت، ٢٠٠٩ : ٣٠٩ ) هەروەها هەندێک تر لەشارەزایان،باس لەوە دەکەن، کە هەژاری"بریتییە لە بێ توانایی تاک یان خێزان لەبەردەست بوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی، کە تاک یان خێزان دەتوانێت لەمیانیانەوە ژیانێکی سەربەست و ئارام بژیت لە کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا "(فرج، ٢٠١٧ :٤٠٤)یاخود هەژاری بریتییە لە"بێ توانایی تاک یان خێزانە لەسەر بەردەستبوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکان، کە تاک یان خێزان لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ژیانێکی شایستەو ئارام بژیت لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو"(حسن، ٢٠٠٥ : ١٧)هەر لەو چوارچێوەیەدا هەندێک تر لەشارەزایان پێیان وایە،کە هەژاری"پێویستی و لاوازییە لەسەر بەدیهێنانی پێداویستییە ماددی و ویژدانی و فیکرییەکان و ئەمەش بێ توانایی لە چارەسەرکردنی پزیشکی و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو یان فێربوون یان بەدەستهێنانی چارەسەر و خزمەتگوزاری تەندروستی دیار دەکەوێت"(غباش، ٢٠١٩ : ٨٣)

لیرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە هەژاری بریتییە لە نەبوونی داهات وکەرەستەکان یان دڵنیابوون لە بژێوییەکی بەردەوام، چونکە لە دەرکەوتەکانی بریتییە لە برسێتی و بەدخۆراکی وکەم بوونەوەی دەست گەیشتن بە پێداویستییەکانی وەک:پەروەردە و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان وجیاکاری کۆمەڵایەتی ونەبوونی دەرفەتی بەشداری کردن لە بڕیاردانــدا واتە هەموو کاردانەوەدەکان دەگەڕێتەوە سەر فاکتەری یەکەم، کە هۆکاری ماددیە ئەو کاریگەرییە خراپەی، کە

هەژاری بەدوای خۆی دەهێنێت وبووەتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی شاعیران لە شیعرەکانیان گوزارشت لەم بابەتە بکەن واتە شیعرەکانیان بوو بە پەناگەیەک لەڕێگەیەوە بتوانن خەم و دیاردە ناخۆشەکان دەرببڕن و ئەمە لە شیعری هەموو میللەتان ڕوویداوە لە میللەتی عەرەب زیاتر لە شیعری (صعالیک) بە زەقی دیار دەکەویت، چونکە (صعالیک) کۆمەڵێک خەڵک بوون لە دورگەی عەرەبی پێش ئیسلام دەژیان و لە خێڵەکانیان جیابوونەوە لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ناهەموار دەژیان بۆیە زیاتر لەشیعرەکانیان تیشکیان دەخستەسەر ئەم بابەتە و پانتاییەکی فراوانی لەشیعرەکانیان داگیرکردبوو هەر هەژاریش بووە هۆی ڕەتکردنەوەی واقیعی خۆیان"ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی، کە باو بوو لە کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەردەمی پێش ئیسلام و ڕەتکردنەوەی ئەم واقیعەی، کە هەژاری و نەداری سەپاندبوو بەسەریاندا فاکتەری سەرەکی بوو لەپشت دەرچوونیان لە گوێڕایەڵی کۆمەڵگە"(إسماعیل، ٢٠١٣ :٨٧)

لەناو میللەتی کوردیش دا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی، کە بەدرێژایی مێژوو میللەتی کورد تووش بوو هاندانێک بوو بۆ ئەوەی شاعیران لە شیعرەکانیان ئەو باوردۆخە بەرجەستە بکەن، چونکە"زۆربەی ژیانی میللەتی کورد وابووە، کە لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو چەند دەرفەتێکی بۆ ڕەخساوەو ڕێخۆشکەر بوون بۆ بەدی هاتنی بەشێک لە ئامانجەکان، بەڵام لەبەر بێکەسی و بێ سەرکردەیی لێی تێک چووەو پێی نەگەیشتووە. ئەمە وای کردووە، نیشتمان هەر بەبێ نازی بمێنێتەوە. شاعیرانی کورد لەهەر سەردەمێکدا هەستیان بەم حاڵەی کورد کردبێ، لە ئاستیدا بێدەنگ نەبوون و بەشیعر ئەو هەستەیان دەربڕیوە هەیانە تەنها غەم و ئازاری دەربڕیوەو، هەشیانە بەدوای ڕێگە چارەدا گەڕاوە"(باڵەکی، ٢٠٠٥ : ١٦٨)

و لەبەرئەوەی "کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی خێڵەکی، دەرەبەگایەتی دواکەوتوو بووە هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری، کەبەسێ کوچکەی دواکەوتن و لەناوچوونی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت لەکۆمەڵدا بڵاوبوون. بێگومان ئەمەش دەرەنجامی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بوو" (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٠ : ٩٧) هەر بۆیە شاعیران" لە خەمی خستنەڕووی ئەو بارە نالەبارانەدا بوون، کە مرۆڤی کورد تیایدا گوزەری کردووە "(صالح و عبدالله،٢٠١٦ :٤١) کەواتە بابەتی هەژاری هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردییەوە جێگای بایەخ وسەرنجی شاعیران بووە لەو شاعیرانەی، کە باسی بابەتی هەژاری لە شیعرەکانیدا کردووە (کاکەی فەلاح ١٩٢٨-١٩٩٠ ز) لە شیعرێکی بەناونیشانی (ڕاپەڕن) دەڵێت :

ئەی کرێکاری نەبەرد و        کاکی جوتیاری هەژار

ئەی زەلیلانی چەپۆکی
خوێن مژانی شەرمەزار
ماوەیەکە شێخ و ئاغاو
میرو ئیستیعماری پیس
لاشەتان ئەدڕن بەکەڵبە
وەک سەگی هەوشاری پیس
ماوەیەک بەش خوراون
سا بەسی بێ کۆششێ
بۆ نەجات و بەختیاری
ڕاپەڕینێ شۆڕشێ
ئەی برام کاکی فەلاحم
شێری دەشت وچاڵ وکۆ
پێم بڵێێ بۆ چ وا زەعیفە
باوەڕ و ئیمانی تۆ
میر لەناو کۆشک و تەلارا
بەش بکا فەرمانی تۆ
ئەو بخوا گۆشتی مریشک و تۆش
نەخۆی تێر نانی جۆ

(بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ٣١)

وەک دەبینـین، لەم شـیعرەدا شـاعیر هـانی جووتیـار و هەژاران دەدات بـۆ ئەوەی ڕزگـاربن لەدەسـت زوڵـم و زۆرداری بۆبەدەسـتهێنانی مافەکانیـان لەدەسـت ئیسـتیعمار و دەرەبەگ، کە مافەکانیان دەخۆن شۆڕش بەچارەسەر دەبینێ بۆ چارەسەری ئەم کێشـەیەو بەجوتیاران دەڵێ: لاواز وبـێ دەسـەڵات نەبـن لە هەڵوێسـت وەرگـرتن لە بـارەی ئاغـا و بەگەوە،چـونکە ئەوان بەپێچەوانەی ئەمـان ئەژین ئەوان بە کەیف وخۆشـی و ئەمـان لەنەهـامەتی هەروەهـا (قـانع ١٨٩٨-١٩٦٥ز ) ی شاعیر لە شیعری(کڕوزانەوە بۆ هەژاران) دەڵێت:

هەژار : ڕەببی نەجاتت بێ ئەم حاڵەی پەرێشانت
غەنی : تۆش بێرە سەرباری سەخا ، دەستم بەدامانت
خوا ئەو چاوە هەر ڕووت کا ، تەماشای حاڵی بێ دەس کا
ڕەزیل ، ڕەببی بەتیری چاوی خۆت بێ نووکی موژگانت
براکەم : باوو باپیرت هەموو مردن ئەتۆش ئەمری
کە تۆش مردی بە کۆچی زێرو زیوو دووڕو و مەرجانت ؟
تەماشای حاڵەتی خۆت کە ، ئەبێ حاڵت چ ناخۆش بێ
لەکاتی غەرغەرەی سینەت ، کە ڕۆحت دێتە لێوانت !
دەسا یادێ لەحاتەم کە چ ناوێکی لەشوێن جێما
ئەتۆدنیا وەها بگری ، مەگەر مەنگ بێتە میوانت
مەنازە قەت بەفیرعەونی ئەمە میسرێکی زۆر کۆنە
کەئەمرۆ هاتە ژێر حوکمت ئەبینی دادو دیوانت
کەتۆ قانع بەدەم هیچت نەهێشت و خۆت بەچاک دانا
ئەگەر ئەربابی دنیایی ، چلۆنی تۆو ئیمانت؟!

(قانع،١٣٩٣ : ٨٤)

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا باس لەزەلیلی هەژار دەکات و بارودۆخی پەرێشانی وداوا لەخـوا دەکـات نەجـاتی بێـت لەو حـاڵەتەی، کە تیایـدا دەژی و داوا لەدەوڵەمەنـدەکان دەکـات یاریمەتییان بدەن و ڕەزیل نەبن، چونکە دەمرن و ئەو موڵک و ماڵەی، کە هەیانە بەجێ دەمێنێت بۆ ئەم و ئەو و هـیچ بەدەردی ئەو نـاخوات واتە سـوودی نییە ڕەزیلـی و کـۆکردنەوەی سـەروەت و سامان و پارەو چاو لە (حاتەم ئەلتائی) ببڕن، کە چۆن ناوێکی پاک و باشی لەدوا بەجێ ما، چونکە میوان دۆست بووە و پارەی بۆ هەژاران سـەرف کردووە ویارمەتی داون بەمەش بۆتە نموونەی باڵا لەم لایەنەدا دەڵێت:مەزانە، کە خاوەن پارەی و خۆت  بە کەسێکی باش دامەنێ، ئەگەر حەزت بەدونیـایە ئەوا چ ئیمانێکـت هەیە، کە یـارمەتی هەژاران نادەیـت هەروەها(شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی (١٨٣١-١٩١٠ز) لەشیعرێکدا بەناوی (دەوڵەمەندی ساحێب پارە )دەڵێت :

خەبەرچوو بۆ میرە سوورە
قوربان شێخ ساڵح مەغدوورە
خۆشی خۆشیی پیکەوت، وتی
"ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە"
کەسی فەقیری بێ چارە
گەرعەیبی هەبێ دیارە
دەوڵەمەندی ساحێب پارە
سەدعەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لەماڵ چێ
دەڵێن ئاگر نییە، نوورە
نەنوورەیلێ ، نەموورەیلێ
شاپڵێتەیلێ ، دەرقوونەیلێ
قسەی جوولەکەی مەشهوورە

(مستەفا،٢٠١٠: ١١٤)

وەک دەبینین شاعیر لەم شیعرەدا باس لە هەژاری و کەسی هەژار دەکات کەوا لایەنی ماددی و هەژاری لەلایەن هەنـدی کەسـەوە بەچـاوی نـزمەوە سـەیردەکرێت لەکـۆمەڵگەدا ئەگەر هەر هەڵە وخەوشێکی هەبێت باس دەکرێت و دەکەوێتە بەر ڕەخنە کەچی بەراورد لەگەڵ کەسی دەوڵەمەند خاوەن چەندەها عەیب بێت کەس باسی ناکات، چونکە خـاوەن پـارەیە واتە لایەنە مـاددیەکە پێوەرە نەک لایەنـی ڕەوشـتی و ئاکـاری بەرزو جـوان، کە ئەم لایەنەش لەخـودی خۆیدا گرنگترە لە ڕووی

کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات وەکو نموونە کەوا ئەگەر ئاگر لەماڵی دەوڵەمەند بەربێت خەڵک پاساوی بۆ دەهێنێتەوە و سیفەتی جوانتر و باشتری پێدەبەخشێ، کە دەڵێن نوورە ئاماژە بە پەندێکی جوولەکە دەکات لە شیعرەکەدا.

گومانی تێدانییە هەژاری گەلێک لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە لەکۆمەڵگەدا و تاک تووشی نائومێدی وپەژارەیی دەکات و دوادەکەیت لەپەرەپێدان بەتوانا زانستی و کارامەییەکانی لەبەرنەبوونی فاکتەری ماددی و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئارامی دەوڵەت و دابەشبوونی ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، چونکە جیاوازی ماددی و ئاستی گوزەرانی ژیان لەنێوان تاکەکان کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت وایان لێ دەکات، کە توندڕەوبن لە هەڵوێستیان بەرانبەر دەسەڵات و تاکەکانی تر، کە ئاستی ماددیان باشترە وای لێدەکات لە ململانێ دا بێت بەبەردەوامی لەپێناو گەیشتن بە ئاستێکی ماددی شایستە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی، کە بێبەشە لێی وەکو لایەنی زانستی و تەندروستی..... هتد .

## ٣-جیاوازی چینایەتی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو لەچەندین پێکهاتەو چینێک پێکهاتووە و پێوەری سەرەکی دەستنیشانکردنی چینەکانیش لایەنی ماددی بووە ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی درزێک لەنێوان کەسانی سەر بەچینە جیاوازەکان لەڕووی شێوازی ژیان و خۆش گوزەرانی و نەهامەتی و نەدارییەوە زاراوەی چینایەتی یەکەم جار لە لایەن"ئادام ئسمیث لەکتێبی (سامانی نەتەوەکان) بەکارهێنراوە "(ووسوقی وخولق، ٢٠١٣ :٢٥٢) چینە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە:"گرووپگەلێکی تایبەتی زۆر بەربڵاو کە پێکهاتووە لەچەند گرووپی لاوەکی، کە خاوەن یەکگرتوویەکی تایبەتن و لەبەرانبەر نفوزو کارتێکەری کۆمەڵگەی گشتدا خۆڕاگری دەکەن خاوەن خەسڵەتگەلێکی وەک بنەماوەرگری وشیاری گشتی وردە کولتوری تایبەت و دژایەتی سەرەکی لەناوخۆیاندان و بەپیشەسازییەوە بەستراونەتەوە"(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٣: ٢٥١-٢٥٢) مەبەست لەجیاوازی چینایەتی"واتە باڵا دەست بوونی چینێک، لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و..هتد لە سەرحیسابی چەوساندنەوەی چینێکی تر"(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٠ : ٩٠)

ئەم دیاردەیە بووەتە هاندەرێک بۆ ئەوەی شاعیران شیعر بنووسن دەربارەی ئەم بابەتەو ڕەتیبکەنەوە و بانگەواز بۆ یەکسانی بکەن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە"کۆمەڵگا لە قۆناغگەلێکی مێژوویی جۆراوجۆردا کۆمەڵێک گرووپی جیاوازیی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەم گرووپ بەندییانە هەموو کات یەکسان نەبوونە، وهەروەها زمان، کە دەسنیشانکەری شوناسی چینی کۆمەڵایەتییە،

بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە"(وێبستێر، ٢٠٠٦ : ١١١) زەقترین وێنەی چەوسانەوە کە شاعیران بەرجەستەیان کرد بریتیبوو لە"بەرجەستەکردنی ئە وچەوسانەوەی، کە جوتیار دەینالاند پێوەی لە دێ لەژێر فشاری دەرەبەگ "(الصائغ ، ٢٠٠٦ : ١٣٣) لە ڕاستیدا ئەم جیاوازی چینایەتییە دیاردەیەکی خۆرسک نییە واتە لە خۆیەوە دروست نابێت، بەڵکو لەئەنجامی چەند هۆکارێک، کە زەمینەسازی دەکات بۆ سەرهەڵدانی دیاردەکە .

جیاوازی چینایەتی لە هەندێ حاڵەتدا لایەنی نەتەوەیی و ڕەنگی پێست و ئاستی زانستی دەگرێتەوە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا و بنەماڵە عەشیرەت و شێخ و سەید و ئاغا و.....هتد، کە کاریگەری دەبێت لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژن و ژنخوازی و ئەم جیاوازی و ململانێیە لەنێوان چینە جیاوازەکاندا دەبێتە مایەی شڵەژانی بارودۆخی کۆمەڵگە لەبەرئەوەی ناکۆکی بەردەوام نائارامی بارودۆخی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە جیاوازی و ململانێ چینایەتی زۆرجار لەئەنجامی دەمارگیری سەرهەڵدەدات و دەمارگیریش چەند لایەنێک دەگرێتەوە وەکو نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی ..... هتد تەنانەت لایەنی زمانەوانیش لەنێوان چینەکان جیاوازی تیایدا بەدی دەکرێت لەڕووی دەربڕین وبەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی تایبەت بەچینێک ئەم جیاوازییەش نیشانەی ئەوەیە لەسەر ئەوەی، کەسەکە سەر بە چ چینێکە لەڕووی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری ..... هتد.ململانێ چینایەتی"دروست دەبێت لەئەنجامی داواکردنی یەکسانی لەنێوان تاکەکان و ئەنجامدانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی موڵکییەتی تایبەت هۆکارەکانی بەرهەمهێنان"(عمیري، ٢٠٢٠-٢٠٢١:٦٥-٦٦)

هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر قەوارەی کۆمەڵگە، چونکە یەکێکە لە"درزە ترسناکەکان، کە تووشی بنیاتی کۆمەڵایەتی دەبێت و دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوون و لاوازبوونی"(شاهین، ٢٠١٩ : ٧٨٨) ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە وململانێ، کە بەئاشکرا بەدی دەکرێت لەوەی، کە"ململانێیەک سەرهەڵدەدات لەنێوان ئەوانەی، کە باڵادەستن بەسەر سامانی ئابووری و ئەوانەی بێ بەشن و ئەم ململانێیە ئاڵۆزی درووست دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و گۆڕانکاری سیاسی و یاسایی و لەناوچوونی ئارامی کۆمەڵایەتی"(مصطفی و علي ، ١٧٩:١٩٨٩) هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە، چونکە ململانێ و ناجێگیری بارودۆخی کۆمەڵگە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هەموو بوارو لایەنەکانی کۆمەڵگە"جیاوازی چینایەتی و پاشکەوتنی کۆمەڵ دوو دیاردەی پێکەوە بەستراون، و زیاتر لەو هەرێمەدا تەشەنە دەکەن، کەلەڕووی جوگرافییەوە لە ناوەندی دەسەڵاتەوە دوورن. مەترسی ئەو هەردوو دیاردەیە

گەورەتر دەبێت کاتێک دەسەڵات ئەو هەرێمانە پەراوێز دەخات و تەنیا وەکو سەرچاوەی دارایی و هێزی کار بۆ گەشەکردنی ناوەند و نەشونومای دەزگاکانی خۆی بەکاردێنێت"(قەرەنی، ٢٠١٢ :١٩٦ )

(مارکس) دەڵێت:"چارەسەرکردنی ئەم ململانێیەش دواجار لە سۆنگەی ئەو شۆڕشەوە وەدەس دێت، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی"(وێبێستێر، ٢٠٠٦: ١١٥) واتە لە ڕوانگەی مارکسەوە جیاوازی چینایەتی بە شۆڕشی چینی چەوساوە لەناو دەچێت"ئاستی جیاوازی کردن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. لەهەندێک کۆمەڵگادا ئەم جیاوازییە زۆرە بەتایبەتی لەو کۆمەڵگا دواکەوتووانەی، کە سیستەمی بەڕێوەبردنیان لەسەر بنەمای ئاینی و نەتەوەیی و خێڵەکی..هتد دروست بووە لە کۆمەڵگای فیوداڵیشدا چینەکان بریتین لە خاوەن موڵک (ئاغا) و جوتیاران. هەندێک جار ئاغا جگە لە چەوساندنەوەی جوتیارەکان و بردنی بەشێکی زۆری بەرهەمی ماندوو بوونیان، چاویان دەبڕیە کچەکانیان و زۆرجار بەزۆرو بەبێ ڕەزامەندی کچەکەو دایک و باوکیان، کچەکەیان لە خۆیان مارە دەکرد،چونکە ئەوان چینی باڵا دەست بوون و خاوەنی هێز بوون، لەڕووی ئاووری و کۆمەڵایەتییەوەو هەمیشە چینی خوارەوە (جوتیاران)، یان دەچەوساندەوە"(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٥ : ٣٩٦) ئەم بابەتەش لە ئەدەب و شیعر بەتایبەتی زۆر میللەت بەدی دەکرێت بەتایبەت لە شیعر، کە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ وبەرچاوی لەناو کۆمەڵدا گێڕاوە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لای ئەو شاعیر وئەدیبانەی خاوەنی بیری چەپ(مارکسی) بوون. کۆمەڵگەی کوردەواری چەندین توێژو چینێک لە خۆدەگرێت وەکو چینی هەژارو دەوڵەمەند و جوتیارو وئاغا ئەمانە لە چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵی کوردەوارین، کە جیاوازی لە دۆخی ژیانیان هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ،

چینی دەرەبەگ و ئاغا و خاوەن دەسەڵاتی ئایینی خەڵکیان دەچەوساندەوە بە داگیرکردنی زەوی زاری کشتوکاڵیان و دەستبەسەردا گرتنی مافی جوتیار و وەرگرتنی سەرانە لە خەڵک ئەم هەموو بارودۆخە نالەبارە کاریگەری توندی هەبوو لەسەر ناخی شاعیراندا ئەم جیاوازییەش زیاتر"لە ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی یەکەم و دواتریش بە ئاڵۆزی مانەوەو بەرەو خراپی دەچوون جیاوازی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا گەیشتبووە ڕادەیەک کە دەوڵەمەندەکانی شار_ هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو_ ژیانێکی خۆشیان دەگوزەراند و هەڵسووڕاندنی کار و چالاکییەکانی بازاڕیان بەدەستەوەبوو، خۆیان لە پلەو پایەیەکی باڵاتر لە خەڵکی دیکەی هەژار دادەنا. لە دێهاتەکانیشدا هەر دەرەبەگێک دەیتوانی هەموو ڕەنج و موڵکی ئەو خەڵکەی لە سنووری دەڤەرەکەیدا بوون لە بازنەی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیدا پاوان بکات"(قەرەنی، ٢٠١٢ :١٩٦ )

بەڵام ئەم کێشەیە"بەشێوەیەکی زەق باسی لێوە نەکراوە، تا کاتی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە بیری مارکسی لە کوردستاندا و دەتوانین بڵێین دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بیرە لە کوردستاندا کێشە چینایەتییەکان بە ئایدۆلۆژی کران و پارتە سیاسییە چەپەکان کاریان لەسەر دەکرد" (محەمەد، ٢٠١٤ :١٥١)شاعیران"هەستیان بە ئەنجامەکانی جیاوازی چینایەتی دەکردو لە هۆکارەکانیشیان دەکۆڵییەوەو لەنێو شیعرەکانیاندا دەریان دەبڕی بە چاوێکی سووک ڕەفتار و کردەوەکانی دەوڵەمەندە کەدخۆرەکانی شارو دەرەبەگە ستەمکارەکانی زۆم و دێهاتەکانیان هەڵدەسەنگاند و بەشیوەیەکی وا ڕەخنەیان دەگرت، کە خوێنەر بەئاسانی لەمەبەستیان تێ بگات و هاوسۆزی خۆیان بۆ چینی هەژارو ستەمدیدە نیشان بدەن"(قەرەنی، ٢٠١٢ :١٩٦) بەڵام زانای کۆمەلناسی و کەسایەتی ئەکادیمی عێراقی (عەلی ئەلوەردی ١٩١٣-١٩٩٥ز) ڕای جیاوازە دەڵێت:"جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمایەکی ئابووری گۆڕاودا بووە. چینە پێکهێنەرەکانی لەیەکتری نزیک و تێکەڵاو بوونە بەجۆرێک هەست بە جیاوازی نێوان دانیشتوانەکەی نەکراوە، هەژار بووبێت یان دەوڵەمەندە، شارنشین یان گوند نشین"(ئەلوەردی، ٢٠١٥ : ١٦٥-١٦٦) واتە جیاوازی چینایەتی بەڕای (عەلی ئەلوەردی) پێچەوانەی بۆچوونەکانی تر بەشێوەیەکی زەق لە کۆمەڵگەی کوردی بەدیار نەکەوتووە بەشێوەی سادە بووە .

زۆرن ئەو شاعیرانەی کورد، کە شیعریان داناوە دەربارەی ئەم بابەتە، چونکە"چەوساندنەوەی چینایەتی لەمپەڕێکی سەخت بووە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵ بە زیانی چینە چەوسێنەرەکانی تەواو دەبێ"(طە، ٢٠٠٢ : ٨٤) بۆ نموونە لەو شاعیرانەی، کەبابەتی جیاوازی چینایەتی لە شیعرەکانیان ڕەنگداوەتەوە (گۆران، ١٩٠٥ – ١٩٦٢ز )کە لەم شیعرەدا دەڵێت:

ڕووی نیازی زەردی دایک وباوک و خۆم
بێسوود کەوتە گەڕ
خۆیشی چەشنی باوکم تفی هەڵدا بۆم،
گوێی لێ کردین کەڕ!
ئەو کوڕ بوو ، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،
بەدەستووری گەل
ئایا کێی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو،
بەڵام، ئاخ ئەجەل !
منێ (کچ) مامزی بەندیخانەی ژین:
سزای تاوانم،

بەدەستی باوکی خۆم چووم بەسەربڕین!...
پرچی پەخشانم،
تلا لەخوێنەوەوکەوتە سەر چاوم،
ئیتر نەمبینی!
لەجەرگی باوکما سەری بڕاوم
چۆن بوو برینی ؟
یان دایکی دڵسۆزم وێرای بەبێ شەرم
بۆ جوانەمەرگی
وەک دایکان شیوەنێک بگێڕێ بەگەرم،
ڕەش کا بۆی بەرگی؟...

(مەلاکەریم،١٩٨٠، ٢١٠ – ٢١١)

لەم شیعرەدا شاعیر باسی ئەو دیاردەیە دەکات، کە لەناو کۆمەڵگەدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئەو هەڵەیەی، کە کچ دەیکات کە، تووشی تانەوتەشەر دەبێت و لۆمە دەکرێت چ لەلایەن خێزانی یان، کۆمەڵگەو تووشی سزا دەبێت، بەڵام ئەگەر کوڕ ئەو هەڵەیە بکات هیچ ڕوونادات و ئاسایی وەردەگرێت، ئەگەر عەیبەش بێت و لەم شیعرەدا باسی هەڵوێستی کوڕەکە دەکات، کە چۆن بەئاسانی بابەتەکەی وەرگرتوەو هیچ بایەخێکی بۆ کچەکە دانەناوەو کەسیش لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکات هەروەها شاعیر (ع – ح – ب) (محمد حسین برزنجی١٩٢٣–٢٠٠٠) لە شیعرێکی دا دەڵێت:

گەورەم ئەی ئاغای خاوەن
زنجیر و کۆت و پێوەن
خەنجەرت بوەشێنە
وەک دار جەستەم دابێنە
بمدە بەر قامچی و بەردار
لێم نابیستی قەت هاوار
پاڕانەوە تکا ، ئاە
بۆ بەخشین لە سوچ ، گوناە
ئاخر دڵۆپی خوێنم
بڕێژی وازناهێنم

لەگەڵ شەڕکردنتا
بەناخی ئەرز بردنتا
هەتا ڕەنج بێوەر تربم
هەتا دەربەدەر تربم
غیرەتم زیاتر هانم
ئەدا بۆ خرۆشانم
بۆ ڕیشە دەرهێنانت
بازاڕی جەورەکانت

(بەرزەنجی،٢٠١٢ : ٥٦ –٥٧ )

لێرەدا شاعیر بە ئاغاو بەگ دەڵێ، کە چەند ئازاری بدەن و بیچەوسێننەوە ئەو قەت هاوار و تکا ناکات لێی بۆ ئەوەی لێی خۆش بێ واتە خۆی بۆ ناچەمێنێ، بەڵکو دەڵێ تازەرەرمەند نەبم بەهۆی تۆوە بەردەوام دەبم بۆ شەڕکردن بۆ لەناوبردنی و ڕیشە هەڵکێشان و کۆتایی هێنان بە ستەم و جەورەت، چونکە ئاغاو دەرەبەگ هەردەم چینەکانی تری کۆمەڵیان چەوساندۆتەوە .
لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین جیاوازی چینایەتی وەکو دەردێکی کوشندەوایە لەکۆمەڵگەدا ئەو لێکەوتە و کاریگەرییەی لێی دەکەوێتەوە دەبێتە هۆی دارمانی کۆمەڵگەدا لە زۆر لایەنیدا چ لایەنی ئاکاری یان سیاسی یان ئابووری یان ئایینی .....هتد بێت، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەلایەنی ژیانی مرۆڤایەتی مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەڵگە و خاوەن هەست و سۆز بیرکردنەوە کاردانەوەی دەبێت لەبەرانبەر چەوساندنەوە لەدژی دابێ گومان کاردانەوەکەش کاردانەوەیەکی خراپ دەبێت بۆیە پێویستە لەسەر کاربەدەستانی حکومەتی هەر وڵاتێک هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگە بەهەموو جۆرێک کار بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بکەن، چونکە تا ئێستاش لە کۆمەڵگەکاندا هەیە جگە لەمەش کاربکرێت بۆ ڕوونەدانی لەبنەڕەتدا لەبەرئەوەی دیاردەیەکی قبوڵکراونییە لەلایەن کەسانی خاوەن ڕەوشت وهەڵسوکەوتی چاک هەروەها لەڕووی ئایینییەوە ڕێگە پێدراو نییە هەندێ جار جیاوازییەکە تەنها لایەنە ماددییەکە نییە، بەڵکو هەندێ جار بریتییە لە دەربرینی وشەی زبر بەرانبەر کەسی بەرانبەر.

## ٤-پرسەنامە

مردن حەقیقەتیکی چەسپاوە لەژیانی مرۆڤایەتیدا وقەدەرێکی خودایيە چارەنووسی هەموو مرۆڤێک لەکۆتایی دا مردنە و کات و شوێنی دیاری نییە. ئەم حاڵەتە کار لەناخی مرۆڤ دەکات بە ناخۆشی، چونکە هەندێ جار مرۆڤ پێش مردنی خۆی مردنی کەسانی دەوروبەری دەبینێت، کە ئەمەش دەبێتە مایەی خەم و خەفەت، لەبەرئەوەی لەدەستدانی دۆست و هاوڕێ و خزم و کەس و

کار و تەنانەت هەندێ لە کەسایەتییە گشتییەکانیش کارێکی ئاسان نییە ودەبێتە مایەی خەم و پەژارە بۆ مرۆڤ. ئەمەش لەکاتێک ئەو کەسایەتییانە ناوبانگی چاکیان هەبێت لە کۆمەڵگە و دەربڕینی ئەم خەم و خەفەتە بە گریان دەبێت، یان بەشێوەی پرسەنامە و سەرەخۆشی لە خاوەن و کەس و کاری مردوو یان بە لاواندنەوە بۆ مردووەکە.

بەگشتی پرسەنامە یەکێکە لەو پرسانەی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەهاو نرخی خۆی هەیە و بابەتێکە واله خێزانەکان دەکات لەیەکتری نزیک ببنەوە و بایەخ بەیەکتری بدەن. زۆرجار ڕێککەوتووە چەند خێزانێک شیرازەی کۆمەڵایەتییان خەوشی تێکەوتووە،بەڵام لەکاتی مردنی کەسێکی ناو خێزانەکاندا ناکۆکییان خستۆتە لاوەو تەبایی کەوتۆتە بەینییانەوە لەکاتی مردنی کەسی نزیک خاوەن مردوو ئەگەر کەس لە دەوروبەری نەبێت و هاوخەمی دەرنەبڕێت و بەشداری پرسەیان نەکات ئەوا تووشی نائومێدی و خەم و خەفەت دەبێت، بۆیە پرسەنامە لە ئازارو خەم و خەفەتی خاوەن مردوو کەم دەکاتەوە و دڵنەوایی دەدات . پرسەنامە یەکێکە لە جۆرەکانی نامەی ئەدەبی، یان شێوازی شیعری، کە تایبەتە بە حاڵەتی مردن، کە شاعیران و ئەدیبان بەکاری دەهێنن بۆ گوزارشتکردن لەسەر ناخی خۆیان بەرامبەر مردوو، یان خاوەن مردووەکە.

وشەو زاراوەی نامە"بەو نوسراوانە گوتراوە، کە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نووسراوەو نێردراوە، ئینجا نوسراوەکان پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەبووبێت یان نەبووبێت، بەشێوەیەکی گشتیش:نامە هۆیەکە لە هۆیەکانی دەربڕین و گوزارشت لە ویست و ئارەزووی مرۆڤ دەکات "(عەبدوڵلا، ٢٠٠٧ : ٣٤ )

جۆرەکانی نامە:-

١- وەسیەت نامە : ئەو نامەیەیە، کە هەندێ کەس لە پێش مردنی دا دەینووسێ.

٢-هۆنراوەنامە : ئەو نامەیەیە، کە بەهۆنراوە نووسراوە وەک نامەکەی نالی و سالم(ڕەشکێنی، ٢٠٠٢ :٦٢) لێرەدا باس لە هۆنراوەنامە دەکەین، چونکە باسەکەمان پەیوەستە بە بابەتی هۆنراوەوە.

"نامە شیعرییەکان، کەدوو شاعیر یان زیاتر ئاڵوگۆڕی دەکەن زۆرجار سەنگ و ئیعتیباری خۆی هەیە لەکۆمەڵگە لەبەر ئەو بیرۆکە ڕاست و بنیاتنەرانە ودەستەواژە جوان و سەرنج ڕاکێشانەی دەیگرێتە خۆ"(الأوغندي،٢٠١٠- ٢٠١١ : ١٢٥)

بەکارهێنــانی ئەم هــونەرە ئەدەبیــیە لە ئەدەبــی کوردیــدا"لە کــۆنەوە لای شــاعیرانمانەوە بەلاســاییکردنەوەی شــاعیرانی کــۆنی میللەتــانی ڕۆژهەڵات بەکارهــاتووە، یــان شــاعیران ســڵیان لەبەکارهێنــانی نەکــردوەتەوە، هەرچەنــدە بەشــێوەی شــیعرو بڵاوبــوونەوەی لەناوخەڵــک و ئاوڕدانەوەی شاعیران بۆ نووسینی نامەکانیان بەم شێوەیە، وەک پێویست بەرچاو نەکەوتووە، ئەمەش لەبەر چەندین هۆی تایبەتی وەک بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد لە ڕووی ڕامیاری و ئــابووری و کــۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیرییەوە بــووە، جــگە لە پەیــدابوون و بەردەســت کەوتنــی کەرەستەکانی نووسین و بڵاوکردنەوەی، کەبەشێوەی پەخشان زیاتر ڕۆڵی خۆی دەبینی"(عەبدوڵلا ، ٢٠٠٧ : ٤٣)،بەڵام سەرەتای ئاشکرای سەرهەڵدانی"لای کورد هونەری نامە نووسینی شیعری لەدایک نەبووە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم نەبێت یەکەم بەرهەمی (نامەش) ئەم هونەرە بە شیعر لەلایەن (نالی) شاعیرەوە هاتۆتە نێو ئەدەبی کوردی"(مستەفا، ٢٠٠٥ : ٢١١) سەرەتای سەرهەڵدانی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ"دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەساڵی (١٨٩٨ز)، لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت، بۆنموونە نامەکەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان (میقداد مەدحەت بەدرخان )،کە بۆ سوڵتان عەبدولحمیدی نووسیوە"(ڕەشکێنی، ٢٠٠٢: ٦١)

شاعیران لەڕێگەی ئەونامانەوە"کۆمەڵێ مەبەستیان گەیاندووە، یاخود تەنیا هەواڵ پرسین و بەسەرکردنەوەی ئەو کەسە بووە کە نامەکەیان بۆ ڕەوانە کردووە و هەست و سۆزی ناخییان بۆ دەربڕیوە"(غریب، ٢٠٠٨ : ٧٢) نامەی شیعری"چەندین بابەتی هەمەجۆر دەگرێتە خۆ وەک (سیاسی و نەتەوەیی، دڵداری، کۆمەڵایەتی" (هەمان سەرچاوە ، ٢٠٠٨: ٧٣) وەکو سەرەتا ئاماژەمان پێدا، کە دەربــڕین دەربــارەی حــاڵەتی مــردن بە لاوانــدنەوەش دەبێــت، کە"بــریتییە لە یەکەمــین هەوڵــی داهێنەرانەی ئەدەبی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا "(الأسود، ٢٠٠٨: ١٥) و لاواندنەوە تەنها دەربڕینی خەم و پەژارە نییە، بەڵکو وەکو کەسایەتی ئەکادیمی عێراقی (ابتسام المرهون ) دەڵێت :
"دوو لایەنی هەیە یەکەم تۆمارکردنی هەستی لاوێنەر و دەرخستنی پەرۆشی و خەم و شۆکی و دووەم دەرخستنی پایەی مردووەکەیە ،واتە یادکردنەوەی تایبەتمەندییە چاکەکانی، کە ناوبانگ بووە پێی لەکاتی خۆیدا"(المرهون، ٢٠٠٦: ٢٤٢) و هیچ جیاوازی نییە"لەهەرێمێک لە هەرێمەکانی تر یان، کۆمەڵگەیەک لەکۆمەڵگەکان وێنەیەکە لەوێنەکانی ستایش بەشێوەی ڕابردوو یان ژمارکردنی چاکەکارییەکانی مردووەکان"(خنشالي، ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩: ٢٥٦)

**بەشەکانی لاواندنەوە بەگشتی بریتییە لە دوو بەش :-**

**أ- لاواندنەوەی تایبەتی**

**ب- لاواندنەوەی گشتی**(أبوناجي، ١٩٨١: ١٩-٩٦)

أ- "**لاواندنەوەی تایبەتی:** مەبەست لەم جۆرەیان ئەولاواندنەوەیەیە، کە لاوێنەر بۆکەسی زۆر نزیکی خۆی گوتویەتی"(رفیق، ٢٠١١ : ٤٥)

**لاواندنەوەی تایبەتی لە خودی خۆیدا دەبێت بەچەند بەشێکەوە :-**

١. لاواندنەوەی کەس و کار و خزم
٢. لاواندنەوەی منداڵ( لقمان، ٢٠٠٥ : ٦٥- ٦٦)
٣. لاواندنەوە بۆ خود
٤. لاواندنەوە بۆ براو خوشک
٥. لاواندنەوە بۆ باوکان و دایکان ( أبوعلي، ١٩٩٠ : ٧٦ - ٨٣ - ١٢١)
٦. لاواندنەوە بۆ هاوسەر
٧. لاواندنەوە بۆ هاوڕێ(أبو ناجي، ١٩٨١ :٧٨ - ٨٦)

ب- "**لاواندنەوەی گشتی** :- ئەم جۆرە لاواندنەوەیە بەشێکە لە لاوانەوەی کۆمەڵایەتی ، مەبەست لە لاوانەوەی گشتی کەسانی دەرکەوتووی کۆمەڵ، کە دەورێکی گرنگیان لەبزوتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی دابووە. ئەم جۆرە لاوانەوەیە بەشەخسیاتی ناو کۆمەڵن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەپێ ی هەڵسوکەوت و دەوریان چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری،زانستی بێ" (رەسوڵ، ١٩٩٧: ١٠٨) لاواندنەوەی گشتی بەهەمان شێوەی لاواندنەوەی تایبەتی چەند بەشێک لەخۆدەگرێت :-

١- لاواندنەوە بۆ سەرۆک و سەرکردەکان(سالم، ١٩٨٢ :٥٣)
٢- لاواندنەوە بۆ زانایان و ئەدیبان(أبوعلي، ١٩٩٠ :١١٤)
٣- لاواندنەوە بۆ شار و ولاتان و شوێنەوارەکان (السوداني، ١٩٩٩ : ٢٦)
٤- لاواندنەوە بۆ شتی بێ گیان
٥- لاواندنەوە بۆ ئاژەڵان (الرافعي، ٢٠١٢ :٧٢٤ )

لاواندنەوە لەئەدەبی کوردیدا"یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بریتیشە لەدەربڕینی هەستی سۆزو خۆشەویستی مرۆڤانەی ڕاستەقینە بەرامبەر بە مردووێک واتە زمانی دڵتەنگی و مەینەتییە"(فەیزی، ٢٠٠٦ : ١٢٩) لەسیفەتەکانی پرسەنامە"نووسەران پابەندنەبوون بەسەرەتا یان کۆتاییەکی دیاریکراودا، بەڵکو هەمە جۆرییان کرد لەسەرەتا و کۆتا وهەستی ڕاستەقینە زاڵ بوو بەسەر ئەم نامانەدا"(عبدالحمید، ٢٠٢٠ : ٦٦٧) و"قووڵی سۆز و مەیل بۆ کورت کردنەوەو هەڵبژاردنی دەستەواژەی ناسک و مانادار ومانای کاریگەر"(الحسن، ٢٠١١ : ٢٧٨) نموونە شیعری لەسەر ئەم بابەتە لەئەدەبی کوردیدا لای زۆربەی شاعیران ڕەنگی داوەتەوە وەک

(مەولەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٢ز) لەشیعرێکدا، کە باس لە مردنی کوڕی زانایەک دەکات بەشێوەی پرسەنامە نووسیویەتی و ناردوویەتی بۆباوکی کوڕەکە وتیایدا دەڵێت :

وەختێ سەیل چەم دەرەون پڕ خاران
تاو مەوەست چون تا ئەوەڵ بەهاران
بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران
هەم وەی تەم مەوست ئەو ڕووی ستاران
هەناسەی سیای سەرد دڵسۆزی
بەرد مداوە بەرد ((برد العجوز)) ی
بانێ نامەکەی خەم ئینشا کردە
مەرقووم قەڵەم وەخەم شەق وەردە

تادەگاتە...

خاترم چەند رۆ خەستەی خەمان بی
چەمانم چون تاف ساف چەمان بی
چە ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی
شادیم شێویا شینم سەد تەرز بی
شەمع شام شووم ماتەم هۆر گریا
تای تەل لەسەمتوور شادی و زەوق بڕیا
شادی شادیم شکیا سوپای خەم جەم بی
بەیداخ دەماخ شێوەی ماتەم بی
دەخیل ببم وە نوتق خەمان لاڵ کەردەم
لالام جە خەیال خەم غارەت بەردەم
نامەرد،یە وادەی شین بێ شۆمەن
هیچ کۆسەم نیەن،یە کۆس نۆم

(مدرس، ١٣٨٦ : ٢٩٦ –٢٩٨)

وەک دەبینین،شاعیر لەنامە شیعرییەکەیدا خەم و پەژارەی خۆی بۆ مردووەکە دەردەبڕی، کەدڵی لەت لەتە و فرمێسک بەخوڕ لەچاوی دێتە خوارەوەو زامدارە وەکو کەواو، کە جۆرە خواردنێکی گۆشتی برژاوە واتە سووتانی ناخی بەوە لێک دەچوێنێت و مەیلی خۆشی و شادی نەماوەو کزەی جەرگی شەبەنگ دەداتەوە بەڕووی ئاسمان و دایدەپۆشێ و ناڵەو جۆشی دەروونی کێوەکان وەکو تەم دادەپۆشێ و هەناسەی ساردی وەکو سەرمای پیرەژنە، کەسەرمایەکی سەخت و وشکە لەزستاندا بوونی هەیە و پێی دەڵێت: نامەکەت ئاگری بەرداوە لەدەروونم و پێش گەیشتنی نامەکە ئەم واتە شاعیر زانیویەتی بەمردنی کوڕەکەی و خەفەتباربووە و شیوەن و چەمەری

ئەنجامداوە و بەگەیشتنی نامەکە شەمی ئێوارانی داگیرساندوە، کە شەم زیاتر تائێستا لەهەندێ شوێن و خێزاندا دادەگیرسێت بۆ مردوو لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی مردنی و لەشوێنی مردووەکە، یان شوێنی شۆردنی تەرمەکەی دادەنرێت و شادیی نەماوە و خەم و خەفەت لاڵی کردووە و لەداخدا خەیاڵ هەموو هۆش و بیری بردووە .

هەروەها (ئەسیری ١٨٩٥-١٩٦٢ز ) لە شیعرێکی دا بەناونیشانی (شیوەن بۆ باوکی )دا، کە دوای مردنی باوکی نووسیویەتی و تیایدا دەڵێت :

چبوو لێمان لەکاتێ کەوتیە دوور
دەساپڕگۆڕەکەت بێ ڕەحمەت ونوور
لەبەرئارامی دڵ خۆت مای لەلامان
وەلێ روحت گەیشتە عالەمی ژوور
کوڕان وخزم و خوێشت و دۆستی لاوت
لەغەم پیروهەموویان پشتیان کووڕ
لەداخت شاری کەرکووک خوڕ ئەگری
لەخوێنی چامە حەوشی تەکیەکەت سوور
بەشادی و سەربڵندی چویتە جێ
بەهەشتە باڵەخانەت نۆکەرت حوور
ڕەفیقی چاک و چاکیت بۆ هەموو کەس
کەس رەنجی نەدی لێت تاوەکو موور
یەکی پرسی لەتەئریخت وتم پێی
لەدیوانی خودایە (حي مغفور)

(موکریانی، ٢٠٠٦ : ٩٦)

وەک دەبینین،شاعیر لەم شیعرەدا لاواندنەوە بۆ باوکی دەکات ودەڵێت، کەچی بوو لەناکاو لەدەستمان چوویت لەمیانەی شیعرەکەیدا دیارە، کە باوکی کت وپڕ مردووە وپێی دەڵێ: لەدڵمانای، بەڵام بەجەستە لێمان دووری بەهۆی لەدەستدانت هەموو خزم و کەس و کار غەمبارن و پشتیان

چەمیوە و هەموو کەرکوک بەداخە بۆت و ئەگرین و حەوشی تەکیەکەت سوورە بەهۆی گریانە خوێناویەکانەوە بەسەربەرزی ژیایت جێگات بەهەشت بێت و حۆریەت خزمەتکارت بێت کەس خراپی لێت نەدی لەگەڵ هەموو کەس باش بوویت و هەواڵت لێم دەپرسن دەڵێم چۆتە لای خوا مردووی زیندوو واتە وەسفی باوکی بەزیندوو دەکات کە لای ئەو هەر زیندووە هەروەها(حەمدی ١٨٧٨-١٩٣٦ز) لەشیعرێکیدا باس لە لافاوەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٢ز دەکات و لاواندنەوەی بۆ دەکات تیایدا دەڵێت :

سالّی جاری هەر دەبێ ئەم شارە بێتە مەزبەلە
یابەبۆمبا ، یابەئاگر ، یابەبارانی پەڵە
ئاگرت تێ بەربێ گەردوون وا ئەبێ دەوروخولت
نایەڵێ قەط مەزرەعەی ئومێدی کوردبێ دووپەلە
بۆ موضەڕڕەت هەر تەنە زولفتان کە فەرموو بۆ زەمین
عادەتت وایە کە کوردستان بکەیتە مەرحەلە
خەڵقی وەک تینووی بەراوان بۆنمی باران کەچی
بەونمەبارانە ئێمەت خستەئەم مەرگەمەلە
بابەحاڵی ئێمە گریا گۆیژە فرمێسکی بەخوڕ
هات و لێشاوی سلێمانی کە خستە زەلزەلە

(جمال، ١٩٨٤: ١٤٢)

وەک دەبینین،حەمدی لەم شیعرەدا لاواندنەوە بۆ شاری سلێمانی دەکات، کاتێک تووشی لافاو بووە و زەرەری بە شارەکە گەیاندووەو دەڵێت ساڵی جارێ ئەمە ڕوودەدات و شارویران دەکات و ئەم شارە هەموو ساڵێ تووشی کارەسات دەبێ،بەڵام هەرجار بەهۆی شتێک، یان بۆمبارانکردن، یان ئاگر، یان بارانی زۆرو هیوادارە گەردوون کاول بێت، چونکە نایەڵێ کورد بگاتە ئامانجی خۆی خەڵک تینوون بۆ باران، بەڵام بەو بارانە کەوتینە حاڵەتی ترسناکەوە لەبەر حاڵی ئێمە شاخی گۆیژە گریا .

لەکۆتاییدا دەتوانین پرسەنامە بەئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی دابنێین لەبەرئەوەی پرسی مردن و بابەتێکی هەستیارە بریتییە لەدەستدانی کەس و کار و ئەزیزان ئەمەش لەخودی خۆیدا ناخ هەژێنە بۆ کەس وکاری مردوو بەبەشداریکردن لەپرسە بەئامادەبوون یان ناردنی پرسەنامە لەئازارو خەفەتی مردوو کەم دەکاتەوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی بەرجەستەی وێنەی مرۆڤایەتییە و پاداشتی دەبێت لەلایەن خوداوە .

## ٥-دڵداری

بابەتی دڵداری یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعر بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی و سەرچاوەی ئەم بابەتەش هەندێ جار ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی شاعیر خۆیەتی، یان تایبەتە بە کەسێتی خودی شاعیر و لە شیعرەکانی دا ڕەنگدەداتەوە و گوزارشتی لێ دەکات بەهەست و سۆزەوە، چونکە ئەم بابەتە بەندە بە هەست و سۆزو ناخی (مرۆڤ) و چیرۆکی دڵداری نێوان دوو کەس واتا کوڕوکچ هەندێ جار بە ڕووداوی تراجیدیا کۆتایی هاتووە وهەندێ جاریش بە پێچەوانەوە بووە، بۆیە ئەم بابەتە پانتاییەکی فراوان لای شاعیرانی داگیرکردووە و ڕووداوە تراجیدییەکانی ئەم بابەتە زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕوودەدات، کەبەند کراوە بە هەندێ داب و نەریتی تایبەت، کە کۆمەڵگەی کوردی بێبەش نییە لەم بەربەستانە وەکو بەربەستی ماددی لەنێوان کچی دەوڵەمەندو کوڕێکی هەژار، کە زۆرجار لەلایەن خانەوادەی کچەوە بەربەست درووستکراوە و ڕەتکراوەتەوە ئەم دوو عاشق و مەعشوقە بگەن بەیەک، یان کوڕی ئاغاو کچی ئاسایی .

بەهەر حاڵ،"بابەتی خۆشەویستی هەر لەکۆنەوە بابەتێکی زیندوو بەردەوامی ژیانەو پەیوەندی بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە هەر میللەتەش بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو میللەتەوە هەر میللەتەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام میللەتانی ڕۆژهەڵات زۆر دیاردەو ڕووداویان لەیەکەوە نزیکە"(علی، ٢٠١٣ : ١٢٤) لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دا بابەتی دڵداری بوونی هەبووەو چیرۆکی زۆری دڵداری ڕوویداوە لەناو هەموو میللەتاندا،چونکە"لەهەرەبابەتەکانی پەیوەست بە دڵەوەیەو نزیکترینە لە سروشتی مرۆڤەوە"(حسن، ١٩٩٧ : ١٤٩)

شایانی باسە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە لەلای عەرەبەکان"بۆ پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە، لای عەرەبەکان لەئەدەبیاتی سەردەمی جاهلیەت دەبینرێت لای کوردیش سەرەتا لەئەدەبی فۆلکلۆری هەبووە، ئینجا دواتر لەئەدەبیاتی کلاسیکیدا بەدەرکەوتووە"(عەزیز، ٢٠٠٤ : ٥٠) لەڕەخنەی عەرەبیدا وتراوە :"ئەگەر هۆنراوە هاتەکایەوە هەڵبەستی دڵداری لەپێشەوە دەبێ"(البصیر، ١٩٨٣ : ١٨٤) لای عەرەبەکان  شیعری خۆشەویستی هەمیشە ئاوازدار بووە و وێنایەکی قووڵ و هەستێکی ڕاست و پاکی تێدابووە"(سلوم، ٣٢٤:١٩٨٤) ئەم بابەتە" لەسەرتاکانی قۆناغی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی  وسەرهەڵدانی بیری ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەئەدەبیاتی کوردیدا. شیعری دڵداری وەکو بابەتێک زاڵبووبوو بەسەر بابەتەکانی تردا. چونکە سروشتی کۆمەڵگای کوردەواری زەمینەی بۆ ئەم جۆرە بابەتە خۆشکردبوو. وێڕای ئەوەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی کوردی ڕۆڵی خۆی هەبوو لەسەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرە"(کەریم، ٢٠٠٥ : ١٦٢ )

شێوەو ناوەڕۆکی ئەم بابەتە لەئەدەبی کوردیدا خاوەن چەند خەسڵەتێکە.واتە"شیعری دڵداری و خۆشەویستی لەئەدەبی کوردیدا وەکو بابەتێک ڕەنگدانەوەی واقیعی میللەتی کورد خۆیەتی و خەسڵەت و سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە شیعری میللەتانی تر جیای دەکاتەوە ئەو خەسڵەتانەش پیاوی تیایە وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشتی ئەو خۆشەویستییە لەنێوانیدا ڕوودەدات خۆشەویستیش ئەو سۆزە ئاساییەیە،کە لە گیرۆدەی پیاوێک بە ئافرەتێکەوە دەردەکەوێ و هەڵسوکەتیشیان بەڵگەی ئەم ڕاستیەن هەتا هەردووکیان واهەست دەکەن بەبێ ئەوی تریان ناتوانن بژین و هەمیشە پێویستیان بەیەکەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن بەهەرحاڵ خۆشەویستی سەرچاوەی چێژوەرگرتنێکی دەروونی و گیانی بەهێزە"(ڕەسول،١٩٨٩ : ٤٠ )

یەکێکی تر لەخاسییەتەکانی بریتییە لەوەی شاعیر"لەکاتی پیاهەڵدان و وەسف کردنی خۆشەویستەکانیان هیچ هێماو ناوێک، کە بەئاشکرا ئاماژە بە مەعشوقەکانیان بکات بەکاریان نەهێناوە ئەمەش نیشانەی بەرزی شاعیرانە بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی و کۆمەڵەکەش لەگەڵ ئەوەشدا واباو بووە، کە ناو و نازناوی ئاشکرا بۆ ئافرەت ئاماژەی پێ نەکرێ چونکە ئەو کارە دەردەسەری و ئازار بۆ کچەکە یان خۆشەویستەکەی لە کۆمەڵدا دروست دەکات"(علی، ٢٠١٣ : ١٣٥) سیمایەکی تری ئەم بابەتە"لای شاعیرانمان ئەوەیە کەناوەڕۆک و مەسەلەیەکی تری گرنگی وەک نیشتمانی و نەتەوەییان تێهەڵکێش کردووە کە ئەمەیان هەندێ جار لە میللەتانی تر جیای دەکاتەوە"(شانۆف، ١٩٧٥ : ٥٥)

لەئەدەبی کوردیدا چەندین بەرهەمی بالامان هەیە، کە ئەم دیاردە کۆمەلایەتییانەی وێناکردووە. بۆنموونە (گۆران) لە شیعری ( بووکی ناکام ) دا زۆر بەڕوونی باسی ئەو تراجیدیایە دەکات، کە بەسەر دوو دڵداردادێت. هەر بەناونیشانی شیعرەکەدا، کە دەروازەی چوونە ناو ناوەڕۆکی باسەکەیە هەست بە دڵشکان و بەئاوات نەگەیشتنی شۆخێکە، کەدەسەلاتی دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمە کچی جوتیارو کوڕی شوانێک لەیەکدەکات هەرچەندە کوڕی شوان هەموو توانای خۆی دەخاتە کار بۆ بەرگری کردن لەو دڵدارییە پاکە، بەلام هێزو دەسەلات لەتوانای ئەو زیاترەو کوڕەشوان بەدەستی نۆکەرانی ئاغا دەکوژرێت و دەبێتە قوربانی (گۆران ١٩٠٥-١٩٦٢ز) دەڵێت:

هەی سوار سوار بێ ! هی تفەنگچی دەست با تفەنگ !
هەی ژنی جوان ئارایشتەی خۆی کا بۆ ئاهەنگ!..
لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ
(کچی جوتیار!) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتەڕێ :-
کۆشکی ئاغا گەچ کاری یە ، ئاوێنە بەندە،

کەس نازانی بەژمارە ، پەنجەرەی چەندە!
حەوزە و فوارەی حەوشی مەرمەڕ باغچە و چیمەنی
بەسەر ناچێ هەرگیز سەوزی و گوڵی دەگمەنی!...
جوانی لادێ ڕونی وەکو تەلێ وەنەوشە
ئاغای خاوەن هێزو شکۆ ، خاوەن سامدار
لەکاتێکدا درێژ ئەکا دەستی دڵداری
بۆ گەردنی گوڵی کێوی لەجێ هەڵکەنراو
نمی فرمێسک بەدی ئەکا لەسەر کلی چاو
مووچرکەیەک بەسەر تاپای لەشی ئەگەرێ
ئاگادارە فرمێسکی سور دێتە خوار
کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژیلە و دڵداری
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبوی پەیمانی یاری

(مەلا کەریم، ١٩٨٠ : ٥٧-٥٨)

وەک دەبینین،شاعیر لەم شیعرەدا کارەساتێکی کۆمەڵایەتی دەربارەی بابەتی دڵداری بەرجەستە دەکات، کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی دا ڕوویداوە و بریتییە لەستەمی ئاغاو دەرەبەگ بەرانبەر خەڵکی سادە و هەژارو بێ دەسەڵات و زەوتکردنی کچی خەڵک بۆ خۆیان. تەنانەت، ئەگەر زانیبێتیان کەسێکی تر کچەکەی دەوێت یان پەیوەندی دڵداری لەنێوانیاندایە گوێیان بەهەست و سۆزی کچ و کوڕەکەیان نەداوە. واتە دڵداری بووەتە قوربانی داب و نەریتی وعەقڵیەتی دواکەوتوویی کۆمەڵگە.چۆن کچەکە خۆی رازاندووەتەوە لەڕۆژی بوکێنیدا بۆ گێرانی ئاهەنگی گواستنەوەی کەچی بەزۆری براوە بۆ ماڵی ئاغا دەبینێ ماڵی ئاغا شێوەیەکی پێشکەوتووترە لەڕووی بنیاتەوە بەبەراورد لەگەڵ ماڵەکانی تری دێ دا بەئاوێنە داپۆشراوە و پەنجەرەی زۆری لێیە و ژمارەی پەنجەرەکانی ناژمێردرێت لەبەر زۆری .
وناو حەوشەی مەرمەڕە و باخچەکەی پڕە لەگوڵ و سەوزایی ئەم تایبەتمەندییانە زیاتر لای ئاغاو بەگەکان بووە لەو کاتەدا و هەمووشی لەسەر حیسابی منداڵی هەژارو خەڵکی ئاسایی بووە واتە مافی ئەوانیان خواردوە وناچاریان کردوون پارەیان بۆ بدەن و کاریان بۆ بکەن.

لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات، کە ئاغا فرمێسکی بەدی کردووە لەچاوی کچەکە هاتۆتە خوارەوە وەکو نیشانەی نارەزایی بەرانبەر ڕەفتاری ئاغا و زانیویەتی ئەم فرمێسکەی نیشانەی دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ کوڕە شوانەکە، کەچی گوێ نادات وبەزۆر کچەکە دەبات هەروەها (ئەحمەد هەردی ١٩٢٢-٢٠٠٦ز) لە شیعرێکدا بەناونیشانی (چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتیمە )دەڵێت :
فاتمە:دووچاوی مەستت، پڕ تەلسیمی جوانی یە

پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانی یە،
بەژن وبالاکەت نمونەی: هەیکەلی یۆنانی یە،
لارو لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانی یە

بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتیمە!
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە..

* * *

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ، ئەفسانەیە
هەربەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە.
گیانەکەم !ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە ..

هەربەتەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم ، ست فاتمە!
سەروەتم ناوێ ، بزەی تۆ: ئەوپەڕی ئاواتمە..

* * *

(هەردی، ١٩٨٤ :٦٨)

وەک دەبینین،شاعیر لەم شیعرەدا ئاماژە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات دەربارەی دڵداری لە کۆمەڵگەدا، کەلەلایەن هەندی کەسەوە گرنگە ئەویش مەسەلەی پارە ومولکە و دڵداری بۆ ئەو کەسانەیە، کە خاوەن پارەو سامان و تەلارن واتە کەسانی دەوڵەمەند، چونکە لەلایەن هەندێ کچ و خێزانی کچەوە لایەنی ماددیە، کە گرنگترە لەلایەنی ئاکاری وەفاداری کە زۆرجار لەلایەن کوڕێکی سادەو هەژارەوە بەدی دەکرێت کەچی لای کوڕی دەوڵەمەند خاوەن دەسەڵات بوونی نییە لەئەنجامدا کوڕەکە دەبێتە قوربانی لایەنی ماددی و لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ کوڕەکە وەکو لایەنی دەروونی و ویژدانی و تووشی شۆک دەبێت بەو ڕادەیەی عەقڵ لە دەست دەدات  نموونەی ئەم حاڵەتەش زۆرە لە کۆمەڵگەکاندا  وبەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکە دواکەوتوو بووە،

لەمیانەی ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە خستمانە ڕوو دەتوانین بڵێین بابەتی دڵداری لەکۆمەڵگەدا لەدێر زەمانەوە بابەتێکی هەستیاربووە لەبەرداب و نەریت و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگە دەربارەی ئەم بابەتە بۆیە لەشیعری شاعیراندا بەزۆری ڕەنگی داوەتەوە کۆمەڵگە پێویستی بەهۆشیارییە دەربارەی ئەم بابەتە چ هۆشیاری کۆمەڵایەتی بێت، یان ئایینی لەبەرئەوەی هەندێ جار حاڵەتی واڕوودەدات دەگاتە کوشتنی کوڕ، یان کچ لەلایەن کەس و کارییانەوە، کە ئەمەش دژی بنەماکانی ئایینە وشیعرەکانیش نیشانەی جۆری بیرکردنەوە و داب و نەریتی کۆمەڵگەکانن لەو سەردەمانەدا.

## بەشی سێیەم

## شاعیر وکۆمەڵگە

### تەوەری یەکەم :فاکتەری کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر شاعیراندا

### تەوەری دووەم:ڕەنگدانەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە شیعرەکانی (سەلام سەعید مەولود)دا

نایەکسانی و نادادپەروەری

هەژاری

برسێتی

خۆشەویستی وخەمی دایک

مافی ئافرەت

دەستەڵات

درۆ

رەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگە

خێزان

کۆنەپەرستی

وازهێنان لە داب ونەریت

لاواندنەوە بۆ هاوڕێ

ژن وپرسی نەتەوەیی ونیشتمانی

پارە وکۆمەڵگە

ڕەخنەگرتن لە ئایین

جیاوازی چینایەتی

## بەشی سێیەم

## شاعیر وکۆمەڵگە

### تەوەری یەکەم

### فاکتەری کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر شاعیران

کاریگەری فاکتەری کۆمەڵایەتی بەسەر شاعیران و ئەدیبان لە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی چەند لایەن و بابەتێک لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤ و کێشەکانی کۆمەڵگەوە هەیە .

واتە"ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لەسەردەمی لەدایک بوون و سەرهەڵدانییەوە وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بە دەزگایەکی کۆمەلایەتی چوێندراوە "(عومەر، ٢٠٠٦ ، ١١٨) یەکەم بانگەشە بۆ پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە کرا دەتوانرێ"ڕوانین و تیۆری هی هیگلییەکان و دواتریش هی مارکسییەکان بێ. ئەوان هەموو داهێنان و گەشەسەندنێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە بۆ پێشکەوتنی ماددی"(هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٦ : ١٢٣) ئەدەب دیاردەیەکی خۆرسک نییە، بەڵکو لەئەنجامی چەند هۆکاروبارو دۆخێک گەڵاڵە دەبێت و دەبێتە هاندانێک بۆ ئەدیب بۆ ئەنجامدانی بەرهەمە ئەدەبییەکەی واتە"ئەدەب بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکری و سیاسی درووستی دەکات و فەلسەفەی ئەدیب لەسەر ژیان بەرجەستە دەبێت بەکاریگەری کۆمەڵگە و ئەدیب  کاریگەری دەکات لە کۆمەڵگەکەی بە گەشەپێدان و چاککردنی"(موسی، ٢٠١١ : ٣٥)

بەڵام نابێت کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ببێتە هۆی پشتگوێخستنی و پەراوێزخستنی پێوەرە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و شیعری لەبەرئەوەی ئاشکرایە، کە بەرهەمی ئەدەبی پێویستە ڕەچاوی پێوەرە هونەرییەکان بکات بۆ ئەوەی بەبەرهەمێکی پەسەندکراو بژمێردرێت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەچەند ڕەگەزێکی هونەری و ئەدەبی پێکدێت.ئەدیب و کۆمەڵگە یەکەیەکی دانەبڕاون"پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندی بەهێزو توندوتۆڵە ناتوانرێت جیابکرێتەوە هەر ئەدیبێک ناوبانگی تاچەند بێت ناتوانرێت ئەدەبێک بەرهەمێک بهێنێت ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە نەبێت، کە لەگەڵی دەژیت ئەزموونی خوودی خۆی لەم کۆمەڵگەدا وەردەگرێت و هەڵچوونەکانی لەدایک دەبێت لەمیانەی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبۆنەی جۆراوجۆردا" (ابوالرب، ٢٠١١)

کاریگەری ئەدەب و کۆمەڵگە گەڵاڵە دەبێت بەوەی هەندێ جار ئەدەب کاریگەری دەکاتەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە لە زۆر لایەنداو هەندێ جار بە پێچەوانەوە کۆمەڵگە کاریگەری دەکاتە سەر

بەرهەمی ئەدەبی و ئاراستەی دەکات بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی واتە"ئەدەب کاریگەری دەکات لە کۆمەڵگەکەی و ئەدەبەکەی چەکێکە لە چەکەکانی گۆڕانکاری پێشخستن و هەمواری نوێ بۆ ئەو شتانەی لەدەوروبەریدان بەڵام لەهەمان کاتدا ملکەچە بۆ کاریگەری بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی دەوروبەری"(قصاب، ٢٠٠٩ :٤٣ )

بەرهەمی ئەدەبی خاوەنی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی دەبێتە ئاوێنەی کۆمەڵگەکەی و لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکەوە میللەتانی تر ئاشنای کلتورو داب و نەریت و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تر دەبن لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی وەکو"خەزینەیەکی داب و نەریت و ئەرشیفی و مێژووی شارستانی لە قەڵەمیان داوە گەلێ لە خوێنەرانیش لە ڕێگەی ئەدەب کۆمەڵگایەکی بێگانەیان ناسیوە و ئاشنایی ووردەکارییەکانی ئەو کۆمەڵە بوونە"(عومەر، ٢٠٠٦ :١٢٢_١٢٣) باشترین نموونە لەسەر ئەم تایبەتمەندییە "شۆسەر ، chancer لە کتێبی - چیرۆکەکانی کۆنتربێری - وێنەیەکی تەواو دەربارەی پێکهاتووی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئینگلستان_ مان پێشکەش دەکات بەهەمان شێوە شکسپیریش" (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٦:١٢٣)

ئەدیب وەک هەر تاکێکی گۆمەڵگە سەر بە چینێکی دیاری کراوە و ئاشکرا و ڕوونە، کە هەر چین و توێژێک لە کۆمەڵگەدا خاوەن سیفەت و ئەدگاری تایبەت بەخۆیەتی و ئەمەش بە ڕادەی کەم یان، زۆر لەبەرهەمە ئەدەبییەکە ڕەنگی داوەتەوە"هەر ئەدیبێک لەخۆیدا ئەدەبێکی چینایەتییە، چونکە ڕەنگدانەوەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بیری ئەو چینەی، کە نووسەر بۆی دەگەڕێتەوە"(حجازي، ٢٠٠٣ : ١٠٠) واتە هەر ئەدیبێک نوێنەری داخوازی و ئاواتەکانی و خەونی چین و کۆمەڵەکەی خۆیەتی لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی دا بەرجەستەی دەکات و دەتوانێ بەشێوەیەکی جوان و قووڵ و تێروتەسەل کێشە و بارودۆخ و بەربەستەکان و تەنگ و چەڵەمەکانی بەردەم چینەکەی بخاتە ڕوو، لەبەرئەوەی وەک تاکێک یان مرۆڤێک لەگەڵیان دەژی لەهەموو کەس زیاتر هەست بە خۆشی و ناخۆشییەکانیان دەکات، بەڵام ئەم کاریگەربوونە و بەرجەستەکردنی واقیعی کۆمەڵگەو چین مەرج نییە لەلای هەموو ئەدیبێک وەکو یەک بێت، چونکە ئەدیب مرۆڤەو بێگومان لەنێوان مرۆڤەکان جیاوازی تاکایەتی هەیە و لایەنی ئەدیبی ئەدیب بێ بەش نابێت لەم جیاوازییانە لای هەندێک لە نووسەران بواری ئەدەبی"ئەو ئەدیبەی، کەسەر بەچینی کرێکارانە گوزارشت لە ئاواتەکانی ئەم چینە دەکات، کە سەربەئەوە و ئەم ئاواتەنە تاکی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتییە نوێنەری ئاواتەکانی ئەم چینە دەکات و بەم شێوەیە ئەدەب خاوەن فەزڵ نییە لە هێنانەوەی بیرۆکەکان بەڵکو فەزڵی لەهەموار کردنییەتی لە ڕەگەزی ئەدەبی"(حمدان، ١٩٩١ : ١٠١)

پێشــــکەوتنی ئەدەب بەنـــدە بە پێشــــکەوتن و ئاســــتی ڕۆشـــنبیری و هۆشـــیاری چیـــنە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەناخی کۆمەڵگەداو بەتایبەت چینی کۆمەڵایەتی هەڵدەقوڵێت و چەکەرە دەکات و لەدایک دەبێت لەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی دا ڕەگەزەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکە بە ووردەکاریشەوە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی چینەکەی ئەدیبە و بەرهەمە ئەدەبییەکان هەمووی یەک ئاست نییە لەڕووی نرخی هونەری و زانستی و ئەدەبی"ئەدەبی هەر کۆمەڵگەیەک بەگوێرەی پێشکەوتنی بارودۆخی چینی کۆمەڵایەتی پێشدەکەوێت"(حجازي، ٢٠٠٣ : ١٠٠) بارودۆخی کۆمەڵگە کار لە شاعیران دەکات و سەرەنجیان ڕادەکێشێت و هەستیان دەجولێنێت بەرانبەر کێشە و گرفت و تەنگو چەڵەمەکانی کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی شاعیران وەک ئەندامێکی ئەو ژینگەیە دەژین ناتوانن خۆیان دووره پەرێز بگرن و دوور بن و بێ هەڵوێست بن و هاندەری یەکەم دەبێت بۆ شیعر نووسین وبەرهەمە شیعرییەکانی خاوەن شەقڵی کۆمەڵایەتی ببێت"ئەو پەیوەندییەی شیعر بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە کە لایەنێکی گرنگی کێشەی هەڵوێستە لە قۆناغەکانی گۆڕان وپەرەسەندنی شیعردا، چەند بۆچوونێک درووست بووە، یەکێکیان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەوە دەڕوانێتە شیعر کە پێویستە ڕەنکدانەوەیەکی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی بێت خاوەنی ئەو بیروڕایەش لەو تێورەدا خۆیان دەدیەوە کە شیعریان بە ژیانەوە دەبەستەوە"(عەزیز، ٢٠٠٢، ٢٢ ) شاعر لە ڕیگەی شیعرەوە"ڕاستی ڕووداوەکان، تەنگژەکان و بارودۆخی خۆی و کۆمەڵگەکەی ڕاستگۆیانە دەرئەبڕێ، هەر ئەم کەرەسە و دەربڕینەش ئەبێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی"(سەعید، ٢٠٠٨ : ٢٤٧)

بارودۆخی کۆمەڵایەتی زەمینەسازی دەکات و پێداویستییە سەرەتاییەکان، کە پێویستە و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ شاعیر بۆ چەکەرەکردنی بەرهەمە ئەدەبیەکەی وهاندانێک بۆ شاعیر بۆ ئەوەی گوزارشت لە بابەتەکە بکات لە شیعرەکانی و ببێتە هەڵگری پەیامێک و ئەو شیعرانەی، کە باس لە کێشەو نەهامەتییەکانی مرۆڤ بکات جەماوەری زیاتر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و زۆرجار لە مێـژوودا شیعری شاعیران بوونەتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاو وباش لە کۆمەڵگەدا. ئەم هەڵوێستەی شاعیر لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە و باشترکردنی بارودۆخی لەسەر هەموو ئاستەکانی واتە"لە پێناو هەڵسەنگاندنێکی هاوچەرخ بۆ چەمکەکانی ژیان، کە ئەمەش یەکێک بووە لە پەیامەکانی شاعیر خۆی کە لە گۆشەنیگایەکی پێشکەوتووخوازییەوە لەخەمی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا، هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان و چارەسەرکردنیان"(عەولا، ٢٠١١ : ٢٨٨)

شاعیر هەڵوێستەکەی بە نووسین گوزارشت لێ دەکات لەبەرهەمە شیعریەکەی دا و کێشە و خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات تەنانەت هەندێ جار بووەتە هۆی ڕووخانی

دەسەڵات، چونکە میللەت شۆڕشی بەرپاکردووە بەهۆی شیعر هەندێ جار لە شاعیران بەشداری چالاکیان لە شۆڕشەکان کردووە"شاعیری فەرەنسی (فایر دیگلنتین)، لە ریزی هەرە پێشەوەی پەلاماردەران بوو کە کرایە سەر زیندانی (پاستیل)... بۆیە بەدەستی (رۆبسێر)، لە سێدارەدرا و شەهیدکرا..."(تەنیا، ٢٠٢١ : ٧) هەندێ جاریش بووەتە هۆی گۆڕانکاری و کودەتا بەسەر داب و نەریتە دواکەوتووەکان، کە تاکی بەندکردبوو لە کۆمەڵگە وەکو نەخوێندەواری و مافی ئافرەت و دڵداری و دادپەروەری .....هتد واتە ئەدەب و شیعر بەتایبەتی دەبێتە هۆی هۆشیاری خەڵک لە پێناو مافەکانی بەمەبەستی ژیانێکی شایستە و خۆش دوور لە چەوساندنەوە و ستەمکاری و جیاوازی چینایەتی، چونکە شاعیر کاریگەر دەبێت بەو بارودۆخەی، کە لە ژینگەکەیدایە شاعیران هەوڵیانداوە قسەی خۆیان لەسەر داب و نەریت و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی بکەن و ڕووکار و سیما دواکەوتووەکانی دەستنیشان بکەن،"لەهەمانکاتیشدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە بەرپابکەن بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆت و بەربەستانەی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئازادییەکانی تاک"(عەولا، ٢٠١١:٢٨٠)

چونکە شاعیر کاریگەر دەبێت بەو بارودۆخەی، کە لە ژینگەکەیدایە بەرێژەیەکی زۆر"ئەم کارتێکردنەش دوو لایەنە واتە زۆر جاریش شاعیر کار لە کۆمەڵ دەکات و پەیام بۆ کۆمەڵ دەنێرێ و چەوت و چەوێڵەکانی کۆمەڵ بە دیاردەخات. هەوڵ دەدات چارەسەر بۆ دیاردەو کێشەکان بدۆزێتەوە. بۆیە شاعیر بەندە بە سیاقی کۆمەڵایەتیی ومێژوویی کۆمەڵ"(صالح و عبدالله، ٢٠١٦ :٤٢) وشیعرەکانی دەبێتە هۆی تۆمارکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی و بابەتە شیعرییەکانی هەرسەردەمێک لە ژیانی مرۆڤایەتیدا چەند پرەنسیب و داب و نەریتێک زاڵە بەسەریدا و لەلایەن خەڵکەوە پەیرەودەکرێت و پابەندن پێوەی وهەر سەردەمێک بێبەش نییە لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هەر شاعیرێکیش وەکو هەر مرۆڤێک لەسەردەمێکی دیاری کراودا ژیاوە شەقڵی ئەو سەردەمە ڕەنگ دەداتەوە لە شیعرەکانیدا ئەمەش بۆنەوەکانی داهاتوو دەبێتە وەکو بەڵگەیەک لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان سەردەمی پێش خۆیاندا"دەتوانرێ پرەنسیبە کۆمەڵایەتییەکان بخوێنرێتەوە کە زاڵ بووە بەسەر عەقڵی خەڵک لەکاتی خۆی دا"(الوردي، ٢٠٢١ : ٩٨)

گۆڕانی سەردەم و گوزەرانی خەڵک کاریگەری لەسەر شاعیر هەیە"ئەگەر جاران بەهۆی سادەیی ژیان و ئاڵۆزنەبوونیەوە گوزارشت کردن لە خەم و خولیاکانی مرۆڤ کارێکی سادەو سانابوو بێت، ئەوا لە سەردەمی پێشکەوتن و شۆڕشی پیشەسازی و ئاڵۆزبوونی ژیاندا، ئەگەر شاعیر هەوڵ نەدات خۆی لە گوزارشت کردن و شرۆڤەکردنی هەموو ئەو قەیران و ئاڵۆزیانەی دەروونی رۆحی مرۆڤ نزیک بخاتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانێت لە جوگرافیای خەم و ئەندێشەکانی

مرۆڤدا شوێنێکی شایستە بۆ خۆی دابین بکات"(سەعید، ٢٠١٦: ٣١٦ ) مەرجە شاعیر ئەو هەڵوێستەی کە دەریدەبڕی لە شیعرەکانی پێویستە بە زمانێکی سادەو ساکار و ئاسانی خەڵک بێت بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن"شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێبەرایەتی نەتەوەکەی بکات پێویستە لەسەرەتادا لە واقیعی کۆمەڵگاکەی گەیشتبێت و تیایدا ژیابێت تاکو توانای ئەوەی پەیداکردبێت هەست بە ئێش و ئازارەکانیان بکات و لە گیروگرفتەکانیان بگات و بە زمانی ئەوان قسەبکات"(سابیر، ٢٠٠٦ :٥١٠)

شاعیر وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگە خاوەنی بیرو دیدو بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی، کە ئەم ڕەگەزانە وای لێ دەکات ببێتە هەڵگری ئایدۆلۆژییایەک لە زۆر بوارو لایەندا بۆیە لەهەندێ شاعیردا ئایدۆلۆژیای سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی .....هتد بەدی دەکرێت. ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار"لەلایەن فەیلەسوف و ئابووریناسی فەرەنسی (دی ستراى ساڵی ١٧٩٦ بەکارهاتووە"(البرقاوي،٢٠٢١)ئایدۆلۆژیا بریتییە لە"کۆمەڵە بیرۆکەیەک لۆژیکی گشتییە و بیروباوەڕی بەربڵاوە لە کۆمەڵگەیەکدا زۆرجار بەشێوەی ناڕاستەوخۆ خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵە بالادەستەکان دەکات"(غدنز و صاتن، ٢٠١٨ : ١٥٥) ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی خۆی هەیە لە کۆمەڵگە کە بریتییە لە "گرێدان و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کەس لە دەوری بیرێکی دیاری کراودا، وەکو ڕێبازێکی فکری ڕۆڵ لەبەرەو پێشچوونی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا دەبینێت"(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٩٠) ئایدۆلۆژیا چەند بوارێک دەگرێتەوە وەکو فەلسەفی و ئایینی و سیاسی و حزبی و نەتەوەیی ..... هتد .

هەندێ ئایدۆلۆژیا لە قۆناغێک، یان سەردەمێک زاڵ دەبێت و پەیڕەو دەکرێت، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەردا دێت یان،هەیە هەر لەناو دەچێت، بۆیە دەبینین لەهەر ماوەیەکدا ئایدۆلۆژیایێک بەناوبانگ دەبێت وەکو ئایدۆلۆژیای (مارکسی)،کە ماوەیەکی زۆر بانگەشەی بۆ دەکرا لەلایەن دامەزرێنەرانییەوە وجەماوەری زۆر لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، تائێستاش بوونی ئەم ئایدۆلۆژیایە ماوەو جەماوەرو پەیڕەوکەرانی خۆی هەیە"شاعیر سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە و هەڵگری ئایدۆلۆژیای دیاریکراوە و خاوەن هەڵوێستە دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات لەواقیعەکەیدا"(علاق، ٢٠٠٥ : ٤٤) شاعیر لەبەرئەوەی هەڵگری ئایدۆلۆژیایە لەهەموو حاڵەتەکاندا نابێتە فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ ئەوەی شاعیر بەرهەمەکەی بنووسێت دەربارەی ڕووداوەکانی دەروبەری هەندێ جار ئەولەویەت دەدا بەبەرژەوەندی گروپ و توێژێکی تر، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای جیاوازن ئەمەش لەئەنجامی پاڵنەری پێوەرە مرۆڤایەتییەکانە، کە هەندێ حاڵەت ناخ هەژێنن وکاریگەرە وپێویستە شاعیر ئاوڕی لێ بداتەوە"پابەندبوونی شاعیر بە ئایدۆلۆژیا، یاخود بیرێکی نەتەوەیی یان ئایینی ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر لەو ڕوانگەیەوە شیعر بەرهەم دەهێنێ،

هەندێکجار شاعیر بەرژەوەندی ئەو توێژەی کە خۆی تاکێکە لەوان پشتگوێ دەخات، یان بەرگری لەبەر بەرژەوەندی توێژێکی دیکە دەکات کە خۆی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێوە نییە "(سەعید، ٢٠١٦: ٣١٤)

کاریگەری رەهەندی کۆمەڵایەتی بەسەر شاعیرەوە و پەیوەندی شاعیرو کۆمەڵگە لە شیعری شاعیرانی هەموو میللەتانی دا رەنگی داوەتەوەو پانتاییەکی زۆری لە شیعری شاعیران داگیر کردووە . میللەتێک نییە بێبەش بووبێت لێی.ئەگەر چی جیاوازیش هەبێت لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و چۆنیەتی و ڕادەی کاریگەری ئەو هۆکارانەی کە زەمینەسازییان کردووە بۆ سەرهەڵدانی بۆ نموونە لەئەدەبی عەرەبیدا زیاتر بەزەقی لە شیعری شاعیرانی تاراوگە (مهجر) بەدی دەکرێت لەبەرئەوەی شاعیرانی تاراوگە (مهجر) دەربەدەرییان چێشتووەو دوور لە وڵاتی خۆیان بوون ئەم بارودۆخە کاریگەری زۆری لە ناخ و دەروونیان کردبوو وەک (إيليا أبي ماضي ،جبران خليل جبران ......هتد)"لەشیعری تاراوگەدا (مهجر) لایەنی مرۆڤایەتی ڕوون سەرهەڵدا بانگهێشت بۆ برایەتی و خۆشەویستی و یەکبوون لەناو خەڵک دەکرد و چەوساندنەوە و ڕق و دووبەرەکیی ڕەتدەکردەوە"(الحمداني واحمد، ٢٠١٤: ٢٦٩) واتە زیاتر جەخت لەسەر مەسەلە مرۆڤایەتییەکان دەکرد. "وفیتیان دەدا دژی داگیرکەر و تانەیان لەدەسەڵات بەدەستە زاڵمەکان گرت و جەختیان کردە سەر ئازادی ژن لە ئیش و کار و لە هەڵبژاردنی هاوسەر و داواکردنی یەکسانی لەنێوان خۆی و پیاو لە ماف و ئەرکدا"(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٤: ٢٧٢)

شیعری کوردی وەکو میللەتانی تر لەکاریگەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بێبەش نییە لەبەر دۆخی نالەباری کۆمەڵگەی کوردی"لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و هەژاردا ، شیعر تاکە ئامرازی دەربڕین بووە، کە مرۆڤی کورد پەنای بۆ بردووە و خەم و ئازارەکانی پێدەربڕیووە و بیری بۆ جۆری دیکەی دەربڕینی ئەدەبی نەچووەو پێی ئاشنا نەبووە"(عەوڵڵا،٢٠١١:٢٠٧) سەبارەت بەهەڵوێستی شاعیر بەرامبەر واقیعی کۆمەڵگە لەئەدەبی کوردیدا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، کە یەکێکیان پێی وایە"شاعیر ئاگاداری گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەی بێت و ئەو گیروگرفتانە پیشان بدات و بیانخاتە ڕوو، واتە لەم حاڵەتەدا ئەرکی شیعر تەنها بەوە دیاردەکات کەتەنها باسی ئەو گیروگرفت و کەم و کوڕییانە بکات کە لەکۆمەڵدا هەن"(سابیر، ٢٠٠٦ :٥٠٦)

کەچی بۆچوونەکەی تر پێی وایە هەڵوێستی شاعیر جگە لەدەستنیشان کردنی پێویستە و ئەرکە لەسەر شاعیر چارەسەریش بۆ گیروگرفتەکان بدۆزێتەوە"شاعیر لەپاڵ شۆڕبوونەوەی بەناخی کۆمەڵ و دیارکردن وخستنەڕووی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بەشداری لەچارەسەرکردنی ئەو بارە نالەبارە بکات کە ڕووبەڕووی خەڵکەکەی دەبێتەوە واتە ئەم بۆچوونە ئەرکی شیعر بەوە

دیار دەکات تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لەدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو گیروگرفت و کەم وکوڕییانەی لە کۆمەڵدا هەن و بەشداری لە ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵکدا دەکات"(هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٦:٥٠٦) یەکەم شاعیر، کە لە ئەدەبی کوردیدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەرجەستە کردبێت و ئاوڕی لێدابێتەوە (باباتاهیر)ی هەمەدانییە (٩٢٧-١٠١٠ز)"ئەدەبی کوردیش هەر لە سەرەتاوە لای ئەم بابەتە کردۆتەوەو لە چوارینەکانی (باباتاهیر)ەوە هەست بە بوون و جیاوازی و مەسەلەی چینایەتی دەکەین و دەبینین باباتاهیر دەست دەخاتە سەر ئەو هۆیانەی کە کوێرەوەری زۆر و ستەم دێننە کایەوەو ئادەمیزاد لەسایەی دا دەچەوسێنرێنەوە"(عەلی،٢٠١٥:١٠٤) لە شیعرێکدا کە بە شێوەزاری (لوڕی) نووسیویەتی دەڵێت :

ئەگەر دەستم ڕەسەد بەر چەرخێ گەردوون

ئەزان بورسەم کە ئین چوون ئەست و ئان چوون

یەکی را دادەئی سەد نازو نیعمەت

یەکی را قورس جەو ئالوودە دەرخوون

(کاکەیی،٢٠١٠:١٤)

لەم شیعرەدا،کە بەشێوەزاری لووڕییە دەڵێت: ئەگەر دەستم بگاتە گەردوون واتە دەستم بگاتە لای خوا لێی دەپرسم پێی دەڵێم، کە حاڵی ئەم واتە حاڵی خۆی چۆنەو حاڵی کەسانی تر جیاواز ترە یەکێکیان لەخۆشی و ناز و نیعمەت دایە واتە بارودۆخی گوزەرانی بێ کێشەو گرفتە و کەم و کورتییە و یەکێکیان پێچەوانەی ئەوی ترە حاڵی زەحمەتە جۆ تێکەڵ بەخوێن دەخوات واتە بەزەحمەت نانی دەست دەکەوێت.

سەرەتای ڕۆڵی کاریگەری شیعری کۆمەڵایەتی لەئەدەبی کوردیدا"لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە چالاکانە دەوری کاریگەری لە بنیاتنانی کۆمەڵایەتیدا بینیوە و کراوە بە چەکێک و بەرەنگاری دیاردە دواکەوتووەکانی پێکراوەتەوە"(مصطفی،١٩٨٩: ٨٢) لەم ماوەیەدا، کە بە زەقی ئەم بابەتانەی واتە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی باس کردبێت لە شیعرەکانی "دەکرێ بە ئاشکرا لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دا بەدی بکرێ بە ڕادەیەک، کە بەسەرەتای گەشەکردنی شیعری کۆمەڵایەتی دابنرێ بەو پێیەی کە توانیویەتی جۆرێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمەمان نیشان بدات"(مستەفا،٢٠١١:١٣٦) نموونە لەسەر ئەم بابەتە لە شیعری حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧ز ) دا دەڵێت :

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین
(اطلبوا علمكم ولو بالصين)
نێرومێ لەم حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە
تۆ وەرە فێری فەن بە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە، وە یاخود جوە
لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێک دەگۆڕی ئەمری مەعاش

(غالب،١٩٩٨:٣٧)

حاجی لەم شیعرەدا هانی گەنجان دەدات بۆ ئەوەی بخوێنن، چونکە خوێندن وەکو چەکێک وایە بەبێ جیاوازی لەنێوان کوڕو کچ دا هەموو وەک یەک وایەو ئاماژە بۆ وتەیەکی پێغەمبەر (محمد صلى الله عليه وسلم) دەکات، کە دەڵێت: داوای زانست بکەن، ئەگەر لە چینیش بێت. واتە ئەگەر زانست و خوێندن لە شوێنێکی زۆر دووریش بوو بەدوای بکەون ودوو دڵ مەبن لە خوێندن و بەدەست هێنانی زانست و زانیاری ئەگەر هەر مەلایەکیش وتی نەخوێنن ئەوە بێ دینە. واتە خوانەناسە و گوێ مەدە زانست و هونەر و خوێندن لەلای چ ئایین و ئایینزایەکە، تەنانەت ئەگەر گاورو جوو .....هتد بوو دونیا لە گۆڕان دایە. واتە لەسەریەک شێوە نامێنێ دەگۆڕێ بەرەو پێشکەوتن و باشی ئەمەش بە خوێندن بەدی دێت و پارەو مەعاش بەدەستهێنان لەیەک سەرچاوەوە بەدی نایەت لەسەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەدەست دێت. ئەمەش لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی خوێندنە بۆیە هانی تاکی کورد دەدات بخوێنێت و سڵ نەکاتەوە لەبەرئەوەی لەو ماوەی حاجی قادر ژیاوە نەخوێندەواری بەرێژەی زۆر بڵاوبووەوە لەناو میللەتی کورددا ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبووە.

کۆمەڵگەی کوردیش لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو بە بارودۆخێکی ناهەمواردا تێپەڕیوە و بەربەستی زۆری بۆ دروستکراوە بەتایبەت لەسەدەی نۆزدەهەم، کە یەکێک لەو ماوەیە ناهەموار و خراپ و تاڵەی کە تووشی کۆمەڵگەو میللەتی کورد بووە ماوەی داگیرکەری عوسمانی بووە، کە بە دڕندەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ تاکی کورد کردووە و مافی کورد بەهەموو شێوەیەک پێشێل کرابوو ئەم شێوەی مامەڵەکردنە کاردانەوەی خراپی هەبووە لەسەر هەموو سووچەکانی کۆمەڵگە لەلایەن ئابوورییەوە خەڵکی لە ئاستێکی ئابووری خراپ ژیاون و نەخوێندەواری و نەخۆشی بڵاوبۆتەوە"ئەم دیاردانەش وای کرد کە شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکبچێ و بەهاکان نامۆببن وواقیعێکی تاک و ناهەمواری بۆ کورد لێ کەوتەوە بووە هۆی دواکەوتنی لەهەموو بوارەکانی

ژیانەوە"(سەعید، ٢٠٠٨: ٢٤٨) ئەم بارودۆخە ئەنجامەکەی"تێکچوون و شڵەژانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کاریگەری بوونی خراپی باری دەروونی دەستە ڕۆشنبیرەکەی بوو. بەهەمان شێوە پارسەنگی هاوکێشە مرۆڤایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵگاش ڕوویان لە خراپی دەکرد"(کەریم،٢٠٠٥ :١٤٠)

جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم لێکەوتەی خراپی لێ کەوتۆتەوە لەهەموو وڵاتانی جیهانداو کوردستانیش بێبەش نەبووە لەم لێکەوتە خراپە، کەهەموو کایەکانی کۆمەڵگەی گرتەوە.ئەم ڕووداوە جیهانییە شاعیرانی هەموو میللەتانی هەژاندو هەڵوێستیان وەرگرت بەرانبەر ڕووداوەکان شاعیرانی کوردیش ئاگاداری بارودۆخەکە بوون هەوڵی گۆڕانکاری لەناوەرۆکی بابەتەکان و ئاماژە بۆ بابەت و دیاردەی نوێ دا، کە پێشتر لە ئەدەب و شیعری کوردی باس نەکرابوو"گۆڕان و نوێبوونەوەی شیعری کوردی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لە گۆڕانی ناوەرۆکەوە دەستی پێکردووە، کاتێک مەبەست و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی چاکەخوازی و زانست پەروەری و بانگی عەدالەت و یەکسانی لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ژیان و دەستکەوتەکانی شارستانیەت چەکەرەی کردۆتە ناو شیعری کوردی و دەروازەی تازەی بەڕوودا کردۆتەوە"(دەشتی،٢٠٠٩ :٢١٩)

جەنگی جیهانی لێکەوتەی خراپی لێ کەوتەوە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بووە هۆی مایەی ئاڵۆزی گوزەرانی خەڵک لەڕووی ئابووری و دەروونی و زانسی و کۆمەڵایەتی ......هتد ئەدەبیش وەکو هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە کاریگەر بووە بەم بارودۆخە و لە شیعری شاعیران ڕەنگی داوەتەوە "دروست بوونی ئەو بۆچوونەی شیعر بەرامبەر بە واقیع، کە بۆتە هۆی خستنە ڕووی گەلێ لە کێشەکان بەهۆی دیدو بۆچوونی تایبەتی خۆیان کە ڕەنگدانەوەی لەناو ناوەڕۆکی ئەو شیعرانەدا دەرکەوتووە"(عەزیز،٢٠٠٢:٢٥)

لەبەر ئەو بارودۆخە دواکەوتووی و دژوار و ناهەموارەی، کە کورد تیایدا ژیاوە و هەموو جەمسەرەکانی ژیانی گرتۆتەوەو تاکی کوردی قەتیس کردووە بەهەموو شێوازێک لەسەرجەم ئاستەکانی ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتی ....هتد و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و هەژاری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەم هۆکارانە وەکو تارماییەک باڵی بەسەر میللەتدا کێشابوو شیعر تەنها کەرەستەی"دەربڕین بووە و کاریگەری خێرای لەسەر هەست و سۆزی خەڵکی هەبووە، بۆ ماوەیەکی زۆرباڵی بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی و هونەری کوردیدا گرتووە وشیعر تاکە زبانحاڵی ئەو ڕۆژگارە بووە"(عەوڵڵا،٢٠١١:٢٠٧ )

شیعری کوردی ئەرکی جۆراوجۆری بینیوە وەکو ئەرکی ئایینی، نەتەوەیی، نیشتمانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کە گوزارشت لە دیاردەکانی داب و نەریتی کۆمەڵگە دەکات"لەم ئەرکەدا

شاعیر خۆی و بابەتە شیعرییەکانی دەخاتە گەڕ لەپێناو خزمەت و سوود گەیاندن بە ژیانی کۆمەڵ ، دیارە ئەم بابەتە شیعرییانەی، کە شاعیر دەیانگرێتە خۆی دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵ و کاریگەریشی لەسەر خزمەتکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی لەهەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەکەی دەبێت، بابەتەکانیش بریتین لە دەستنیشانکردنی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی وەک: ململانێی چینەکان و خستنەڕووی ئەو داب و نەریت و فاکتەرانەی کە دەبنە کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هەروەها باسکردن لە بابەتەی وەک خوێندن و بەدەست هێنانی زانست و زانیاری و کێشەی ئافرەت و کارکردن ... هتد"(ئیسماعیل،٢٠١٠:١٥٤- ١٥٥) وەکو لەشیعری شاعیر (مەدهۆش ١٩١٩-١٩٩٤ز)دا بەناوی(ژیان سەیرە) دەڵێت :

پەرێشانم لەبەر حاڵێ کە ئەبینم لەیارانم
زەمانە فیکری تێکداون براو دۆست و ڕەفیقانم
کەسێکی وانییە ڕۆژێ لەگەڵما بێ بەدڵ پاکی
هەموو ڕوو گرژو دڵپیسن لەبەر ئەم داخە گریانم
تەماع و ماڵی دنیا بۆتە سەودایەک لەسەریانا
لەبەر ئەم حاڵەیە دەرچوون لەمزگەوتا مەلاکانم
خەریکی پارەیە هەرکەس خەیاڵێکی لەسەر دایە .
بەناحەق مەگرە من دایم خەریکی کاروفرمانم
لە پیرێکی ئەپرسی بۆچی واتەنیای لە ژورێکدا
وتی سفرەم نییە و فەرشم نێ یە کێ بێ بە میوانم

(مەدهۆش،٢٠٠٦ :٤٠)

وەک دەبینین، شاعیر لەم شیعرەدا باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کەلەناو کۆمەلگەدا بەدی دەکرێت ئەویش دیاردەی داڕمانی بەهاکانی کەسایەتی تاکی کوردە، کە دابەزیوە بۆ ئاستێکی زۆر نزم کەسێکی وا نادۆزێتەوە ڕاستگۆبێت لەگەڵیدا و هاوڕێیەتی بکات هەموو کەوتوونەتە شوێن پارەو ماڵ و سەروەت و سامان هەرکەس سەرقاڵە بەشتێکەوە وگوێ بە هاوڕێیەتی نادەن دەڵێت: لێم مەگرن بەردەوام هەردەم خۆم سەرقاڵ کردووە بە ئیش و کار لەبەر نەبوونی کەسێکی هاوشێوەی خۆی کاتی لەگەڵ بباتە سەر تەنانەت لەکەسە بەتەمەنەکان دەپرسی بۆچی بەتەنیایی دەڵێ: چونکە هەژارم و ماڵەکەم چۆڵە لە کە لو پەلی ناوماڵ واتە ماڵی وەکو کەسی خاوەن پارەو دەوڵەمەندەکان نییە کەس سەردانی ناکات واتە خەڵک سەردانی کەسی دەوڵەمەند دەکەن ئەم نموونەیە لەسەر کورتکراوەی هەموو باسەکانی ترە .

مافی ژنان یەکێک لەو بابەت دیارانە بووە، کە شاعیران بە ڕێژەیەکی زۆر باسیان کردووەو داکۆکی لەمافی ژنانیان کردووە لەبەرئەوەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردی بێبەش کراوە لەمافی خۆی وەکو خوێندن و بەزۆر بەشوودان پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠ز) لە شیعرێکدا دەڵێت :

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ و تەرەقین ڕەونەقی دەستەی گوڵن
تازە ئێمە تێگەیشتووین دایکی چاکی خوێندەوار
نەسلی وادێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتە کار
هەر کچانی خوێندەوارە میللەتی پێ سەرکەوێ
تەربیەی منداڵ هیوایە پێشرەویمان بەرکەوێ
ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژی هەڵدێ خوێندنی کچ هاتە ناو
جەهلە تاریکە شەوی کورد خوێندنیش تیشکی هەتاو

(ئاشنا،٢٠٠١ : ٣٦٨)

پیرەمێرد لەم شیعرەدا ئاماژە بۆ کێشەو مافی ژنان دەکات، کە کێشەیەکی باو بووە لەو سەردەمە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەبەر هەندێ داب و نەریت، کە ژنی کوردی بەهەموو شێوەیەک قەتیس کردبوو و بێبەشی کردبوو لە زۆربەی مافەکانی وەکو خوێندن و ئارەزووی هەڵبژاردنی هاوسەر بەویستی خۆی ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە بوو، کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاری بووە واتە هەموو بڕیارێک بۆ پیاو بووە هیچ حسابێک بۆ ئافرەت نەکراوە ئەوەش وای کردووە، کە ژن هیچ بڕیارێکی نەبێت و ئەنجامی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بووە ژنی بێ بەش کردووە لە خوێندن بۆیە ئەم شتە سەرەنجی شاعیری ڕاکێشاوەو دژی وەستاوە و لە شیعرەکەی بانگەشەی خوێندن بۆ ئافرەت دەکات و دەڵێت: ئافرەت ودایکی خوێندەوار نەوەیەک درووست دەکات ڕۆشنبیرو باش پەروەردەکراو وخوێندەوار بێت، کە سوودی بۆ کۆمەڵگەیە لەبەرەو پێشخستنی کۆمەڵگەدا .

دیاردەیەکی تر لەداب و نەریت و بەشێک لەکلتوری کۆمەڵگە، کە شاعیرانی کورد ئاماژەیان پێداوە لە شیعرەکانیان و سەرزەنشتیان کردووەو دژی وەستاون دیاردەی شێخ و مەلاو فەقێ و تەکیەو خانەقاکانیانە، کە هەندێکیان بەناوی خواو ئایینەوە خەڵک چەواشە دەکەن بۆیە بە کۆسپ زانیویانە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەهەندێ حاڵەتدا ئەمەش بێگومان هەموو مەلاکان ناگرێتەوە (مەلای گەورە ١٨٧٦-١٩٤٣ز) لە شیعرێکدا بەناوی (بەسیە بۆ خاتری خوا) سەرزەنشتی شێخەکان دەکات وگەندەڵیان دەردەخات تیایدا دەڵێت :

بەسیە بۆ خاتری خوا بەسیە      تابەکەی بەزمی خانەقاو تەکیە
شێخن فەندی ئیتر بترسە لەخوا      میللەتی قوڕ بەسەر چ حاڵێ نەما

گەلێ کەس ماڵی خۆی هیبەی تۆ کرد عاقیبەت خۆل بەسەر لەبرسا مرد
ڕەحمت قەت نەکرد بە منداڵی خەبەرێکت نەبوو لە ئەحواڵی
ژنەکەی دەربەدەر بوو چەند ساڵان تاکو فەوتا لە ڕۆخی ڕەشماڵان
تۆ بەهەشتت فرۆشت بەبستێ عارد ئەو ئەوا ڕۆحی دا بە مستێ ئارد
تۆ لە ڕێگای خودا گەلێ دووری خۆفی خوات هیچ نییە لە مەغروری
وەکو قەهری خوات بەسەردابێ چۆن وەلی خوا دەبێ وابێ
وادەزانی کە تۆ وەلی خودای هەم شەفیع و (مطاعی) ڕۆژی جەزایی
تۆ لە بۆخۆت چما دەچیتە ئیرەم تاکو بیدەی بە عەرودار و درەم
چۆن ئەمینی لەمەکرو کەیدی خودا وەکو شێخ بەلای خوات لێدا
خوا خەبیرە بە سیرو ئیعلانت خوا دەزانی نیفاق و ئیمانت
بەم هەموو ئیفترایە هەی کەزاب کونەجانت دەبی لە ڕۆژی حیساب

(علاءالدين، ٢٠٠٦ :١٥٩)

شاعیر لەم شیعرەدا ڕەخنە لە شێخ و مەلاکان دەگرێت، کە چۆن تەکیەو خانەقاکانیان بۆتە بەزم بە شێخەکان دەڵێت: لە خوابترسن و فێڵ لەخەڵک نەکەن وخەڵک نەخەڵەتێنن بەناوی ئایینەوە خەڵک فەوتا بەدەستیانەوە خەڵک ماڵ وحاڵی پێشکەش بە شێخ کردووە، کەچی ئەو کاتێک لێی قەوماوە شێخ ئاوڕی لێ نەداوەتەوە و یارمەتی ماڵ و منداڵی نەداوە بەهەشت دەفرۆشێ بۆ مستێک عەرز پێی دەڵێت: تۆ خۆت بە ئەهلی ئیمان دەزانی، کەچی هیچ سیفەتێکی خواترسیت لانییە چۆن وا غافڵیت لەجەزای خودا خوا هەموو شتێکت دەزانێ بە نهێنی و ئاشکرا چۆن بەم هەموو فرت و فێڵە دەتەوێ بچیتە بەهەشت ئەم شیعرە ئاماژەیە لەسەر بارودۆخی شێخ و مەلا لە کۆمەڵگە، کە هەندێکیان راستگۆنین لە باوەڕو هەڵسوکەوتیان ئایین بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و خەڵک دەگەوجێنن.

شاعیران بەم شێوەیە لەبەرجەستەکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی ئاماژەیان بۆ زۆربەی ووردەکارییەکانی ناو کۆمەڵگە بردووە باسیان لەهەندێ هەڵسوکەوت کردووە، کە لەکۆمەڵگە بەدی دەکرێت ئەویش دیاردەی تەمبەڵییە، کە لەلای هەندێ کەس ڕوودەدات و دیاردەیەکی ناشرینە (ئەحمەد دڵزار، ١٩٢٠ –٢٠٢١ز) ی شاعیر لە شیعرێکدا هانی لاوان دەدات بۆ ئەوەی کاربکەن دەڵێت :

برام تاکارای تاجی سەر سەریت

هەر كەپەكت كەوت چەورەو سەرسەريت
كەواتە كاكە ئاگات لە خۆت بێ
هۆش و ئەندێشەت هەميشە كۆبێ
هەتاكو نەگليى نەهێنى نسكۆ
نەكەى ژيناون بڕوا بە فيرۆ
هێزى پياوەتى و لەنگەرى ژيريت
بپارێزە تا دواى پلەى پيريت

(دلزار،٢٠٠٦: ٢٧٩)

شاعير لەم شيعرەدا ئاماژە بۆ دياردەيەک دەكات لەناو كۆمەڵدا، كە لەهەموو رۆژگارو سەردەمێكدا و لەهەموو كۆمەڵگەيەكدا بەدى دەكرێت ئەويش ديـاردەى تەمبەڵييە لەلايەن هەندێ كەسدا شاعير لەم شيعرەدا هانى گەنجان دەدات بۆ ئەوەى گورج بن لەهەموو ژيانياندا و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەى هەردەم سەركەوتووبن و تامى شكست نەچێژن، چونكە لەدوايدا پير دەبن ئەوكات ناتوانن هيچ بكەن بۆ ژيانيان واتە تا گەنجن ئيش و كار بكەن و كات بەفيرۆمەدەن لەبەر ئەوەى مرۆڤ تاكار دەكات و چالاكە نرخى زۆرترە لەكەسى بێ ئيش و كار مرۆڤ، كە بێ ئيش وكار بێ كەس نرخى پێ نادات و حسابى بۆ ناكات و هانيان دەدات تاكۆتايى ژيانيان هەر كارا بن و وريابن و ئاگايان لەخۆيان بێت .

لەهەندێ حاڵەتدا شاعيران هەوڵيانداوە بابەتە كۆمەڵايەتييەكانيان"لەچوارچێوەيەكى سنوردارى كۆمەڵايەتى وجار ناجارێكيش سياسى بخەنە ڕوو هەندێكى تر لەشاعيرانى كورد پەنايان بۆ بابەتە ئاينييەكان برد و شيعرەكانيان لەپێناوى ئاييندا دەرەخساند"(كەريم،٢٠٠٥:١٤١) نموونەى شيعرى لەسەر ئەم لايەنە شيعرى شاعير (محمد نوورى)يە، كە ئايين تێكەڵ بە بابەتى كۆمەڵايەتى كردووە، لە شيعرێكيدا دەڵێت :

لايەنى ئايين قەت نەكەن بەردن
چونكە ئەمرێكە ئەمرى خوداتان
هەتا دەتوانن هەر چاكە بكەن
درەنگ بێ يان زوو هەردێتە ڕێتان
ڕاست بن ڕۆڵەكان قەت نەكەن درۆ
گوتراوە (ڕاست بەبڕۆ ڕێى شێران)
تادەگاتە........
مەكەن قومارو مسكرات مەخۆن
چونكە خيلافى شەرعە وئاينتان

(نەقشبەندى،١٩٨٥ :٩٦-٩٨)

شـاعیر لەم شـیعرەدا ئامۆژگـاری منـداڵەکانی دەکـات، کە دوور بگـرن لە بەدڕەوشـتی و هەڵسـوکەوتی خـراپ، کە لەکـۆمەڵگە بەدی دەکرێت لای هەنـدیک کەس دا و ڕێـی خـودا بگـرن و بەئیمـان بـن، چـونکە ئەمـری خـودایە لەسـەر مـرۆڤ، کە پەیوەسـت بـێ بە ڕەوشـتی چاک.هەروەها(دلْدار١٩١٨-١٩٤٨ز) لەشـیعرێکیدا ئـاییینی لەگەڵ بـابەتی کۆمەڵایەتی لەشـیعر تێکەڵ کردووە لە شیعرێکیدا دەڵێت :-

ئەی خودایە حاڵی عالەم شایانی نییە
میحنەت و ئیدباری زۆرو شەهید بێ ژانی نییە
سا ئەزانێ بۆ چ من وامعرەضی شەکوا ئەکەم
تابزانی قودرەتی تۆ حەددی ویجدانی نییە

زامەکەت بێ مەرهەم و بۆ گشتی عالەم ساریە
دەردەکەوت زۆر نیشەدارو قەتعی دەرمانی نییە

ڕێگەیی بەش کردنی ڕزقت لەدونیا شاهدن
هێندی کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نییە

ڕۆژێ فەرمووت (لیس للإنسان إلا ماسعی)...
هیچ کەسێکیش هێندی فەللاح ئیش و کێلانی نییە

ئیش ئەکات و ڕەنج ئەدات وروتو قورگ و زگ بەتاڵ
ئاخری بێ سوود ئەمێنێ ساڵ کەبارانی نییە

ڕائەمێنێ ڕەنجەڕۆو دەست لە ئەژنۆ قوربەسەر
ڕاستە شاە یبێ شەریک باکی گەدایانی نییە
سالە ڕێگەی ژین دزینی مەڕ ئەکا گیسک
چونکە برسی و بێ نەوایە مایەی نییە

(علاء الدین، ١٩٨٥: ٣٨)

لەم شـیعرەدا (دلْدار ) سـکاڵا لای خـوا دەکـات، کە خـۆی دابەشـکەری ڕزق و بەشـی مـرۆڤە لەنـیعمەت دا هەمـوو کەسـێ بەهەوڵ و تەقەلای خـۆی دەسـتی دەکەوێ ئەم بەڵـگەی قورئـانی

هێناوەتەوە بۆ گلەیی  لەخودا چۆن وا دەڵێ و جوتیار لەهەموو کەس زیاتر مەینەت دەکێشێ و لەهەموو بێ بەش ترەو کەم دەرامەت ترە.

منداڵ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بێبەش نەبووە لە شیعری شاعیراندا وەگو بوونەوەرێکی دڵخۆشکەر و ناسک سەرەنجی مرۆڤ و شاعیر ڕادەکێشێ چ لە هەڵسوکەوت یان لە ماف، کە بێ گومان پێویستە هەموو منداڵێک ژینگەی باش و گونجاوی بۆ بڕەخسێت بۆ پەروەردەکردنی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و تەندروست ئەمەش مافێکی سەرەتایی و سادەی منداڵە، کە ئەو کاتە منداڵی کورد لێ بێبەش بووە شاعیران لەشیعرەکانیان باسی جیهانی منداڵیان کردووە و هانیان داون بۆ زانست وەک (بێکەس ١٩٠٥-١٩٤٨ز) کە لە شیعری( گۆرانی کەششافە)دا دەڵێت :

ئێمە کەشافەی کوردین
هەموو بەدەست و بردین
بۆبەجێهێنانی خزمەت
چوست وچالاک و گورجین
.......
ئەمڕۆ رۆژی غیرەتە
ڕۆژی هەوڵ و هیممەتە
باهەمووومان تێ بکۆشین
دەربچین لەم وەحشەتە
.......
ئێمە کە نەوجەوانین
هەر بۆ خزمەت خوڵقاوین
بۆ هەموومان لازمە
قەدری وەتەن بزانین

(ئاشنا،٢٠٠٥: ١٦٧)

لەم شیعرەدا شاعیر هانی منداڵان دەدات بۆ ئەوەی زیرەک بن و تەمبەڵ نەبن گورج بن بۆ خزمەتی وڵات لەدوارۆژدا ببنە فریادرەسی وڵات. پەیڕەوکردنی هەندی ئایدیۆلۆژیا لەلایەنی شاعیرەوە زۆرجار بە ئاشکرا لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و هەندێ جار لە ژێر ناوی شاراوە یان بەکارهێنانی هێما (ڕەمز) باس لە ئایدیۆلۆژیاکەی دەکات ئەمەش زیاتر لەو شیعرانەیە ڕوودەدات، کە دەربارەی ئایدۆلۆژیای سیاسی و حزبییە شاعیر لەترسی سزای دەسەڵاتی پەنا بۆ

هێمـا دەبـات لەو شـاعیرە کـوردانەی، کە ئایـدۆلۆژیا لە شـیعرەکانیان ڕەنـگ دەداتەوە بەئاشـکرا بەتـایبەت ئایدیۆلۆژیای حزبی وبەتـایبەت ئەوشـاعیرانەی هەڵگری بیروبـاوەڕی مارکسـیەت بـوون وەکـو (گـۆران، ئەحـمەد دڵـزار، هەردی، دیـلان، قەدری جـان ..... هتـد)(گۆران ١٩٨٥-١٩٦٢ز) لە شیعری( ڕێگای لەنین) دا دەڵێت :

فریم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا
بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا...
تاگەیشتمە بەردەروازەی کرەملین
ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین!
ڕوی سرنجم کردە هەر کوێ لەنین بوو،
هەرخۆی باوک، سەرۆک، مامۆستای چین بوو..
دیم: نەبەڕەنگ دیم: نەبەدەنگ، نەبە بیر.
لەکیس چووە، بۆ ئینسان، لەنینی ژیر!
ئێستاش دەستی درێژ ئەکاو، بەئەمووست
شەقامی ڕاست پیشان ئەدا بست بە بست،
لەتاریکیی دنیای پڕ ئارەق و خوێن،
دنیای شەڕودنیای جەورو دنیای جوێن..
پەڵ کیش ئەکا ئینسان بۆ دنیای تازە،
ئەو دنیایەی هەر خۆشی یەو هەر نازە! ..

(مەلا کەریم،١٩٨٠ :٣٠٦-٣٠٧)

لەم شیعرەی( گۆران)دا ئاشکرا ئایدۆلۆژیای مارکسی دیارە پێوەی لەبەرئەوەی خۆی کەسێکی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بووەو ئەندامی حیزبی شیوعی بووە سەردانی ڕووسیای کرووە بۆ چارەسـەروەرگرتن لەبەر ئەوەی نەخـۆش بـووە روسـیاش قەڵای شـیوعیەت بـووە لە جیهانـدا لەم شـیعرەدا بـاس لە لینـین دەکـات، کە سـەرکردەیەکی ڕوسـی مارکسـی بـووە وەسـفی پەیـکەرەکەی دەکـات، کە لەمۆسـکۆیە هەروەهـا ستایشـی ڕۆڵ و بیروباوەڕەکـانی لینـین دەکـات، کەچـۆن ڕێنماییدەرە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاست و داوای ماف .

کاریگەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەساڵی (١٩٧٠ز) بەدواوە بەسەر شاعیران وئەدیباندا هات ئەمەش لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییەو گۆرانکارییەی بەسەر میللەتی کورددا هات بەتـایبەتی

بەیانی ١١ ی ئازار ١٩٧٠، کە کاردانەوە بەهێزی هەبوو لای تاکێکی کورد شاعیران، کە گیانی یاخیبوونیان لاپەیدا بوو لە شیعردا بەتایبەتی لای شاعیرانی (گروپی ڕوانگەو کفری )"واقیعیەت لەو سەردەمانەدا(تەنانەت ئێستاش ) ئەوەندە سێبەری کێشابوو بەسەر ئەدەبدا بوو بە دەسەڵات لایەنە ئەدەبی و فیکری و ڕەخنەییەکان ڕێگایان نەئەدا باسی ڕەوتی دەرەوەی واقیعیەت بکرێت" (بەرزنجی،٢٠٠٨ : ٨٢)

گروپی ڕوانگە لەساڵی ١٩٧٠ز دامەزراوە بە بەشداری چەند کەسێک لەئەدیبان وشاعیران وەکو (شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێریجەلالی میرزا کەریم) ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لەشیعرەکانییان ڕەنگی دایەوە و بەگژ ئەو داب و نەریت وکۆت و بەندانە چوون، کە کۆمەڵگەی کەلەپچە کردبوو ئەم هەنگاوەی ئەمان"لەچوارچێوەی خەم و ئەرکی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتیدا دەسوڕێتەوە زیاتر جەختیان لەسەر بە کۆمەڵایەتی بوونی ئەدەب کردووە" (هەمان سەرچاوە،٢٠٠٨: ٧٤)

لەنوێکردنەوەی ناوەرۆکدا هەنگاوێکی نوێ بوو لە بابەتی شیعرەکانیان"لە شیعرەکانیاندا هەستی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و هەستی قووڵی مرۆڤایەتی لە بەرهەمەکانیاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست پێدەکرێ هەمیشە هەوڵیان داوە خەباتی گەلی خۆیان تێکەڵ بە خەباتی گەلانی جیهان بکەن"(حوسێن،٢٠١١: ٢٧) ناوەرۆکی بابەتی شیعرەکانیان"لەم قۆناغەدا زیاتر جەختیان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هەستی مرۆڤایەتی ، شارستانی و پێشکەوتن ، هەڵرشتنی هەگبەو تورەیی ، ژیان و مردن .....هتد دەکردەوە"(هەمان سەرچاوە،٢٠١١ :٢٦)،کە سیفەتی یاخیبوونیان هەڵگرت دژی هەموو نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە لەشیعرەکانیاندا ئەمە خۆی لە خۆیدا وەچەرخانێکی بەرپاکرد، کە یەکەم جار بوو لەشیعری کوردی سەرهەڵبدات ئەمەش لەئەنجامی چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو، کە میللەتی کوردی چەوساندبووەوە وەک(شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠-٢٠١٣ز) لە شیعرێکدا بەناونیشانی (دڵداری ناو شارێکی مردوو)دا دەڵێت :

پێکرام لەپشتەوە پێکرام
هەر بەو تیغە ژەنگاویەی
کە ((بەدرخان)) ی پێ کوژرا منیش کوژرام
تیغی جاڕی شەیتانی سەر منارەکان
تیغی زمانی ماری سەر:
بەردە نوێژی مزگەوتەکان
خنکام لە دووکەڵی فەتوای ناو مێزەری
تونی بابای پیلانەکەی ،
(مەلای خەتێ) دا بوو خنکام
سووتام .... لە گێژاوی گڕی دەمی ئەژدەهای حەوت سەری
((مەلای خەتێ)) دابوو سوتام

(بێکەس،٢٠٠٦: ٣٢٦-٣٢٧)

شاعیر لەم شیعرەدا دژی دەسەڵاتی پیاوانی ئاین وفەتواکانیانە، کە کەسانی درۆزنن وچەند ڕوون شاعیر بەتووندترین شێوە ڕەخنەیان لێدەگرێت و یاخیبوونی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەریان.
بەڵام ئەم پەیوەندییەی نێوان کۆمەڵگەو شاعیردا لەهەموو میللەتێک وەکو یەک نییە واتە هەر میللەت و کۆمەڵگەیەک سیمای تایبەتی خۆی هەیە"لەڕاستیدا ئەم پێکەوە گرێدان و پەیوەندییە مەرج نییە لەئەدەبی هەموو نەتەوەیەکدا چوون یەک بێت بەڵکو بەپێی سەردەم و چەمکی شیعرو شێوازی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ هونەرەکەیدا بەردەوام سیمای جیاواز وەردەگرێت"(مستەفا، ٢٠١١: ١٣٥)
لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کاریگەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە سەر شاعیراندا شتێکی خۆرسکە، چونکە شاعیر لەکۆمەڵگە دەژیت و وەک تاکێک خاوەن بیرو هەست و سۆزە بیگومان ڕووداوەکانی کۆمەڵگە کاری تێ دەکات و سەرنجی ڕادەکێشێت ئەو شیعرەی کەرەستە سەرەتاییەکانی لەناخی کۆمەڵگەدا وەرنەگرتبێت وەکو پەیکەرێکی بێ ڕۆح وایە هیچ چێژێکی نییە لەبەرئەوەی کەمتر کار لە خوێنەر دەکات و تەمەنی کەمترە شاعیر ناتوانێت خۆی دوورەپەرێز بگرێت لە کاریگەری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بۆیە گوزارشت لەواقیعەکە دەکات بەزمانێکی ئەدەبی .

## تەوەری دووەم

## ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی( سەلام سەعید مەولود)دا

شاعیر وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە وخاوەن هەست وسۆز و بیرکردنەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە باش وخراپییەوە بە ڕێژەی کەم یان زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت وکاری تێدەکات. لەو ڕووەشەوە( سەلام سەعید) کە، شاعیرێکی هاوچەرخی کوردە وئەزموونێکی قووڵی لە گەڵ شیعردا هەیە وبە تایبەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەنگێکی دیاری شیعری کوردی بووە،ولەبوارە کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەنی چەندین دەقە، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەلایەتییەکەیە وبوونەتە هەوێنی گەلێک لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی هەر وەک خۆی ( سلام سعید )[1]دەڵێت:"شاعیر تاکێکە لە تاکەکانی خەڵکی دیکە جودایە لە هەست وبیرکردنەوەدا ولە ڕێ وشوێن دا ولە هەموو شتێکدا شاعیر،زۆرجارمردنی پەپوولەیەک ،ئاژەڵێک،مرۆڤێک ،ئینسانێک،بەڵام مەرج نییە شاعیر هەموو کاتێک هەموو شتێک بیجووڵێنێت

[1] سلام سعید لە بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ساڵی ١٩٥٦ لە یەکێ لە کۆڵانە هەژار نشینەکانی گەڕەکی کانێسکان پشت مزگەوتی قامیشان لە دایک بووە وکوڕی پیاوێکی کرێکارو نانەوا بووە هەروەها ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی بووە، هەربۆیە لە بەندیخانەکانی نوگرە سەلمان، باعقوبە، کرکوک، سلێمانی بەندبووە. ئەم پیاوە عەشقی بۆ ئەدەب خۆشەویستی بۆ دنیای ئەدەب سەرنجی ڕاکێشاوە، هەر بۆیە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا چووەتە باخچەی ساوایانی سلێمانی و لە تەمەنی شەش ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کانێسکان، لە قوتابخانەی جمهوری لە شێخ محێدین تا پۆلی سێ خوێندووە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی گۆران پۆلی شەشمی لەوێ تەواوکردووە..لە ناوەندی لە شەو خوێندووە و بەڕۆژ کاری کردووە دواناوەندی کشتوکاڵی سلێمانی تەواو کردووە.. کاری نووسینی لە دواناوەندییەوە دەستی پێکردووە یەکەم بەرهەمی ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری تریفە دا بڵاوکردۆتەوە پاشان لە هەفتەنامەی هاوکاری وپاشکۆی عێراق وڕۆشنبیری وبەیان دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوە ساڵی ١٩٧٧و١٩٧٨خوێندنی تەواوکردووە پاشان چووە بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام بە هۆی ئەوەی سیاسەتی کردووە وئەندامی حزبی شیوعی بووە لەسەربازی بە توهمەی سیاسی گیراوە ولە بەندیخانەی وەزارەتی(دفاع ) نۆ مانگ وحەڤدە ڕۆژ سجن بووە پاش ماوەیەک بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە، کە سەدام هاتووەتە سەر حوکم بەربووە و هاتۆتەوە سلێمانی،پاشان چووەتە شاخ و پەیوەندیی بە حزبی شیوعییەوە کردووە، دواتر چووەتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە. سەرەتا بووە بە مامۆستای شۆڕش، پاشان لە ڕیزەکانی یەکێتی نووسەراندا دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە گۆڤاری گزنگ ونووسەری چیا ..بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە هەر لە شاخ یەکەم بەرهەمی شیعریی لەڕێگای یەکێتی نووسەرانەوەچاپ کردووە لە ژێرناونیشانی (دیدەنی مەرگ) تاڕاپەڕین لەدوای ڕاپەڕینەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ئەم دیوانە شیعریانەی:

١. دیدەنی مەرگ بەرگی دووەم
٢.دیوار
٣.بەیانیتان باش موغەکانی ئاڤێستا
٤.ئەم نغرۆبونی تەمەن بوکوێ ئەگا
٥.بە گێلاسی دڵی تۆدا
٦.گەڕەگ لە بۆنی مێخەک بۆنەکەی ئەودا
٧. ژنێک لە ڕەنگی ئاو
٨. هاید پارک
٩. ژنێ بە تامی پرتەقاڵ
١٠. سیناریۆیەک بۆ مێژوو

ئێستا دیوانی ( ژنێ لە ڕەنگی ئاو ) کراوە بە عەرەبی و ئامادەیە بۆ چاپ (مەولود،٢٠٢٣)

شــاعير ئەو كــاتە دەجولێــت، کە کارێــک کــاری تــێ دەكــات ئیتــر عەشــقەکەیەتی، ژیــانە، برسێتییە.....هتد"(مەولود،٢٠٢٣)

شایانی باسە،کەرەستەی دەربڕین لای شاعیر شیعرە وجا بۆ ئەوەی قووڵ بێتەوە بۆناخی کۆمەڵگە وگوزارشت لەو خەم وئاوات وخەون وبارودۆخانە بکات، کە یە خەی میللەتی گرتووە هەوڵیداوە لە بنیاتی شیعرەکانی دا ئاوڕی لێ بداتەوە وتەنانەت هەندێ جار هەوڵی چارەسەر و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانیشی داوە ئەو بابەتانەش، کە دەچنە قاڵبی شیعری کۆمەڵایەتییەوە بریتیین لە گەلێک بابەت وەکو(هەژاری،برسێتی ،پرۆسەی هاوسەرگیری، جیاوازی چینایەتی ،مافی ژن، لاواندنەوە ، تەنزی کۆمەڵایەتی ،داب ونەریت، نادادپەروەری، کۆنەپەرستی .....هتد)کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی سەرزەمین بە چەندین قۆناغی نالەبار وناهەمواردا تێپەڕیوە و نەهامەتی وچەوساندنەوە ودەربەدەری زۆری چێشتووە بۆیە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی گیروگرفتی زۆر بۆتەوە. ئەمەش بێگومان، کاریگەری نەرێنیی هەبووە لە سەر ڕەوشی ژیانی کۆمەڵگە لەو ڕووەشەوە شاعیر (سەلام سەعید مەولود) وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ،لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە گەلێک بابەتی کۆمەلایەتی داوە، کە بەرجەستەی ئەو بارودۆخانە دەکات، کە بوونیان هەیە لە کۆمەڵگە ولەو بۆتەیەی، کە خۆی تیایدا ژیاوە وئەو مەینەتی وپەژارییەی، کە لە ژیانی دا چێشتوویەتی و لە بنیاتی گەلێک لە دەقە شیعرەکانی دا ڕەنگداوەتەوە. بۆ نموونە:

### ١.نایەکسانی و نادادپەروەری

بابەتی نایەکسانی، یەکێکە لەوبابەتانەی، کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەدی دەکرێت ولە دێرزەمانەوە بوونی هەیە ونایەکسانی گەلێک لایەن دەگرێتەوە،لەوانەش وەکو لایەنی ماددی ونایەکسانی لە بەدەستهێنانی هەلی کار ونایەکسانی لە دابەشبوونی داهات ونایەکسانی لە بەدەستهێنانی ئاستی زانستی.....هتد.بێگومان ئەم دیاردەیەش لە خودی خۆیدا دەبێتە مایەی نیگەرانی لە ناخی مرۆڤی ماف خوراودا وڕەنگدانەوەو کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر کۆمەڵگە وتەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە مایەی شڵەژانی ڕەوتی کۆمەڵگە ومەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆسەر قەوارەی کۆمەڵگە.لەو ڕووەشەوە(سەلام سەعید) لە شیعرێکی دا بەناوی (عەدالەت) باس لە بابەتی نایەکسانی لە کۆمەڵگە دەکات، کە تەنها لە سەر کاغەز بوونی هەیە. واتە تەنها بە نووسین، بەڵام لە واقیعدا ئەستەمە بەرجەستەبکرێت وبەهیچ شێوەیەک لێکچوون بوونی نییە لە نێوان زۆردار وزۆرلێکراودا. واتە هەر یەکەیان ڕۆڵ وپێگەی خۆیان هەیە وبە هیچ شێوەیەک لە یەک ناچن لە بەر ئەو ڕۆڵەی هەر یەکەیان دەیبینێ جیاوازە. کەسی زۆرلێکراو نادادپەروەری بەرانبەری ئەنجام دەدرێت ئیتر ئەو نادادپەروەرییەش لە هەر بابەت وبە چ شێوەیەک بێت لە لایەن زۆردارەوە.بۆ ئەم مەبەستەش لەم شیعرەدا شاعیر، کە بە زمانێکی سادە وئاسان وڕەوانەوە

نووسـیویەتی وادەبینێت، کە شـتێک بـوونی نیـیە بە نـاوی دادپەروەری ئەم تێـڕوانینەی شـاعیر ڕەشبینی ونائومێدیی دەردەخات بەرانبەر واقیعی کۆمەڵگە هەر وەکو دەڵێت:

عەدالەت ..ئەتوانرێت

تەنها لە سەر کاغەز بەرجەستەی

کەین

هەمیشە ناتوانین

هاوسەنگی جێگە..

بۆزۆردارو..زۆرلێکراو

بکەینەوە

(دەستنووسی شاعیر)

## ٢.هەژاری

یەکێکە لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان ولە هەمـوو کۆمەڵگەکانی جیهانـدا بـوونی هەیە هەندێ لە خەڵکان ڕووبەڕووی دەبنەوەوە، کە بریتییە لە بێ توانـایی تـاک لە بە دەسـتهێنانی پێداویسـتییەکانی ژیان وبە جێهێنانی پێداویستییەکانی تری وەکو بێبەش بـوون لە خوێندن وبرسـێتی .....هتد، کە لە ئەنجـامی هۆکـاری جۆراوجـۆرەوە سـەرهەڵدەدات و هەنـدێکیان پەیوەنـدی بە شـێوەی دەسـەڵاتی حوکمڕانییەوە هەیە وهەندێکی خودییە، واتە تاکە کەس خۆی بەرپرسە لە سەر هەژاری خۆی ئەم حاڵەتەش لە کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی نەرێنیی لە سەر ناخ ودەروونی تاک دەبێت ولە هەموو کات وسـەردەم وقۆنـاغ وکۆمەڵگەیەکدا بـوونی هەبـووە وهەیە.لەو ڕووەشـەوە شـاعیر وەک مرۆڤێـک خاوەن هزر وهۆش وێنەی هەژاری کاری تێدەکات وسـەرنجی ڕادەکێشـێت،چونکە خۆی موعانـاتی هەژاری چێشـتووە و وەک تـاکێکی کـۆمەڵگە خـاوەن هەڵوێسـت لە شـیعرەکانی ئامـاژەی بە بـابەتی هەژاری داوە ووێـنەی هەژاری لە کـۆمەڵگە بەرجەسـتە کـردووە لە شـیعرێکی بە نـاوی(هەژار) دا دەڵێت:

هەژاری ئەم کوژێ

هاوڕێی منداڵیمە

بە درێژایی تەمەن لەگەڵمایە

زستان ئەم چرکێنێ

ئەم گریەنێ

بەجەستەم شارەزایە

لە هەموو دەلاقەکانەوە

چاوەکانیم تێ ئەبڕێ
لەسەر شەقامەکان تورِم ئەدا
وێنە ترسناکەکانی
تێکم ئەشکێنێ
ئای لە ڕەنگی خوڵە مێشی
ئەترسم
زستانە وچۆقە چۆقی
دانم دێ
هەژاری زۆر ئێواران
ئەم گریێنێ
بەیانیان زوو بە ئاگام دێنێ
پارویەک نان مشتێ خوێن و
بەرداشتێک بۆ چنینی لاشەم
مەرگێکی هێمنی ئەوێ
ئەی مێژووی مرۆڤایەتی
کەی هەژاری لە بۆنی گوڵێ
تێر ئەبێ
نەک بۆنی خوێن
کەی هەژارێ لەسەر کورسی
دائەنیشێ
پێخەفەکەی جێگاکەی
باش بۆ دائەپۆشێ

(دەستنووسی شاعیر)

وەک دەبینین، لەم شیعرەدا شاعیر باس لە حاڵەتی هەژاری دەکات، کە چۆن کاریگەری نەرێنی هەیە وئاماژە بۆ کاردانەوە ووردەکانی دەکات لە سەر مرۆڤ وباس لە حاڵەتی هەژاری وڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی لە سەر خودی خۆیدا بە شێوەیەک باسی دەکات، کە دەیکوژێت ئەمەش لە ئەنجامی ئەوپەشێوی وپەژارە وخەم وخەفەتەیە، کە لەلای دروست بووە.لە ڕاستیدا ئەم دەربڕینەی(سەلام سەعید) بۆ هەژاری لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە،چونکە خۆی تامی هەژاری چێشتووە بە تایبەت لە منداڵیدا وەکو خۆی دەڵێت:"زۆریم دیوە منداڵی گەڕەکە هەژارەکانم باوکم پیاوێکی نانەوا بوو سەرەتا زۆر ڕقم لێبوو لە بەر ئەوەی بەیانیان زوو لەگەڵ خۆی ئەیبردم"(مەولود،٢٠٢٣)

هەر لە درێژەی دەربڕینەکانیدا،شاعیر باس لە وێنەی هەژاری دەکات، کە سەرما وسۆڵەی زستانی چێشتووە ولاشەی چرکیوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان وزۆر ئێواران هەژاری گریاندوویەتی لە بەر نەبوونی نانی ئێوارە وبەیانیان ناچاربووە زوو لە خەو هەستێ وبڕوات بۆ کار، کە وەکو خۆی دەڵێت: لە دوکانی نانەواخانەکەی باوکی ئیشی کردووە. هەروەها باس لە وێنە جۆراوجۆرەکانی هەژاری دەکات، کە هەموویان وێنەی سامناک وناخ هەژێن ومەترسیدارن.بەهەر حاڵ شاعیر لێرەدا باس لەوە دەکات، کە چۆن وێنە ترسناکەکانی دەیشکێنێ لەڕووی دەروونییەوە وتووشی شۆکی دەکات وچۆقە چۆقی ددانی دێ. ئەم دیمەنە، کە دیمەنێکی باوی هەژارییە هەموومان بە دییی دەکەین لە هەموو کات وسەردەم وشوێنێکدا لەسەر شەقامەکان لە هەموو کۆمەڵگەکان بە مەرگێکی لەسەرخۆ دەیچوێنێ لەبەر ئەو کاردانەوە گەورە و ئەرێنییەی، کە لە سەر مرۆڤ لە کۆمەڵگە هەیەتی هەژاری بە بۆنی خوێن دەچوێنێ وپرسیار دەکات، تاکو کەی هەژاری بەندە بە بۆنی خوێن ئەم چواندنەی شاعیر نیشانەی دڕندەیی هەژارییە، چونکە زۆربەی جار بینینی خوێن توشی ترس ودڵەڕاوکێت دەکات ونیشانەی ئازار ومەرگە،لێرەدا شاعیر پێخۆرەکەی دەچوێنێ بە خوێن،چونکە زۆربەی کات هەژارەکان تەنها نانی وشک شک دەبەن بیخۆن.ئەو نانەش بە خوێن پەیدایدەکەن هەروەها پرسیاری ئەوە دەکات، کە کەی هەژارێک لە سەر کورسی دادەنیشێ واتە شوێنێکی شایستە وڕێکی هەبێت وخۆی بپۆشێ وڕووت نەبێ، چونکە هەژار بەردەوام لیفەکەی کورتە واتە بەرگەی سەرما وگەرمی بگرێ نەک ڕووبەڕووی سەرما بێت لە زستاندا ئەم ئاماژەی شاعیر وبەرجەستەکردنی ئەم دیمەنە لە بەر ئەوەی لە زۆربەی کات هەژاران بێ پەناگەن وڕووتەڵەن لەڕووی شوێنی حەوانەوە وجل وبەرگ پێچەوانەی کەسانی تری خاوەن پارە ومولک، کە ئەمان لێی بێبەشن.هەروەها لە شیعرێکی تریدا بەناوی(هەژار)ەوە دەڵێت:

کەویستت بێی بۆ دیدارمان
کۆڵانەکەی ئێمە پڕە لە منداڵی عەجول
یاری بە تۆپ.بە بەرد.بە چەقۆش ئەکەن
هەموو جۆرەکانی یاری ئەزانن
هونەری سەما لێرە .واژوی لە سەر ئەکرێ
ئێمە هەموو جۆرەکانی خواردن ئەنێین
دروستەکەین
بۆ مێزی دەوڵەمەندەکان
بەڵام خۆمان ناتوانین بیخوێن

کەهاتیت.دامێنی کراسەکەت هەڵکە
ئەو کۆڵانەی ئێمە هەمیشە ئاو وێرانی کردووە لێ
ئاوی پاشەڕۆی کوختەکانمان
کەهاتیت ئێمە بە هەموو بە خۆشەویستی
سڵاوت لێ ئەکەین
لە بەر ئەوەی تەنها ئێمە ئەزانین
چۆن خەڵکمان خۆشبوێت

(مەولود،٢٠١٩ :١٠٨-١٠٩)

وەک دەبینین،لەم دەقەدا شاعیر باس لە کۆڵانە هەژارنشینەکان دەکات بە تایبەتیش ئاماژە بۆ کۆڵانەکەی خۆیان دەکات ووەسفی دەکات، کە کۆڵانێکە خەڵکەکەی هەژارن،بەڵام منداڵەکانیان هاروهاجن ولاسارن وباسی ئەو جۆرە یارییانەش دەکات، کە منداڵەکان یاری پێ دەکەن وەکو تۆپ وبەرد وچەقۆ. وەکو ئاشکرایە منداڵی گەڕەکە هەژارەکان یارییەکانیان جیاواز وسەختە لە چاو منداڵانی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان ئەم دەربڕینەی شاعیر(سەلام سەعید) بۆ کۆڵانەکەیان لەوەوە سەرهەڵدەدا، کە خۆی خەڵکی ئەو کۆڵانەبووە ونیشتەجێی ئەوێ و هەڵقوڵاوی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە بووە، ئەم دەربڕینەی شاعیر دەربڕینێکی ڕاستەقینەیە.تەنانەت باسی چۆنیەتی خواردنەکان دەکات، کە لەم کۆڵانەدا دروست دەکرێت بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، کەچی خۆیان ناتوانن ئەو جۆرە خواردنە بخۆن لەبەر دەست کورتی وهەژاری، چونکە لە گەڕەکە هەژارەکان خەڵکەکەی زۆربەی کار وپیشەکان ئەنجام دەدەن لەبەر سەختی وبارودۆخی ژیان.هەروەها ئاماژە بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوت دەکات لە کاتی سەردانی ئەو کۆڵانەدا و دەڵێت: دامێنی کراسەکەت هەڵکە. ئەم باسەی شاعیر لەوەدایە، کە کۆڵانەکەیان کۆڵانێکی میللی بێ خزمەت گوزاری بووە و دواکەوتووبووە لە ڕووی بنیاتەوە، ئەمەش سیفەتی هەرە دیاری گەڕەک و کۆڵانە هەژارەکانە لە هەموو کات وسەردەمێکدا، کە بەردەوام کۆڵانەکانیان ئاو و پاشەڕۆی خانووەکان لە کۆڵانە ئەمەش دەبێتە مایەی وێرانی وپیسی ونەخۆشی ودیمەنی ناشرین وقێزەوەن. دواتر باسی چۆنیەتی پێشوازی خەڵکەکە دەکات لە کەسانی دیکە کاتێک سەردانی کۆڵانەکە دەکەن، کە چۆن بە خۆشەویستی ودڵ وویژدانێکی پاک وبێ گەردەوە پێشوازی لە کەسانی دیکە دەکەن ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ئەمان باش دەزانن مانای خۆشەویستی چییە ئەم وەسفەی شاعیر بۆ کۆڵانەکەیان لەوەوە سەرهەڵدەدات وەکو وتراوە وتێبینی دەکرێ بەرێژەیەکی زۆر هەژارەکان خەلکانێکی سادە وساکار وناخ پاکن و ئەو نەداری وبێ بەشیەی، کە چێشتوویانە ودەیچێژن لە ژیاندا وایکردووە وپاڵنەرە بۆ ئەوەی لە کەسانی دیکە زیاتر مانای خۆشەویستی بزانن بەرانبەر کەسانی دیکە ئەم کۆڵانە، کە شاعیر باسی دەکات کۆڵانێکی میللی بووە خەڵکانێکی خاوەن ئەدگار و داب ونەریتی

کۆمەڵایەتی تایبەتن، کە بریتییە لە دەربڕینی خۆشەویستی وبەشداریکردن  لە خۆشی وناخۆشی خەڵک وگیانی یارمەتی وهاوکاری تیایاندا بەدی دەکرێت هەرچەندە خۆیانیش هەژاربن.

### ٣.برسێتی

بابەتێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت،ڕوویەکی دیکەیە لە ڕووەکان و وێنەکانی هەژاری، کە بریتییە لە نەبوونی خۆراکی پێویست بۆ مرۆڤ.وخۆراک لە خودی خۆیدا پێداویستییەکی سەرەکییە لە پێداویستییەکانی ژیانی هەر تاکێک.مخابن، لە زۆر حاڵەتیشدا ئەنجامەکەی مردنی تاک دەبێت، لەبەر ئەوەی  مرۆڤ ناتوانێت بەرگەی برسێتی بگرێت بۆ ماوەیەکی درێژ ودیاردەی برسێتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بەدی دەکرێت لە ئەنجامی نالەباری بارودۆخی  ماددی تاکەوە دروست دەبێت دیمەنێکی  جەرگ بڕە  بۆ مرۆڤە خاوەن هەڵوێست وویژدانەکان. تەنانەت لەڕووی ئایینیشەوە جەختت لەسەر ئەم لایەنە کراوەتەوە، کە مەرجە تاکەکانی کۆمەڵگە هاوکاری یەکبن بۆ لەناوبردنی برسێتی،چونکە حالەتی برسێتی زۆرجار ئەنجامەکەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەبێت،بۆیە پێویستە هەموو تاکێک توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ لەناو بردنی ئەم دیاردەیە ئەمەش بە پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کەسانی هەژار.شایانی باسە، (سەلام سەعید)، کە شاعیر وتاکێکی کۆمەڵگەیە دیاردەی برسێتی ناخی هەژاندووە ولە شیعرەکانی ئاماژەی پێداوە وپانتاییەکی باشی لە شیعرەکانی داگیرکردووە لە شیعرێکیدا بە ناوی (نان) دەڵێت:

کە باسی نان ئەکەن
کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شارتان
 بیرنەچێت
نان تەنها لەو کۆڵانانە
لە سنگ ئەگیرێ
کە باسی نان ئەکەن
منتان بیر نەچێت
بە دیار تەنوری نانی
دوکانەکەی باوکمەوە نیوەی
شەوان خەوە نوچکە
باوەش بە ئەژنۆمدا ئەکرد
باوکم پیاوێکی دڵڕەق نەبوو
کەمنداڵ بووم زۆر قینم لێی بوو
گەورەیی ئەوەی فێرکردم خۆشم بوێ
ئەو شەوان نان بێداری ئەکرد

ئەو بێداربوو
شەوان تەنها ئێمە وسەگەکان
بە ئاگا بووین
ئێمە پڕبووین لە سۆزی موحبەت ووەفا
بۆیە ئێستا
حەزئەکەم
دەفتەری یادەوەریکانی شار
پڕکەم لە نان
من باسی ئەوپەڕی سوزی نان و
خۆشەویستی نان ئەکەم
ئەگەر هاتی بۆ ماڵەکەم نانت بیر نەچێ
چرایەک وجامێ ئاویش
تاکەڕۆیشتی وەکو دایکم
چراکە بۆ ڕووناکی و
ئاوەکەش پاش دڵنیایی ڕۆیشتن
بە دواماندا بڕێژی
تاکۆڵاتەکەش جێ دێڵین
دڵنیایی بۆ مالەوە بهێنی

(مەولود،٢٠١٩:١٢٨-١٢٩)

وەک دەبینین، شاعیر لەم دەقەدا باسی برسێتی ونەبوونی نان ونەهامەتی خۆی دەکات بۆ بژێوی ژیان و ئاماژە بۆ کۆڵانە تەسک ودێرینەکانی شار دەکات لەو کۆڵانانە، کە چۆن نان بە سنگی کەسە کانەوەیە داوا دەکات کەسانی دارندە ودەوڵەمەند ئاگایان لە خەڵکی هەژار بێت. هەروەها ئاماژە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات دەربارەی نان پەیداکردن چۆن لە گەڵ باوکی ئیشی نانەواییان کردووە بۆ بەڕێوبردنی ژیانیان وتانیوە شەو کاری کردووە وخەو لە چاوی زڕاوە باسی ئەوە دەکات، کە باوکی پیاوێکی دڵ ڕەق وتوند نەبووە، بەڵام لە منداڵی قینی لێ بووە، پاشان، کە لە مەبەست ومەرام وهەڵسوکەوتەکانی باوکی لە گەڵی تێگەیشتووە خۆشیویستووە دواتر باسی ئەوە دەکات چۆن شەوان شەونخوونی کردووە تا بەیانی، کە تەنها ئەمان وسەگەکان بە ئاگابوون بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان  و خاوەن سیفەتی وەفا وخۆشەویستی بوونە بۆیە ئێستا حەزی لە نانە وحەز دەکات دەفتەری یادگارییەکانی پڕبکات لە باسی نان. تەنانەت دەڵێت: ئەگەر هاتی بۆ ماڵەکەم نانت بیر نەچێت لەگەڵ جامێ ئاو وچراییەک. لێرەدا ئاماژە بۆ داب ونەریتێکی دایکی دەکات، کە ئەنجامی داوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ولە کۆمەڵگەکانی دیکەدا لەلایەن زۆربەی

کەسەوە ئەنجام دەدرێت، تاکو ئێستاش ئەویش ڕژانی ئاوە بە دوای کەسانی دیکە، کە لە ماڵ دەردەچن وەکو بیر وباوەڕێک تاکو کەسەکە ڕێی ڕۆشن بێت وتووشی گیر وکرفت نەبێت وهەڵکردنی چرا بۆ ڕووناکی، کە لە ڕابردوو لە مالآن هەڵدەکرا لە بەر ئەوەی لە ڕابردوو زۆربەی ماڵەکان بێ کارەبا بوون وحەوشەی ماڵ تاریک بووە.

## ٤ .خۆشەویستی وخەمی دایک

دایک ئەو مرۆڤەیە، کە ڕۆڵی کاریگەر وبەرچاوی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا وبەڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگە وخێزاندا لەبەر ئەو هەموو ئەرکەی، کە لە سەرە لە خێزاندا لە بەخێوکردن وپەروەردەکردنی منداڵدا و لە پەروەردەکردنی باشی دایک بۆ منداڵ وفێرکردنی بنەما وپرەنسیپ وئاکارە بەرز ونایابەکان کەسێکی بە سوود بۆ کۆمەڵگە پێشکەش دەکات، کە ئەمەش بەئەنجامێکی ئەرێنی بەسەر کۆمەڵگە دەشکێتەوە ولە هەموو کۆمەڵگەکاندا پایەی دایک تایبەت بووە وبەچاوێکی بەرز سەیرکراوە. واتە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە ئاماژە بۆ ڕۆڵی دایک وباوک کراوە، کە ڕەزامەندی خودا لە ڕەزامەندی دایک وباوکە ئەمەش پایەی دایک وباوک دەردەخات لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بە تایبەتی دایک کە هەمیشە جێی سەرنج و ڕێزبووە.لەو ڕووەشەوە دایکی کورد لەبەر ئەو بارە ناڵەبار و تایبەتەی کە کۆمەڵگەی کوردی هەیبووە بە درێژایی مێژوو ئەرکی سەرشانی سەختتر وقورستتر بووە لە چاو دایکانی کۆمەڵگەکانی دیکەدا وتەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا ڕۆڵی دایک وباوکی بینیوە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا هەمیشە بایەخ بە دایک دراوە، دایک وەک نیشتمان سەیرکراوە(سەلام سەعید) لە زۆربەی شیعرەکانی چووەتەوە باوەشی دایکی، چونکە بە منداڵی لە سۆزی و خۆشی ژیان بێ بەری بووە هەژاری ونەهامەتی یەخەی گرتووە بۆیە ئەچێتە باوەشی دایکی هەتا ئەو زەبوونی ونەهامەتییە بشارێتەوە، کە ژیانی لێ تاریک کردووە دایک بۆ ئەو پەناگەیە، جێی حەوانەوەیە هەر وەکو دەڵێت:

به دایکم وت ڕێچکەکانی ژیان زۆرن
تا ئەو دەمەی لە سەر پێیە کانم ئەوەستم
ئەترسم بەختەوەریی دەرگاکانی کلۆم کا
ئەو شەوە دایکم تێر گریا
نەیشیتوانی بە سنگیەوەم بنوسێنێ و
ژیرم کا

(مەولود،٢٠١٩:١١٤)

وەک دەبینین،لەم شیعرەدا شاعیر باس لەوە دەکات، کە گفتوگۆی لە کەڵ دایکی کردووە دەربارەی ڕێچکەکانی ژیان، چونکە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕێچکەی زۆر هەیە  بە باش وخراپییەوە، کە مرۆڤ پەیڕەوی بکات سەختی ژیان تووشی شاعیر بووە وترسی ئەوەی هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەختەوەری نەبینێت. واتەبێبەش بێت لێی باسی ئەوە دەکات، کە لە ئەنجامی قسەکانی ئەم و دەربڕینی مەینەتییەکانی بۆ دایکی، دایکی ئەو شەوە گریاوە ونەیتوانیوە ئەم ژێر کاتەوە واتە دڵنەوایی بدات.هەروەها لە شیعرێکی تریدا دەربارەی دایک دەڵێت:

خەمی دایک
هەورەکان مەبارێن
بە هەورەکانی سەربەستی بڵێن
لەماڵەکانی ئێمەدا
دایکەکان لە سۆنگەی چوار دیواردان
بانەبارێ
چونکە ناتوانێ خەمی کەسیان
بشواتەوە

( مەولود، ٢٠١٩: ٧٦)

وەک دەبینین، لەم شیعرەدا شاعیر خەم لە خەمی دایکانی وڵاتەکەی دەخوات و دەڵیت: با سەربەستی وئازادی نەبارێت، چونکە دایکەکانی ئێمە زیندانی چوار دیوارن ناتوانن خەمیان دەربڕن، بارانیش ناتوانێ خەمەکانیان بشواتەوە لە بەر سەختی وقورسی شێوەی گوزەرانیان هیچ نابینن تەنها لە ماڵەوەن ئەم دەربڕینەی شاعیر دەرخەری بارودۆخی دایکەکان وئافرەتەکانە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا. لە دەقێکی دیکەدا وەسفی دایکی دەکات بە باڵندە دەچوێنێ، کە بوونەوەرێکی جوانە وچۆن، تا ئەو ڕۆژەی مردووە کەسی زویر نەکردووە ودەستی نەناوە بە ڕووی کەسدا ئامانجی خۆشەویستی نەوەکانی وخەڵک بووە کەسێکی بە خشندەبووە وەکو خۆی دەڵێت:"دایکم ژنێکی بێ سەوادبوو ونەخوێنەواربوو وەکو هەموو ژنەکانی وڵات عاتفی بوو"(مەولود،٢٠٢٣) باسی لە سیفەتەکانی دایکی دەکات، کە بەرانبەر خودای خۆی هیچ گوناهێکی نەکردووە واتەکەسێکی ئیماندار وخواناس وخواپەرست بووە  و دوازدە نەوەی پێشکەش بە کۆمەڵگە کردووە و نانی دەمی خۆی داوە بە خەڵک وهەمیشە ئامۆژگاری وداوا لە منداڵەکانی کردووە ببەخشن واتە هاوکار ویارمەتیدەری خەڵک بن بەخشینیش لە هەرە سیفەتە جوان وبەرزەکانی مرۆڤە هەروەکو دەڵێت:

من دایکم بە باڵندەیەکی ڕوح سوک
ئەچو
هەتا ئەو ڕۆژەی جێی هێشتین
دەستەکانی پڕلەنزا لە ڕووی تۆدا
بۆ خۆش بەختی نەوەکانی و
ئەو خەڵکە بوو
بیرم نایە لە حزوری خوای خۆیدا
هیچ گوناهێکی کردبێ
ئەو ١٢ نەوەی ،بەم سەرزەمینەی تۆ بەخشی
هەمیشە پاروەکەی دەمی دەدا بە خەڵک
داوایە کرد کە بیبەخشی

(مەولود،٢٠١٩: ١٩٨)

### ٥.مافی ئافرەت

ئافرەت وەکو بوونەوەرێک ماف وئەرکی خۆی هەیە ولە توانای دایە ڕۆڵی جۆراوجۆر و کاریگەر بگێڕێت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام لە هەندێ کۆمەڵگە وحاڵەتدا مافی ئافرەت پێشێل کراوە وپێشێل دەکرێت لە بەر چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، کە پەیوەستە بە شێوازی سستەمی ژیان کۆمەڵگە وداب ونەریت وشێوەی بیرکردنەوەی کەسانی کۆمەڵگە بە تایبەت لە کۆمەڵگە پیاو سالارییەکاندا، کە هیچ بایەخ وحسابێک بۆ ئافرەت نەکراوە وبە چاوێکی نزمەوە سەیر دەکرێت تەنانەت هەندێ کەس ئافرەتی پێ شەرمە ودەچەوسێنرێتەوە ومافی دەخورێت لە ناو هەندێ خێزانیشدا بە هۆی بیرکردنەوەی باوک یان برا یان کەس وکار ئافرەت بێبەش کراوە لە زۆر ماف ولە هەندێ حاڵەتدا گەیشتۆتە ڕادەی کوشتن ئەم چەوساندنەوەی ئافرەتە زیاتر لەو کۆمەڵگانە ڕوودەدات، کە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی خێڵەکییە بە تایبەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەی کوردیش وەکو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی خێڵەکی ودەرەبەگی خاوەن عەقڵیەتی پیاوسالاری دواکەوتوو بەتایبەت لە سەدەکانی ڕابردوودا مافی ئافرەت پشتگوێ خراوە تیایدا لە خوێندن وئارەزووی هەڵبژاردنی هاوسەر لە کاتی بە شوودان واتە کۆت وبەندی زۆر وبەربەست لە بەردەم ئافرەت دانراوە وبۆی نەبووە بەرگری لە مافی خۆی بکات بۆیە(سەلام سەعید)وەکو کەسێکی ئەم کۆمەڵگەیە دیاردەی چەوساندنەوەی ئافرەت کاری تێکردووە و لە شیعرەکانی بەرگری لە مافی ئافرەت کردووە ودەستی خستۆتە سەر برینەکانی لە یەکێک لە شیعرەکانی دا سیفەتی یاخیبوون بە ژن دەبەخشێ ئەمەش لە ئەنجامی ئەو فشار وبەربەستەیە لە

بەردەم ژن لە کۆمەڵگە بە یاخیبوونی چەمەکانی دەیچوێنێ بەرانبەر شەپۆلەکان ژنێک بە ئازادی چاو بگێڕێ وبە ئازادی بژی وگوێ نەدا بە هیچ شتێکی دیکە بۆیە لە شیعرەکە دەڵێت:

ئەو هەمیشە
بۆنی چەمی یاخی لێدێ
بۆیە باڵای
بە باڵای هێرۆی کێوی و
کەزبەی بەڕ
پرچەی تەڕی شۆرە بیەک
لە بەردەم قەڵبەزەی شەپۆلێک
بێباک بێباک
چاو ئەگێڕێ

(مەولود،٢٠١٩: ١٠٥)

لە دەقێکی تردا باس لە پیاو دەکات، کە چۆن بەرانبەر ژن دڕندەیە مامەڵەی سەگی لەگەڵ دەکات واتە مامەڵەی ئاژەڵ، چونکە سەگ ئاژەڵە وهەمیشە پیاو ژنی بە شەرم داناوە وسەیرکردووە کەچی پیاو بیری چووە هەر ژن بووە ئەوی لە هەناوتدا هەڵگرتووە واتە لە هەناوی ژن دا لە دایک بووە وپەروەردەی دەستی ژنە، کە دایکە بە دڕندە وەسفی دەکات کەچی ژنی پێ شەرمە بەرانبەر ئەم هەموو مەینەتی وبە خێوکردنە لە شیعرەکە دەڵێت:

دارێکە لە سەر سەگەو
سەد داریشم لەسەر تۆ
تۆی ژن،بۆمنی پیاو
جێگەی شەرمی،
بیرم ئەچێ
تۆی ژن،
نۆ مانگ لە جەستەتدا
منی دڕندەت
هەڵگرتووە
. . . .

(مەولود، ٢٠١٩ : ٢٥٤)

## ٦.دەسەڵات

دەزگـای بەڕیـوبردنی کاروبـاری وڵاتە هەر کەم وکـوڕییەک یـان خـراپییەک لە بەکارهێنـانی دەســـتەڵات دەبێــتە مــایەی نیگەرانــی گەل ودواکەوتنــی کــۆمەڵگە وئاواتەکــانی گەل نەیەتە دی وداخوازییەکـانی بکـات بە قوربـانی ئامانجەکـانی خـۆی شــاعیر لەبەرەی گەل دایە بـۆیە دژی دەستەڵات ئەوەسێتەوە و وەکو تاکێکی کۆمەڵگە هەڵوێست وەردەگرێت لە بەرانبەر دەسەڵات، کە ئەمەش لە خۆیدا ئەو پەڕی هەڵوێست نواندنە وچوونە پاڵ بەرەی گەلە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانیـدا دەســەڵاتی ســتەم کــارهەبووە وهەیە بـۆیە زۆر لە شــاعیران شــیعریان وتــووە دژی دەستەڵات  شاعیرانی کوردیش بە درێژایی مێژوو گەلێک بەرهەمی نایابیان لە دژی دەسەڵاتداران وتووە شاعیرانی کورد زیاتر لە شاعیرانی تری جیهان ئەم بابەتە پاڵنەر بووە بۆیان لەبەر ئەو نەهامەتی وستەمەی گەلی کورد چێشتوویەتی لە دەستەڵاتەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە ڕابردوودا و لە سەردەمی هاوچەرخیشدا(سەلام سەعید) وەکو شاعیرێک بێ هەڵوێست نەبووە بەرانبەر دەستەڵاتی گەندەڵ لە شیعرەکانی ئاماژە بۆ خراپی دەستەڵات دەکات، کە هەموو شتێک بە دەستی حزبەوەیە وحزب دەبێ پشتگیری هەر کەسێک بکات بۆ ئەوەی کارێک بکات دەبێ ڕەزامەندی حزبی لە سەر بێت باسی ئەو هونەرمەند ووێنە کێشانە دەکات، کە وێنە دەکێشن دەبێ بە گوێرەی بۆچوونی حزب بێت دەڵێت: حزب شەڕکەرە دژی میللەتە کاری نانەوەی جەنگە واتە کارێک ناکات لە بەرژەوەندی میللەت وبەرەوپێشچوونی ژیانی بێت حزب قین هەڵەگرە واتە لە فەرهەنگی حزب هیچی بیرناچێتەوە شەڕی ئیستای حزب شەڕی شتی کۆنە لە فەرهەنگی حزب دا شتێک نییە بە ناوی لێبوردەیی لە شیعرەکەدا دەڵێت:

هەموو سەرێک سەری حزبە
سکێچی لەسەر گا بەردێ
هونەرمەندێ کەئەیکێشێ
ئەبێت هێندە ی باڵای حزب
بەرزو
هێندەی شکۆی سەر بڵند بێ
حزب ئەڵێت
حزب بەرەی شەڕەنگێزە
دژبە میللەت
شارەزای هونەری جەنگە
لە دەفتەری بیرەوەری حزبدا
هیچ ون نابێ
ئەو شەڕ بە کۆنە قین ئەکا
وانەی لێبوردەیی کوانێ.

(مەولود،٢٠١٩:٦٦)

له شیعرێکی تردا ئاماژه بۆ لایەنێکی تری خراپی دەسەڵات دەکات ودەرهاویشتەکانی دەکات، کە یەکێکە لە ترسناک وخراپترین ئەنجامەکان ئەویش بێ بایەخ کردنی خۆشەویستی نیشتمانە، چونکە کاتێک تاک لە کۆمەڵگە خۆشەویستی نیشتمان لا گرنگ نەبێت دەبێتە مەترسی بۆسەر قەوارەی کۆمەڵگە لە حاڵەتی لەم جۆرەدا لەوانەیە کردەوەی خراپ ئەنجام بدات بە شێوەیەکی ئاسایی وبێباکی ڕەفتاری نابەجێ جێبە جێبکات واتە خراپی دەسەڵات وپشتگوێخستنی پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات وا لە تاک دەکات کودەتا بکاتە سەر پرەنسیپ وبنەما مرۆڤایەتی ونیشتمانی وئاکارییەکان بۆیە لە شیعرێکی بەناوی(نیشتمان)دا دەڵێت:

ئەوە جەستەی نیشتمانە
لە سەر شۆستەکان پەرش وبڵاوە
پیاوانی ژینگە بە دەمی گسکەکانیان
ئەی ماڵن وکۆی دەکەنەوە
پیاوە دەمامک دارەکانیش
بێ گوێ دان
بێ شەرم لە سەروەری
ئەدوێن
مێژوو ئاگاداری بۆسەکان
چەند زۆرن

(دەستنووسی شاعیر)

شاعیر لەم شیعرەدا نیشتمان بە جەستەیەکی پەرش وبڵاو وپەرتەوازە دەچوێنێ وپیاوانی ژینگە پاککەرەوەکان کۆی دەکەنەوە ودەیماڵن لەم وێناکردنە شاعیر نیشتمانی بە وێنەی جەستەی مرۆڤ چواندووە، کە لە کاتی تەقینەوە وکوشتن ڕوودەدات وپیاوانی دەسەڵاتی بێ گوێ دانە هیچ بە بێ شەرمی وچاوسەختی باس لە دروشمە سیاسی وکۆمەڵایەتی وسەروەری دەکەن و بە مێژوو دەڵێت: ئاگاداربە واتە تۆماری بکە، کە بەربەستەکان چەند زۆرن لە بەرانبەر پێشکەوتنی نیشتمان.

**٧.درۆ**

یەکێکە لە سیفەت ورەفتارە کۆمەڵایەتییە ناشرینەکان لە کۆمەڵگەدا تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە ڕێگە پێدراونییە مرۆڤی درۆزن جێگەی متمانە نییە وهەمیشە بە چاوی نزمەوە سەیر دەکرێت ودرۆ لە نرخ وپایەی کەمدەکاتەوە(سەلام سەعید) لە شیعرەکانی ئاوڕی لەم بابەتەدا داوەتەوە لە شیعرێکیدا بە ناوی (درۆ) دا دەڵێت:
لەسەر ڕەنگاڵەترین ڕستی درۆ

له بەردەم گرانترین
بە بە هاترین پۆشاکی بەردەم
ئاوێنە تەڵخەکان
بەجوڵەیەکی سەیر
گرێی بۆینباخەکەی
ڕێک ئەخا

(دەستنووسی شاعیر)

لەم شیعرەدا شاعیر ئاماژە بە کەم سەیرکردنی بەها مرۆڤایەتییەکان دەکات لە لایەن هەندێ کەس لە کۆمەڵگەدا، کە مرۆڤە چاوچنۆکەکان هەرسەیری خۆیان دەکەن وبەخۆیان سەرسامن هەر خۆیان لاجوان وقەشەنگە جوانی خەڵک نابینن هەروەها لێرە ئاماژە بۆ درۆی پیاوانی دەسەڵات دەکات، کە بەڵێنی درۆ بە خەڵک دەفرۆشن بە جل وبەرگی ڕێکەوە.

## ٨.ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگە

مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە چەندین ئاکار ورەفتار لە کۆمەڵگە ئەنجام دەدات بەباشی وخراپییەوە سروشت یەکێکە لەو نیعمەتانەی، کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، کە سوودی بێ ڕادەیە بۆ مرۆڤ چ لە ڕووی گەشت وگوزەرانی تەندروستی وچ لە ڕووی دیمەنی سەوزایی وجوانییەوە هەروەها قازانجی ماددیش وئەو دار ودرەختەی، کە هەوای پاک وبێگەرد بە مرۆڤ پێشکەش دەکات کەچی هەندێ لە مرۆڤ هەڵدەستی بە ئەنجامدانی درندەترین ڕەفتار و تاوان بەرانبەر سروشت بەتێکدانی بە شێوەی جۆراوجۆر وبڕینی دار ودرەختەکەی بۆبەرژەوەندی تەسک یان قازانجی ماددی خودی خۆی شاعیر(سەلام سەعید) سروشت لە شیعرەکانی بێبەش نەکردووە ولە شیعرێکی بە ناوی (مرۆڤ کێیە) باس لە ڕەفتاری ئەو جۆرە مرۆڤانە دەکات لە کۆمەڵگە بەرانبەر سروشت، کە بێ بەزەییانە وبێ ڕەحمانە دەکەونە گیانی سروشت ودەوەنی ئەم وڵاتە و وێرانی دەکەن، کە کلتورێکی ناشرین ودواکەوتوو وزیانبەخشە ومرۆڤ دوژمنی خۆیەتی لە بەر ئەوەی تاوان بەرانبەر شتێک دەکات، کە سوودی سەرەکی بۆمرۆڤە لە کۆمەڵگە پرسیاری ئەوە دەکات، کە تەور بە دەستەکان چین وسەر بە چ ڕەچەڵەکێکن؟ واتە لە چی خوڵقێنراون ئەوەندە درندەن بەرانبەر سروشت ئەم پرسیارەی شاعیر لە میانەی ئەوە سەر هەڵدەدات لە ئەنجامی درندەیی ڕەفتارەکەی مرۆڤە، کە بێ عەقڵانە وبێبەزەییانەیە تیایدا دەڵێت:

مرۆڤ کێیە؟
بێ لەو داربڕەی
بێ ڕەحمانە چڵ وپۆپی
دارستان دائەماڵێ
من لە هەگبەی پرسیارەکانمدا
بە شەرمەوە،

له کلکی تەورێکم پرسی
تۆبە ڕەچەڵەک.
ئەگەیتە کوێ...؟

(دەستنووسی شاعیر)

## ٩.خێزان

خێزان ڕۆڵی بەرچاو پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی منداڵ وهاوسەریدا بە گشتی و لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێزان هەمیشە هاوکاری هاوسەری بووە لە خۆشی وناخۆشیدا ڕۆڵی هەبووە تەنانەت هەندێ جار ڕۆڵی ژن وپیاوی بینیوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێگەی خێزان پارێزراوبووە وپلە وپایەیەکی گرنگی هەیە سۆزی هاوسەر بۆ هاوسەرەکەی خۆشویستی پاک ووەفا وقوربانی دان لە خێزان وکۆمەڵگەی کوردی زۆر باویەتی شاعیر(سەلام سەعید) لە شیعرێکیدا باس لە خێزانەکەی دەکات، کە خۆشەویستی بۆی دەردەبڕێ بە بۆینباخ دەیچوێنێ، کە دەکرێتە مل وبێ یەکتری ناژین و ئەو پەڕی جوانی وشیعرییەت بە کارهێناوە بۆ خۆشەویستی هاوسەری وئەو ژیانەی، کە ماوە بەردەوامی دەریدەخا، کە ڕابردوویەکی پاک وبێگەردییان هەبووە شیعر دەربڕی ناخی شاعیرە بۆیە بە بێ هاوسەرەکەی ناژی و هاوسەرەکەشی بە بێ ئەم ناژی وهەموو چرکە ساتەکانی ژیانی قوربانییە ئەم دەربڕینەی شاعیر نیشانەی پتەوی پەیوەندی وخۆشەویستییە لە نێوان خۆی وخێزانەکەیدا بێ گومان هیچ پەیوەندییەک نێوان دوو هاوسەر ناگاتە ئەم ئاستە ئەگەر بە کۆمەڵێک هەڵوێستی جوان وبەرز ومرۆڤایەتی تێنەپەڕیبێت لە شیعرەکەدا دەڵێت:

تۆ وەک
گرێی بۆینباخەکەم
لە ئەستۆم ئاڵاوی
بوویتە ئەو شێوازەی
نەمن بە بێ تۆ تەواو ئەبم
ونەتۆش بە بێ من لە هەناوی
هیچ ڕەنگێکدا جێگیر ببیت
بۆمن ورتە ورتی دوای ووتن و
چپەی سۆزی
چۆن بە بێ تۆ ئارام ئەبم
تۆ ژنێک بیت
لە حزووری هەمو
چرکەساتەکانمدا بیت

(مەولود، ٢٠١٩ : ٦٠)

### ١٠.كۆنه پەرستی

له مێـژووی ژیـانی کـۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیـدا و لەهەر کـات وقۆنـاغ وسـەردەمێک دا هەنـدێ بیرۆکه یان داب ونەریت هەیە، که پەیڕەو کراوه ودەکرێت له هەموو بوارەکاندا له لایەن خەڵکەوە، بەڵام به درێژایی کات گۆرانکاری له شێوازی ژیـان وبیرکردنەوە ڕوودەدات، که ئەمەش له خۆیدا شتێکی سروشتییه له لایەن مرۆڤەوە، چونکه مرۆڤ له نێوان هەموو بوونەوەرەکانی دیکه خاوەن بیرکردنەوەیە بۆیه هەندێ له داب ونەریتەکان دەگۆڕێت یان لەناو دەچێت به تەواوی له پرۆسـەی ئەم گۆڕانکـارییە کەچـی هەنـدێ کەس هەیە پەیوەسـت بەنـدن به بیرکـردنەوە وداب ونەریتـی وکۆنەپەرسـتی، که هەنـدێ جـار دەبێـتە مـایەی دواکەوتـوویی و به جێمـاوی کەسـەکه خـۆی وکۆمەڵگەکەش، چونکه تاک ئەندامی کۆمەڵگەیە بێ گومـان ڕەفتاری کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگه شاعیران هەمیشه بانگەشـەی پێشکەوتن ونوێبوونەوە دەکەن بۆیە (سەلام سەعید) باسـی ئەو کەسانه دەکات، که پابەندن به کۆنەپەرسـتی ودواکەوتوویی وڕقیانه له شتی نوێ تەنانەت له گوڵیش تووڕەن، که هەڵگری ئەو پەڕی جوانییە چ له شێوە وڕەنگ وچ له بۆن، که بـۆنی خۆشـی هەیە ودژی شـیعر وزانسـت وجـوانیین پرسـیار دەکات،ودەڵێت: ئەو کەسـانەی، که خـاوەن ئەم بیرکـردنەوەن ڕقیـان له هەمـوو شـتێکه تەنهـا شـتی دواکەوتوویی نەبێت واته مەودای بیرکردنەوەیان تەسکه نوێکاری ناکەن لەهەڵسوکەوتیان وتێڕوانینیـان بۆ بابەتەکان شـاعیر لێرەدا هەروەهـا مەبەسـتی له پیـاوانی ئـاینی توندڕەوە، که دژی پێشـکەوتن ومرۆڤـی خـاوەن بیـرن له شیعرەکەی دا دەڵێت:

له گوڵه باخ توڕەئەبن
که سنگی ئەترازێنێ
بۆن دەنێرێ
ئەوان ڕقیان له شیعر و
له جوانییه
دەپێم بڵێ ئەوان ڕقیان
له چی نییه

(مەولود،٢٠١٩:٨٠)

### ١١. دوورکەوتنەوە له کلتوور و داب ونەریت

کلتوور وداب ونەریت بەشێکه له ژیانی هەمـوو میللەتـانی سـەر زەمین میللەت نییه خـاوەنی کلتـووری خـۆی نەبێـت ئەم کلتـورەش سـەرتاپای ژیـانی ئەو کۆمەڵگـانه دەگـرێتەوە کلتـووری کـۆمەڵگەیەگ له کـۆمەڵگەیەکی تـر جیـاوازە بـێ گومـان کلتـووری چـاک وخـراپ هەیە هەنـدێ لەو

کلتووره چاکانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردی هەیە بۆ نموونە و مایەی شانازییە بۆ تاکی کورد بریتییە لە کلتووری میوانداری وغەریب پەرستی ودڵپاکی وپێکەوە ژیان...هتد بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو کۆمەڵگەکان هەندێ کلتوور هەیە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم وگۆڕانی شێوازی گوزەرانی خەڵک ناگونجێت واتە هەموو کلتوور وداب ونەریتێک ڕێگەپێدراو وشیاو نییە بۆ هەموو سەردەمێک بۆیە لە هەندێ کات وحاڵەتدا پێویستە ڕەچاوی نەکرێت ولەگەڵ گۆڕانکاری سەردەمەکە بڕوات، کەچی هەندێ کەس ئامادەیی ئەوەی نییە گۆڕانکاری بکات ودەست بەرداری کلتوور وداب ونەریتی ڕابردوو بێت، کە ئەمەش لە خودی خۆیدا هەڵەیە زۆرجار مرۆڤ تووشی گیروگرفت دەکات وبەربەستی بۆ دروست دەکات ودەبێتە مایەی دواکەوتنی لە زۆر شت دا(سەلام سەعید) لە شیعرەکانی ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، کە مرۆڤ پێویستە دەستبەرداری کلتوری کۆن بێت وپێی وایە مرۆڤ پێویستی بە نوێکارییە تاکو بیرۆکەی تازە لا گەڵاڵە بێت وبیرۆکە کۆنەکانی بیر بچێتەوە، کە بە بیرۆکەیەکی قێزەوەن وەسفی دەکات ئەم وەسفەی شاعیر ئەوە دەردەخات کە ئەو تاچەند دژی کلتوری کۆنە بۆیە دەڵێت:

مرۆڤ هەمیشە
پێویستی بە بنمیچێکی تازەیە
بۆ ئەوەی
بیرەوەریە قێزەونەکانی
لە بیر بچێت

(مەولود، ۲۰۱۹:۸۷)

لە دەقێکی تری دا باس لە کلتوور ودیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە دەکات، کە دەبێتە هۆی تێکدانی نێوان دوو کەس وئەو گیروگرفتانەی، کە لە بەردەم ژن دایە لە کاتی دڵداری یان شووکردن، کە ژن کۆت وبەند دەکات لێرەدا شاعیر باس لە عەقڵیەتی دواکەوتووی کەسانێک دەکات لە کۆمەڵگە، کە ژن بەندەکەن لە سنووری چواردیوار واتە تەنها لە سنووری ماڵەوە وئەوجۆرە کەسانە بە گورگ وەسف دەکات کە ئاژەڵێکی درندەیە دەڵێت: یاساکانی کۆمەڵگە بوونەتە بەربەست لە بەردەم گەیشتنی بەو ژنەی، کە ویستووە بیهێنێت لە دەقەکە دەڵێت:

باڵیۆزی خەم
بڕیارم دا ببمە باڵیۆزی خەم
لە وڵاتی خەمستانی ژنێک
شەختەی بیری کۆمەڵگە

لێی سەندم
لورەی گورگێ ڕفاندی
سروشتی ڕەوشتی چوار دیوار
بەندی کرد لێم
کۆمەڵگەیەک یاساکانی بۆ من بووە بە شەختە

(مەولود،٢٠١٩: ١٤٨)

## ١٢.لاواندنەوە بۆ هاوڕێ

مـردن حەقیقەتـێکە لە ژیـانی مرۆڤایەتیـدا ولەدەسـتدانی کەس وکـار وهاوڕێیـان شـتێکی پێشبینیکراوە حالەتی مردن ناخ ودەروونی مرۆڤ دەهەژێنێت وتووشـی شـۆک و خەم وخەفەت وپەژارەی دەکـات وەکـو کـاردانەوەیەک بەرانـبەر مـردنەکە بە لاوانـدنەوە وشـیوەن نـاخی خـۆی دەردەبڕێ، کە تیایدا باس لە سیفەت وچاکەکاری کەسی مردوو دەکرێت ئەم شیوەن لاواندنەوەش لە هەمـوو کۆمەڵگەکـان بـوونی هەیە ولە شـیعری شـاعیران ڕەنگداوەتەوە وشـاعیرانی کـوردیش دەستێکی بالآیان هەبووە لەم لایەنەدا (سەلام سەعید)یش چ وەکو شـاعیر و چ وەکو مرۆڤ بۆ لە دەستدانی هاوڕێکەی شیعری وتووە تیایدا دەڵێت:

من لە پیاوێک ئەگەڕێم
بە چپە هەواڵ نهێنییەکانم پێ
ئەڵێت
گەمە بە ژیان و..وبێ باک لە
گیرفانی خاڵی و
تولە ڕێگە جەنجاڵەکان
لەسەر بوردەی پڕ درۆ
ئەو بە هەناسەیەکی سپی ڕەنگەوە
پێکێ لە ماندوبون ئەنۆشێ
جگەرەیەک تر ئەکێشێ
تازەترین چیرۆکی خۆی خەریکە
تەواو ئەکا
ڕوحی خیزەی دێ
ڕۆژ بەرەو ئاوابوون ئەژمێرێ
من هیچ شتێ خەیاڵ ناکەم
بە دەم قاوەیەکی تاڵەوە
لە بەردەم وشە یاخیەکاندا
بۆ ئەو دوا دێڕ ئەنوسم

(دەستنووسی شاعیر)

شاعیر لەم شیعرەدا ئەم شیعرەی دوای مردنی (تایەر سالّح سەعید) چیرۆک نووسی هاوڕێی نووسیویەتی تیایدا خەم وپەژارەی خۆی بۆ مەرگی هاوڕێکەی دەربڕیوە تیایدا باس لە یادگارییەکانی نێوانیان دەکات ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە بۆ کەسێک دەگەڕێت بە نهێنی هەواڵەکانی پێ بڵێت ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە هاوڕێیەکی نزیکی بووە ومتمانە لە نێوانیاندا هەبووە وباس لە سیفات وئەدگارەکانی دەکات، کە کەسێک بووە گوێی بە ژیان نەداوە واتە ژیانی لاگرنگ نەبووە وگوێی نەداوە، کە گیرفانی خاڵی بووە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوڕێکەی هەژاری چێشتووە و کەسێکی ماندوو وزەحمەت کێش بووە. واتە تاڵی ژیانی چێشتووە وبەدەم جگەرە کێشانەوە چیرۆکی نووسیوە ڕۆژی بەڕێکردووە، بەلاّم شاعیر هیچ خەیاڵ ناکات وەسفی حاڵەتی کۆتا نووسین دەکات بۆ هاوڕێکەی، کە بەدەم قاوە خواردنەوە بۆ ئەو دەنووسێ لە دوای مەرگی واتە کۆتاترین شت دەنووسێ بۆی دەربارەی مردنەکەیەتی، چونکە ئیتر لە ژیان نەماوە تاکو شتی بۆ بنووسێ.

## ١٣.ژن وبەرگری لە بەها کۆمەلاّیەتی ونیشتمانییەکان

بابەتی بەرگری لە بەها کۆمەلاّیەتی و نیشتمانییەکان لە بابەتە بە نرخ و پیرۆزەکانە لە کۆمەڵگەدا ، چونکە ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییە وە بەرگری لە خاک و بەها کۆمەلاّیەتییەکان بکرێت لە هەر کات و سەردەمێک دا و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسی و هێرشێک، کە دەبێتە مایەی دارمان و وێرانی کۆمەڵگە، چونکە دڵسۆزی و هۆشیاری تاک دەسەلمێنێت ، میللەتی کوردیش وەکو میللەتێکی بێ کەس و ماف خوراو تووشی نەهامەتی زۆر بووەتەوە بە درێژایی مێژوو، کە بووەتە مایەی مەترسی بۆ سەر قەوارەی کۆمەلگە و بەها پیرۆزەکانی، بۆیە بەرگری و قوربانی زۆری داوە لە پێناو پاراستنی بوونی وەکو میللەتانی تری سەر زەمین و پارێزگاریکردن لە داب و نەریت و بەها کۆمەلاّیەتییە ئەرێنییەکانی ، بۆیە ژن بێبەش نەبووە لە بەرگری و قوربانی دان لە پێناو کۆمەڵگە و خاکەکەی و ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت بەدرێژایی مێژوو ( سەلام سەعید ) یش وەکو شاعیرێکی هاوچەرخی کورد پێگەی ژن و ئاستی لە بەرگری کردن لە بەها کۆمەلاّیەتییەکان بێبەش نەکردووە لە شیعرەکانی وەکو لە شیعرێکی دا بە ناوی (کۆبانی ٢)دا دەڵێت:

تەواوێکی یاخییە
هەموو ئەو واتایانەی فریدا
کەباسی لە یەک سانی ئەکا
ئەوە نییە بە مێژووی وت
من ئەو دایکەم مێژوو من ئەینووسم
ژیان من ئەی بەخشم

مەرگیش من نەمری پێ ئەبەخشم
ئیتر شتێ نییە باس
لە ڕەگەزی مێ بکا
تەنها شتێ هەیە ئەویش تەنها
مرۆڤە وپێشمەرگەیە

(مەولود،٢٠١٤ : ١٣١)

لێرەدا شاعیر باس لە ڕووداوەکانی شاری کۆبانی دەکات، کە هەموو خەڵکەکەی یاخی بوون دژی گروپی تیرۆریستی داعش بە یەک شێوە وئاست بەرگرییان کرد بە ژن وبە پیاوەوە بە تایبەت ژنەکان وەکو پیاو دەجەنگین وگیانیان فیداکرد لە پێناو ڕزگارکردنی شارەکە وپاراستنی لە وێرانی وتالانکردن وپارێزگاریکردن لە ناموس وشەرەفی ژن وکچەکانی شارەکە، چونکە خەڵکەکەی ڕووبەڕووی درندەترین وپیسترین گروپ بوونەوە، کە دەست نەپاراست لە هیچ کارێکی قێزەوەن وناشرین کە دوور ونامۆبوون لە بەها کۆمەڵایەتییکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەم ڕووداوە سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە وەکو مرۆڤ وتاکێکی کۆمەڵگە شاعیر دەڵێ: دایکانی شارەکە مێژوویان تۆمارکردووە لە گیان فیدایی وبەرگری شاعیر دەڵێ: شتێ نییە بە ناوی جیاوازی نێوان نێر ومێ بەڵکو یەک شت هەیە تەنها مرۆڤە وئەرکی پێشمەرگایەتی ژن وپیاو دەتوانرێت وەکو یەک بێت.

## ١٤.پارە وکۆمەڵگە

پارە ئامرازێکە لە ژیانی مرۆڤدا زۆر شت هەیە بە پارە نەبێت بەدەست نایەت، بەڵام لە هەندێ حاڵەت ولای هەندێ کەس پارە لە سەروو بەها مرۆڤایەتییەکانە واتە گرنگ پارەیە بێ گوێدانە هیچی تر چ بەها مرۆڤایەتی وکۆمەڵایەتی وئەدگارییەکان بێت و چ پارەکە سەرچاوەکەی چییە؟ وچۆن بە دەست هاتووە؟ لە کۆمەڵگە لە زۆر حاڵەت وبۆنە کەسانێک بەدی دەکەین، کە بەرژەوەندی مادديیان لە پێش هەموو شتێکە یان هەندێ جار تێبینی ئەوە دەکەین کەسی دەوڵەمەند وخاوەن پارە کەسانی پارە پەرست یان ئەوانەی لە ڕوانینیان بۆ کەسی بەرانبەر تەنها گیرفانی کەسی بەرانبەریان لە بەرچاوە لە دەوروبەری کۆدەبنەوە ودەبنە خزمەتکاری شاعیر (سەلام سەعید) لە کۆپلەیەکی شیعرێکی دا باس لەپیاوانی دەسەڵاتدارانی حوکم دەکات  کە پارەو سەروەت وسامانی میللەت دەدزن بە بێ هیچ ڕەوایەک و خۆیان سەپاندووە بە سەردەسەڵات هەروەها ئاماژە بۆ کەسی خاوەن پارە دەکات لە کۆمەڵگە کەچۆن کەس لە دەوروبەری زۆر دەبێت وقسەی دەڕوات تەناتەت دەبێتە خاوەن هێزیش دەڵێت: هەموو شتێک بە زەبری پارە

دەکرێت لە کۆمەڵگە بە بوونی پارە سۆزیش دەفرۆشن بەسەر خەڵکەوە وزۆرن ئەم جۆرە کەسانە لە کۆپلەیەک لە شیعرێکی دەڵێت:

پیاوە خۆسەپێنەکان
پارەیەکی زۆر ئەدزن
پارەت بوو کەست زۆرە
لەشکرت ئەبێت
داربە دەستت ئەبێت
کورسی زۆرداریت ئەبێت
ئای...پارە چیت پێ ناکرێ
کە پارە بوو سۆزداری چێژ فرۆش
زۆر ئەبێت

(مەولود، ٢٠١٩:٨٧)

## ١٥.ڕەخنەگرتن لە ئایین

ئایین بە شێکە لە ژیانی مرۆڤدا وئایین بە گشتی لە کۆمەڵگەکان جێگەی ڕێز بووە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا جێی پرسیار وسەرنجیش بووە لە لایەن کەسانی خاوەن بیر وتێڕوانینی جیاواز مەرجیش نییە هەموو ڕاوبۆچوونەکان تانە لە ئایین بدەن ولە بەهای هەندێک لە یاسا وڕێساکانی ئایینەکە کەم بکەنەوە بۆیە هەندێ جار گفت وگۆ ومشت ومڕ دەربارەی ئایین سەرهەڵدەدات، کە لە لایەن هەندێ کەس ڕیگە پێدراو نییە تەنانەت بە گوناهی دەزانن شاعیر(سەلام سەعید) لە کۆپلە شیعرێکیدا لە گەڵ هاوڕێکەی گفت وگۆدەکات دەربارەی ئەو کەسانەی گفت وگۆ وتووێژ دەربارەی ئایینیان پێ قبووڵ نییە لە شیعرەکە دەڵێت:

سەر مێژووی خۆت؟..
هاوڕێ چی دەنووسم؟..
زریکە زام چ ڕەنکەر..
قیژە لە کوێدا جێئەکەیتەوە
سەبایەکانی شەنگال
لە سوقی عەکاز فرۆشران...!
ئەوانیش هاوڕێی ماریای قبطین...

له کام ئایەتدا واژوویان لە سەر کراوە؟
هاوڕێ
ئەزانی ئەتوانیت
هەزار جەنگ بەرینەوە
هەزار جێگا ئازاد بکەی
بەڵام دەست بردن بۆ دین..
لای گێلەکان بڤەیە
دەی ولات وێران کە ودەست
بۆ دین مەبە
دەست بردن بۆ دین مەمنووعاتە.!

(مەولود، ۲۰۱۹:۳۵-۳٦)

شـاعیر لێـرەدا لە گەڵ هـاوڕێکەی ئەدوێ دەربـارەی ئامـاژە بـۆ ئەو کەسـانە دەکـات، کە باسـکردن ورەخنەگـرتن وگفتوگـۆکردنی ئـایین لە لایـان قەدەغەیە ونـایەنەوێ بە هـیچ شـێوەیەک دەربارەی ئایین کەس تێبینی وبۆچوونی خۆی دەرببڕێ کەچی دەتوانی شـتانی تـر بکەیت تەنانەت بـردنەوە لەجەنـگ، بەڵام لەگەڵ ئەو کەسـانەی، کە بە گێل واتە نەزان ونارۆشـنبیر ناویـان دەبـات ناتوانیت باسی ئایین بکەیت تەنانەت دەڵێت: لایان ئاسـاییە ولاتیش کـاول بکەیـت، بەڵام باسـکردنی ئایین قەدەغەیە بە شتێکی ئاسان وەری ناگرن.

## ١٦-جیاوازی چینایەتی

جیاوازی چینـایەتی یەکێکە لەو بـابەت ودیـاردانەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی، کە بـوونی هەیە وبەدی دەکەیـن لە هەمـوو کـات وسـەردەمێکدا ولە هەمـوو کـۆمەڵگەیەک دێـتە کـایەوە بـریتییە لە جیـاوازی نێـوان دووچـین وجیـاوازییەکەش چەنـد لایەنێـک دەگـرێتەوە، کە پەیوەنـدییان بە ژیـانی مرۆڤەوە هەیە وەکو ئاستی ئابووری هەر چینێک یـان جـۆری پیشـە یـان نەتەوە .....هتد ئەمەش لە ئەنجامی چەند هۆکارێک دێتە کایەوە لەوانە خراپی بەکارهێنـانی دەسـەڵات ودابەشـکردنی داهـات بە شێوەیەکی نایەکسانی وهەڕەمەکی، یان جۆری بیرکـردنەوە وپەروەردەکردنـی خێزان، کە وادەکـات کەسەکە بە چاوی نزمەوە سەیری بەرانبەری بکات لە حـاڵەتی بـوونی جیـاوازی مـاددی وپیشـەیی .....هتـد ئەم حـاڵەتەش دەبێـتە مـایەی نـاکۆکی وگیروگرفـت لە نێـوان تاکەکـانی کـۆمەڵگە لە هەنـدێ حـاڵەت لە نێـوان یەک خێـزانیش ڕوودەدات وبـوونی هەیە هەروەهـا دەبێـتە مەترسـی بـۆ سـەر دەسـەڵات وقەوارەی ولات وکـۆمەڵگە، چـونکە ئەسـتەمە چینێـک بـۆ مـاوەیەکی دوور ودرێـژ وبەردەوام قبوولی جیاوازی وستەم بکات لە ئەنجامدا شۆڕش وڕاپەڕین وڕووخـانی دەسـەڵاتی لێ

دەکەویتەوە نموونەش زۆرن لە سەر ئەو دەسەلات وکۆمەلگانەی، کە پەرتەوازەبوون لە ئەنجامی دیاردەی جیاوازی چینایەتی (سەلام سەعید)وەکو شاعیریکی خاوەن هەلویست دیاردەی جیاواز چینایەتی لە نیوان چینە دەسەلاتدار وچینی ئاسایی گەل سەرنجی راکیشاوە ولە شیعرەکانی بیبەشی نەکردووە لە شیعریکیدا دەلیت:

من شاریکم
سیخناخ بە خەم
لە سەر کورسی
پرپرلە گیرفانی خالی
شەقامی جەنجال وبرسی
بیکاری زۆر
پراوپر لە نارەزایی
لە سەر کورسی
من شاریکم
هەمووجەستەم پر لە زامە
پیاوی سەر کورسییەکان
من دەبینن
من شاریکم
ژنان لە سەر شۆستەکانم
زۆر وپۆشتە وپەرداخ
پیاوان بە بالای بۆشناخیان
من شاریکم پرپرم
لە دەنگی ئەللە

(مەولود، ٢٠١٩: ٤٩–٥٠)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە دیاردەی جیاوازی چینایەتی دەکات لە نیوان چینە دەسەلاتدار وچینی سادە وهەژار و رووتەلە لە خەلک بە تایبەت ئەو ژنانەی، کە لە سەر شەقامەکانن لە بەر نەداری وپەیداکردنی بژیوی ژیان کەچی چینی دەسەلاتدار ئەم هەموو مەینەتییە دەبینی وبیباکە لە چارەسەرکردنی وخۆیان بوون بە خاوەن پارە وژیانی شاهانە وبە شیوەکی خۆش دەژین جیاواز لە خەلکە سادەکەی کۆمەلگە ئەم دەربرینەی شاعیر نیشانەی خراپی وستەمی دەسەلاتە بەرانبەر بە کۆمەلگە.

# ئەنجام

## ئەنجامەکان

### لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١. میتۆدی کۆمەڵایەتی لە دایک بوونی بەرهەمی ئەدەبی گرێدەدات بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بێ گوێدان بە فاکتەرەکانی تروەکو توانا وبەهرەی ئەدیب.

٢. ڕەهەندەکانی فەلسەفی وئابووری وئایینی ومارکسی ولۆژیک بناغەنەری میتۆدی کۆمەڵایەتیین.

٣. ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکان خۆیان لە دوو توێی کۆمەڵێک بابەتی هەموو جۆری وەکو:- (هەژاری،نەخوێندەواری،جیاوازیچینایەتی...)دەبینێتەوە

٤. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەدەبی کوردیدا لە شیعری شاعیران بە شێوەیەکی زەق دەردەکەوێت ئەمەش لەئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی کە کۆمەڵگەی ڕووبەڕووی بووەتەوە بەتایبەتی ڕەهەندی(جیاوازی چینایەتی).

٥. باری ناهەموار و نەهامەتی میللەتی کورد یەکێک بووە لە فاکتەرە کاریگەرەکان بۆ ئەوەی شاعیران لە شیعرەکانیان کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە بکەن .

٦. (سەلام سەعید) لە ڕووی سەردەمی شیعرییەوە لە ڕیزی شاعیرانی هاوچەرخە.

٧. بابەتی هەژاری زاڵە بە سەر دەقەشیعرییەکانی(سەلام سەعید)ئەمەش لە بەر ئەو بارە قورس ناهەموارەیە کە چێشتوویەتی لە ژیانیدا.

٨. (سەلام سەعید)لە شیعرەکانی دا زمانێکی سادە وپاراو وڕەوانی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پەیام ومەبەستە شیعرییەکانی بە ئاسانی بگاتە خوێنەر.

٩. (سەلام سەعید) لە بەر ئەوەی هەڵگری بیری چەپ(مارکسی) بووە ئەمە یەکێک بووە لە هاندەرەکان بۆ ئەوەی دەرد ونەهامەتی میللەتەکەی لە دەقە شیعرییەکانی بەرجەستەبکات.

١٠. ئەو واقعە تاڵەی، کە (سەلام سعید) تیایدا ژیاوە هاندەرێکی بەهێز بووە بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی دەرد و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەکەی بخاتەڕوو .

١١. (سلام سعید) لە شیعرەکانی ژنی بێ بەش نەکردووە لە خستنەڕووی پێگە و گرنگی لە کۆمەڵگە هەروەها چەوساندنەوەی لە لایەن کۆمەڵگەی پیاوسالاری و هەندێک خێزانەوە.

# سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز.

### یەکەم /کتێب

### أ/بەزمانی کوردی


١. ئومێد، ئاشنا، ٢٠٠٥، دیوانی بێکەس، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢. ئیسماعیل، نەسرین، ٢٠١٠، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٣. ئەلحەسەن، ئیحسان، ٢٠٠٥، سۆسیۆلۆژیا لای مارکس وماکس ڤیبەر، و.دانا مەلا حەسەن،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤. امین،جمال ، ١٩٩٤، دیوانی حەمدی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی.
٥. باڵەکی، یادگار، ٢٠٠٥، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٩٢، چاپی یەکەم ، دار سپیریێز للطباعة والنشر، هەولێر.
٦. البصیر، کامل، ١٩٨٣، ڕەخنەسازی مێژوو پەیڕەوی کردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ،بەغدا.
٧. بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤ ، دیوانی کاکەی فەلاح، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٨. بورهان، قانع ،٢٠١٤، دیوانی قانع ، چاپی هەشتەم، بڵاوکراوەی کتێبی میدیا، سلێمانی.
٩. بێکەس، شێرکۆ،٢٠٠٦ ،دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم ، بێ ناوی چاپخانە، کوردستان.
١٠. بەرزنجی، عەلی، ٢٠٠٨، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،بێ شوێنی چاپ.
١١. بەرزنجی، ئەندێرا ، ٢٠١٢، دیوانی محمد حسین بەرزنجی ( ع- ح- ب) ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٢. تەنیا،ئیسماعیل،٢٠٢١،ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش وگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی دووەم، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر.
١٣. حوسێن، هیمداد ، ٢٠١١، بزوتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتاو هەشتاکانی هەولێر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی کەرکوک، کەرکوک.
١٤. حەبیب، وریا، ٢٧٠٨، دیوانی مامۆستا هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.
١٥. حەمەعەلی، مەدهۆش، ٢٠٠٦، دیوانی مەدهۆش، چاپی سێیەم ، سلێمانی.
١٦. خەلیل، مەعن، ٢٠٠٧، کۆمەڵناسی خێزان، و.ئارام ئەمین جەلال، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٧. خەلیل، ئیبراهیم، ٢٠١٧، ڕەخنەی ئەدەبی نویٚ، و.محەمەد تاتانی، بڵاوکراوەکانی ڕۆشنبیری هونەری دیالۆگ، کەرکوک.
١٨. دامەزراوەی میهەن ، ٢٠٠٦ ، کۆمەڵگای مەدەنی : هێزێکی نویٚ، و.کۆسار فەتاحی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٩. دەشتی،عوسمان، ٢٠٠٩،شیعری ناوچەی موکریان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٢٠. ڕەسول، ڕێبین، عەزیز ، دیار،٢٠٠٤ ، ئەنثرۆپولۆژیا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕێبین، بیٚ شوێنی چاپ .
٢١. ڕەسول، شوکریە، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، اربيل.
٢٢. ڕەسووڵ ، شوکریە ، ١٩٩٧ ، ڕێورەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، چاپخانەی هەولێر اوفیست کریستال، هەولێر.
٢٣. زەکەریا، فوئاد، ٢٠٢٠، مرۆڤ و شارستانیەت، و.بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، بیٚ شوێنی چاپ .
٢٤. سابیر، پەرێز ، ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٥. ساڵح، ئاوارە، ٢٠١٢، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٢٦. سەعید، محەمەد ، ٢٠٠٨، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٧. سەعید، محەمەد، ٢٠١٦ ، شیکاری دەق، چاپی یەکەم،بیٚ ناوی چاپخانە، سلێمانی.
٢٨. شارەزا، کەریم، میران ، سەردار، ١٣٩٠، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.
٢٩. طە، عبدالصمد، ٢٠٠٢، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣٠. علاءالدين، عبدالخالق، ١٩٨٥، دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد، مطبعة دار افاق العربيه للرصافه والنشر، بغداد.
٣١. علاءالدين، عبدالخالق، ٢٠٠٩، مەلای گەورە وزاناو ئەدیب وشاعیر، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٣٢. علی، طاهر، ٢٠١٣، قانع ژیان و بەرهەمی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٣٣. عەزیز، حەمید، ٢٠٠٩، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، بیٚ شوێنی چاپ .

٣٤. عەولا، عەبدولا، ٢٠١١، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٢٥ – ١٩٦١)، چاپخانەی حاج هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٣٥. غالب، ئۆرخانی، ١٩٩٨، نەمری لەئەدەبدا، چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفسێتی ئازاد، سلێمانی.
٣٦. فەیزی، گۆران، ٢٠٠٦، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٣٧. القصیر، ملیحە، احمد، صبیح، ٢٠٠٢، سۆسیۆلۆژیای خێزان، و.صابر بکر بۆکانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی وتاوان.
٣٨. قەرەنی، ئەحمەد،٢٠١٢، رەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٥-١٩٧٠)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٣٩. قەطوس، بەسام، ٢٠١١، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ، و. محەمەد تاتانی، هشیار زەکی، خانەی وەرگێران، بێ شوێنی چاپ.
٤٠. کاکەیی، هەیاس،٢٠١٠، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە دەربارەی باباتاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٤١. کەریم، ئازاد، ٢٠٠٥، سۆسۆلۆژیای شیعری کوردی لە ڕووی پێوەرە ئاکاریەکانەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد -١٤، کەرکوک.
٤٢. محەمەد، سەماح، ٢٠٠١، ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، و.تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤٣. مدرس،مەلاعبدالکریم،١٣٨٦،دیوانی مەولەوی،چاپی چوارەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنندج.
٤٤. مستەفا، محەمەد، ٢٠١١، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤٥. مستەفا،شوکور،٢٠١٠،دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی،چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
٤٦. معایتە، خەلیل، ٢٠١٣، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و.سەلاح سەعدی، چاپی یەکەم، چاپی نارین، هەولێر.
٤٧. موحسنی، مەنوچهێر،٢٠٠٢، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و.ڕێبوار سیوەیلی و موسڵح ئیروانی ومراد حەکیم ودارا سوبحان وئەبو بەکر عەلی ودلشاد حەمە و تەحسین تەها، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤٨. موحسنی، مەنوچێهەر، ٢٠٠٥، کۆمەڵناسی گشتی، و.موسلیح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤٩. مەعروف، کەمال، ٢٠١٢، تیۆرە نوییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٥٠. مەلا کەریم، محەمەد،١٩٨٠، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٥١. مەولود، سەلام سەعید،٢٠١٤، ژنێک لە ڕەنگی ئاو، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
٥٢. مەولود، سەلام سەعید،٢٠١٩ ، ژنێ بە تامی پرتەقاڵ، چاپخانەی یاد.
٥٣. مەولود، سەلام سەعید،٢٠١٩، هایدپارک، چاپخانەی یاد.
٥٤. مەولود، سەلام سەعید،٢٠٢٠، گەڕەک لە بۆنی مێخەک بەندەکەی ئەودا، چاپخانەی یاد.
٥٥. نەقشبەندی، شێخ جەلال، ١٩٨٥، دیوانی نووری، مطبعە الأمانە العامە للثقافە والشباب، بێ شوێنی چاپ.
٥٦. هالبیرگ، پیتەر، ٢٠١٨، و.ئەنوەر قادر محەمەد، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
٥٧. هەردی، ئەحمەد، ١٩٨٤،رازی تەنیایی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٥٨. وسووقی، مەنسور، خەلق، عەلی ئەکبەر، ٢٠١٣، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و. سیروان محەمەد حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
٥٩. وێبستێر، راجێر، ٢٠٠٦، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، و.عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی .
٦٠. یاخوت، پودوسیتینک، ٢٠٠٧، فەلسەفەی مارکسیزم، و.جەلال دەباغ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپخانە.

### ب/ بە زمانی عەرەبی

١. أبوعلي، عبدالهادي،١٩٩٠، إتجاهات الرثاء وتطوره في العصر العباسي الأول، طبعة الأولى،جامعه الأزهر، مصر.
٢. اسماعيل، بشار، ٢٠١٥، شعر الصعاليک الجاهليين في الدراسات الأدبية والنقدية القديمة والحديثة، طبعة الأولى، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان.
٣. الأسود، حكمت، ٢٠٠٨، ادب الرثاء في بلاد الرافدين، الطبعة الأولى، دار الأمان، دمشق.
٤. الأعرجي، محمد، ٢٠٠٧، الشعر في الكوفه، طبعة الأولى، منشورات الجبل، بغداد .
٥. إلياس، نوبرت، ٢٠١٤، مجتمع الأفراد سوريا، ت. هاني صالح، طبعه الأولى، دار الحوار للنشر، سوريا.
٦. امزيان، محمد، ١٩٩١، منهج البحث الإجتماعي بين الوضعية والمعياريه، طبعة الأولى، معهد العالمي للفكر الإسلامي، فيرجينيا، الولايات المتحدة الامريكية.
٧. بدوي، عبدالرحمن، ١٩٧٧، منطق الصوري والرياضي، الطبعة الرابعة، وكالة المطبوعات، الكويت.
٨. بركات، سليم، ٢٠٠٢، المجتمع العربي في القرن العشرين بحث قي تغير الأحوال والعلاقات، طبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٩. تادييه، جان، ١٩٩٣، النقد الأدبي في القرن العشرين، ت.قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة- المعهد العالي للفنون المسرحية، دمشق.
١٠. جينسن، إيريک، ٢٠١٥، الفقر والتعليم، ت. صفاء الأعسر، طبعة الأولى، مركز القومي للترجمة، القاهرة.
١١. حجازي، سمير، ٢٠٠٤، مناهج النقد الأدبي المعاصر مع ملحق قاموس المصطلحات الأدبية، طبعة الأولى، دار التوفيق للطباعة والنشر، دمشق.
١٢. الحسن، إحسان، ٢٠١٥، النظريات الإجتماعية المتقدمة دراسه تحليلية في النظريات الإجتماعية المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان .
١٣. الحسن، غانم، ٢٠١١، الرسائل الأدبية النثرية في القرن الرابع للهجرة العراق والمشرق الأسلامي، طبعة الأولى، دار الكتب العلمية، لبنان.
١٤. الحسين، جمال، ١٩٨٥، دراسات الإجتماعية، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.
١٥. الحمدان، محمد، ١٩٩١، قضايا النقد الحديث، الطبعة الأولى، دار الأمل للنشروالتوزيع،بدون مكان الطبع .
١٦. الحمداني، احمد، ٢٠١٤، الأدب العربي الحديث، دراسة في شعره ونشره، طبعة الأولى، قسم انتشارات فاروس، دار زين العابدين، ايران.
١٧. الحمداوي، جميل،٢٠١٥، ميادين علم الإجتماع، جزء الأول ،طبعة الأولى، دون مكان الطبع.
١٨. الخريجي، عبدالله، ١٩٩٠، علم الإجتماع الديني، توزيع رامتان، الجده.
١٩. خليل، خليل، ١٩٨٤، المفاهيم الأساسية في علم الإجتماع، دار الحداثه للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٠. الخواجة، محمد و عبدالمجيد، محمد، ٢٠١٣، قراءات معاصرة في علم الإجتماع الإقتصادي، ط١، دار ومكتبة الاسراء لطباعة ونشر وتوزيع الكتب، مصر.
٢١. الذنون، علي ، ٢٠١٤، الشعر في الموصل إبان القرنين الرابع والخامس للهجرة، طبعة الأولى، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.
٢٢. الرافعي، مصطفى، ٢٠١٢، تأريخ أداب العرب، مؤسسة الهنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة .
٢٣. زكريا، خضر و العيسى، جهينه والغانم، كلثم، ٢٠٠١، موجز تأريخ الفكر الإجتماعي، الطبعة الأولى، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
٢٤. سالم، عبدالرشيد، ١٩٨٢، شعر الرثاء العربي وإستنهاض العزائم، طبعة الأولى، وكالة المطبوعات، الكويت.
٢٥. سكوت، جون، ٢٠٠٩، علم الإجتماع المفاهيم الاساسية، ت.عثمان محمد، طبعة الأولى، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت.

٢٦. سلوم، داود، ١٩٨٤، دراسات في الأدب المقارن التطبيقي، دار الحرية للطباعة، بغداد.
٢٧. السوداني، عبدالله، ١٩٩١، رثاء غير الإنسان في الشعر العباسي، طبعة الأولى، المجمع الثقافي، أبوظبي.
٢٨. شانوف، حسين، ١٩٧٥، شعر شاعر الكردي ، المعاصر عبدالله گۆران، ت.شكور مصطفى، مطبعة الجاحظ، بغداد.
٢٩. شاهين، أحمد، ٢٠١٩، القضايا الفنية و الفكرية في أدب الرافعي، إصدارات وزارة الأوقاف والشؤون الإسلاميه، دولة الكويت.
٣٠. الصائغ، يوسف، ٢٠٠٦، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق.
٣١. علاق، فاتح، ٢٠٠٥، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، منشورات اتحاد الكتاب العرب،بدون مكان الطبع.
٣٢. غدنز، انتوني و صاتن، فيليب، ٢٠٠٨، مفاهيم أساسية في علم الإجتماع، ت.محمود الذوادي، طبعة الأولى، مركز العربي للأبحاث والنشر، بيروت.
٣٣. غدنز، أنطوني، ٢٠٠٥، علم الإجتماع، ت. فايز الصياغ، طبعة الأولى، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت.
٣٤. الغريب، عبدالعزيز، ٢٠١٢، نظريه علم الإجتماع تصنيفاتها، اتجاهاتها وبعض نماذج التطبيقية من النظرية الوضعية الى مابعد الحداثة، دار الزهراء، الرياض.
٣٥. فلوري، لوران، ٢٠٠٨، ماكس فيبر، ت.محمد علي مقلد، طبعه الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت.
٣٦. فياض، حسام الدين، ٢٠١٨، مؤسس عالم الحديث (إميل دوركايم) المنهج التفسيري في دراسة الظواهر الإجتماعية كأشياء (دراسة في علم الاجتماع لبنائي )، مكتبة نحو علم الإجتماع التنوير، دون مكان الطبع.
٣٧. القرش، محمد ، ٢٠١٢، العدالة والحرية بين المفهوم الإسلامي والمفهوم الغربي، طبعة الأولى، القاهرة.
٣٨. قصاب، وليد، ٢٠٠٩، مناهج النقد الأدبي الحديث، طبعة الثانية، دار الفكر، دمشق.
٣٩. كابان، فيليب، فرانسو، جان، ٢٠١٠، علم الإجتماع من النظريات الكبرى الى شؤون اليوميه أعلام وتواريخ، ت.إلياس حسن، طبعة الاولى، دار الفرقد، دمشق، سوريا.
٤٠. ماكوفلسكي، الكسندر، ١٩٨٧، تاريخ علم المنطق، ت. محمد علاءالدين و إبراهيم فتحي، الطبعة الاولى، دارالفارابي، بيروت.
٤١. مجموعه المؤلفين، ٢٠١٤، الماركسيه الغربيه ومابعدها، ط ٢، دار ومكتبه عدنان، بغداد.

٤٢. محمود، أبوناجي، ١٩٨١، الرثاء فى الشعر العربي أو جراحات القلوب، الطبعة الأولى، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت.
٤٣. المرهون، إبتسام، ٢٠٠٦، الأمالي في الأدب الاسلامي، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان .
٤٤. موريل، ان، ٢٠٠٨، النقد الأدبي المعاصر مناهج ، اتجاهات ، قضايا، ت. ابراهيم اولحيان ومحمد زكراوي، طبعة الأولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
٤٥. الموسى، أنور، ٢٠١١، علم الإجتماع الأدبي، طبعة الأولى، دار النسخة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
٤٦. الهرماسي، علي والهواري، هناء والكنز، الديک وشقرون، عضيبان واحمد، اشرف الدين والعودي، احمد والحسن، صفوت وعبدالوهاب، غيون وهناء، الزغل وعبدى، عبدالعطي وفهمي، مسره وظاهر، وناس والزبير، ميهارى والتليلي، دياب وبالحسن، التيروامين، ١٩٩٠، الدين في المجتمعات العربيه، طبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
٤٧. هويدي، صالح، ٢٠١٥، المناهج النقدية الحديثة، أسئلة ومقاربات، ط١، دار نينوى، دمشق.
٤٨. الوالي، عبدالهادي،٢٠٠٢ –٢٠٠٣، مدخل الى علم الاجتماع، دار المصطفى للنشر والتوزيع، مصر.
٤٩. الوردي، علي، ١٩٩٤، منطق إبن خلدون، طبعه الثامنه، دار كوفان للنشر، لبنان .
٥٠. الوردي، علي، ٢٠١٨، تحليل سيوسولوجي لنظرية إبن خلدون في علم الإجتماع المعرفة، ت.لاهاي عبدالحسين، طبعه الأولى، دار المدى، بغداد.
٥١. الوردي، علي، ٢٠٢١، أسطوره الآدب الرفيع، الطبعه السادسه، دارالوراق للنشر، بيروت.

**دەستنووس/**

١.دەستنووسی شاعیر.

## دووەم ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## أ/بە زمانی کوردی

**گۆڤار/**

١. صالح، سلیم و عبدالله، احمد، ٢٠١٦، ڕەهەندەکانی سۆسۆلۆژیای شیعری سامی عەودالّ بە نموونە، ژ(٩)،٢٨ ، ٤٢، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین.
٢. عەبدولڕحمان، ناهیدە، ٢٠١٥، " بەردەنووسێک"ی گۆران بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ژ(٥)، ٣٩٦، ٧٤، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین.
٣. عەزیز، حمید، فەلسەفەی هزری کۆمەڵایەتی لەنێوان بابەتی ئاکارو سیاسەتدا ، ٢٠٠٧/٧/٥ ، ژ (١٢٢)٩٤–٩٥ ،گۆڤاری ڕامان.

٤. عەزیز، حەمید، بنەما فەلسەفییەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس، ٢٠٠٧/٣/٥، ژ(١١٨) ، ١٢٩، گۆڤاری ڕامان.
٥. عەزیز، حەمید، کارل مارکس بەبۆنەی یادی ١٨٨ ساڵەی لەدایک بوونییەوە، ٢٠٠٦/٥/٥، ژ (٨)، ١٣٧، گۆڤاری ڕامان.
٦. عەزیز، حەمید، هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەرتاپاگیریدا، ٢٠٠٦/٧/٥، ژ (١١٠)، ١٣٤، گۆڤاری ڕامان.
٧. کریس، ئیان، کانوونی دووەم (٢٠٠٥ )، قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی، ژ (٩٢)، ١٣٤، گۆڤاری ڕامان.
٨. موحسنی، عومەر، ٢٠٠٦، ئەدەب و کۆمەڵگا، ژ( ١٠٥) ،١١٨، گۆڤاری ڕامان.

### ب/بە زمانی عەرەبی

### گۆڤار/

١. أحمد، أنور، ٢٠١٥، النظرية الإجتماعية والأيدولوجيا، عدد(٢١)، ٥٨، مجلة كلية التربية –جامعة عين الشمس.
٢. فرج، خوله، ٢٠١٧، الفقر وأسبابه واثاره حي طارق نموذجا، عدد (٣٦ )، ٢٠٤، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية الانسانية، جامعة بابل .
٣. عبدالعزيز، محمد،٢٠٢٠، رسالة التعزية بالأنباء في الاندلس (المحتوى والفن )، عدد (الخامس والثلاثون )، ٦٦٧، حولية كلية التربية واللغة العربية.
٤. غباش، منوبي، ٢٠١٩، فكرة الفقر وواقع الفقراء، عدد (٣٠)، ٨٢ –٨٣، مجلة عمران للعلوم الإجتماعية.

### سێیەم/ نامەی زانکۆیی

### بە زمانی کوردی

### دکتۆرا/

١. عیسا، هاوژین، ٢٠٠٨، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، نامەی دکتۆرا، فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە .
٢. عەبدوڵا، بەکر، ٢٠٠٧، نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، نامە لەسەرەتاوە تاکو ساڵی (١٩٧٠) نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣. عەزیز، قمری، ٢٠٠٢، هەڵوێست لە شیعری کوردیدا ١٨٠٠-١٩٧٠ نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤. مستەفا، ئاسۆ، ٢٠١٩، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠-١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ماستەر/**

١. ئەحمەد، گوڵەباخ، ٢٠١٦، ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست (١٩٨٠-٢٠١٤)،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢. ڕەشکێنی، فەرهەنگ، ٢٠٠٢، بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە سوریا ١٩٣٢- ١٩٤٦، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣. ڕەفیق، ئاشنا، ٢٠١١، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤. عەبدولڕەحمان، ناهیدە ، ٢٠١٠، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چیرۆکەکانی (حەسەنی قزڵجی) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی پەروەردە.
**٥.** عەزیز، شەرمین، ٢٠٠٤، پەشێو وتازەکردنەوە لە شیعردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر.
٦. عەلی، صدیق، ٢٠١٥، حەقیقی شاعیر- ژیان و بەرهەمی نامەی ماجستێر، سکولی زمان فاکەلتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٧. غریب، لەنجە، ٢٠٠٨، لێکۆڵینەوەی شیکاری لە شیعری بەختیار زێوەر، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە.
٨. محەمەد، یوسف، ٢٠١٤، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا (١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زمان و زانست، سکوڵی زمان.
٩. مستەفا، کانیاو، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعرە کوردییەکانی (ڕاجی) دا، نامەی ماجستیر، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین.
١٠. مستەفا، ئیدریس، ٢٠٠٥، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.
١١. مصطفی، محمد، ١٩٨٩، زێوەر ژیان وبەرهەمی، نامەی ماستەر، کولێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

**به زمانی عەرەبی**

**دكتورا/**

١. الأوغندي، احمد، ٢٠١٠ _ ٢٠١١، الشعر العربي في شرق افريقيا (كينيا و تنزانيا ) في العصر الحديث دراسة تحليلية نقدية بحث تكميلي لنيل دراجة دكتوراه في الأدبيات، كلية اللغة العربية، الجامعة الاسلامية العالمية، إسلام اباد، باكستان.

٢. حسن، عبدالله، ٢٠٠٥، الفقر في فلسطين وسياسات مكافحته حالة عملية (محافظة جنين )، أطروحة دكتوراه.

٣. الحسيني، العفاف، ١٤٢٤ – ١٤٢٥، دور الأسرة التربوي في إستتباب أمن الفرد و المجتمع من خلال التنشئه الإجتماعية والضبط الإجتماعي، رسالة دكتوراه، جامعة أم قرى، السعودية.

٤. خنشالي، عبدالله، ٢٠٠٨ _٢٠٠٩، أثر النزاعات المذهبية والروحية في الشعر المغربي (من القرن الثاني الى القرن الرابع) دراسة في بنية الأفكاره المواقف في الأساليب الشعرية، اطروحة دكتوراه، كلية الأداب العلوم الأنسانية، باتنه، جزائر.

٥. عميري، نوره، ٢٠٢٠ –٢٠٢١، المعني الشعري في القصيدة الجزائرية المعاصرة من الأيديولوجي الي الفن، اطروحة دكتوراه، كلية اللغة والأدب العربي جمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

٦. غريب، غريب، ١٩٨٥، أثر ممارسة برامج انشاط الموجة على النمو الاجتماعي للجماعة الفقيرة، دراسة ميدانية تجربة أطفال القاهرة (SOS) أطروحة دكتوراه، اسيوط جامعة اسيوط، القاهرة.

٧. لقمان، نميري، ٢٠٠٥، الشعر الاندلسي في عصر الطوائف اتجاهاته وخصائصة الفنية اطروحة دكتوراه، كلية اللغة العربية،جامعة أم درمان الاسلامية.

**ماستەر/**

١. عباسي،صالحة ،٢٠١٢، سيوسولوجيا النص الادبي وتطبيقاتها في النقد الادبي المعاصر، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية وادابها، جامعة بن مهيدي، الجزائر.

٢. الفراجي، خالد ، ٢٠٠٣، شعر الرصافي الرفاء البلنسي، دراسة موضوعية، فنية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية التربية إبن الرشد.

**فەرهەنگەكان**

**أ/بە زمانی كوردی**

١. ئامێدیان، فەخری، فەرهەنگی زاراوەی كۆمەڵناسی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەمیمی، سنە.

٢. ئەسوەد، نەوزاد، ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەكان،چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی غەزەلنووس، سلێمانی.

### ب/بەزمانی عەرەبی


١. وهبه، مراد ، ٢٠٠٧، المعجم الفلسفي، الطبعه الخامسه، دار قباء الحديثة، القاهره.


### پێگە ئەلکترۆنییەکان


١- أبو الرب، حسين، ٢٠١١، البعد الأجتماعي في شعر راشد الحسين.
http://www.odabasham.net/%D9%86%D9%82%D8%AF-%D8%A3%D8%AF%D8%A8%D9%8A/91130-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B9%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A-%D9%81%D9%8A-%D8%B4%D8%B9%D8%B1-%D8%B1%D8%A7%D8%B4%D8%AF-%D8%AD%D8%B3%D9%8A%D9%86

٢- البرقاوي، أحمد، ٢٠٢٢، الأيدولوجيا اصفادها.
https://aljadeedmagazine.com/%D8%A3%D8%AD%D9%85%D8%AF-%D8%A8%D8%B1%D9%82%D8%A7%D9%88%D9%8A

٣- الجميل، الأفق، ٢٠١١، إبن خلدون والفارابي وعلم الإجتماع عندالمسلمين.
/https://www.tomohna.net/forum/threads/10098

٤- العجلان، محمد، ٢٠٢٠، الإقتصاد المجتمع، ٢٧ أوكتوبر ٢٠٢٠.
/https://maaal.com/2020/10/161803-2

٥- الغامدي، سارة، ٢٠١٦/٤/٤، قراءة في كتاب النظرية الدولة في الفكرالخلدوني.
https://hekmah.org/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%83%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%86%D9%8A

٦- قراءة، أسامة، ١٤٢٩/١٠/١ هـ، مكونات المجتمع الأساسية، عناصر المجتمع الأساسية.
https://www.manhal.net/art/s/3868

٧- مسعود، وليد، ٢٠٢٠، منهجية نص النظري المنهج – علم الاجتماعي – حميد لحميداني
https://www.manhajiati.com/2020/03/mnhjyt-tahlil-ns-nazari.html?m=1


### دیدار وچاوپێکەوتن

١. دیدار لە گەڵ شاعیر(سەلام سەعید مەولود) لە ڕۆژی سێشەممەی بەرواری٧ /٣/ ٢٠٢٣، سلێمانی، لە کات ژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی .

### نامەی ئەلیکترۆنی

١- مەولود ، سلام، ٢٠٢٣، ژیاننامەی شاعیر ، ٧-٣-٢٠٢٣

## ملخص البحث

إن هذا البحث الموسوم بعنوان(البعد الإجتماعي في أشعار سلام سعيد مولود)محاولة لتسليط ضوء على الأعمال الشعرية للشاعر في مجال الإجتماعي يتكون البحث من ثلاثة أقسام، قسم الأول يتكون من أربع محاور، محور الأول يتكون من مفهوم وتعريف النظرية الإجتماعية والمحور الثاني يكون من مفهوم وتركيبة المجتمع والمحور الثالث يتكون من دور الإنسان في المجتمع والمحور الرابع يتكون من مفهوم المجتمع من ناحية الابعاد الفلسفية والإقتصادية والماركسية والدينية والمنطقية، أما قسم الثاني يتكون من من محاور أبعاد الإجتماعية، صلة القرابة والفقر والفوارق الطبقية ورسائل التعزية والغزل.والقسم الثالث يتكون من محورين، المحور الأول يتكون من تأثير العوامل الاجتماعية على الشعراء والمحور الثاني يتكون من أبعاد الإجتماعية في النصوص الشعرية لـ(سلام سعيد مولود) مع ذكر نتائج البحث.

حكومة اقليم كردستان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية التربية الاساسية
قسم اللغة الكردية


# البعد الإجتماعي
# في قصائد (سلام سعيد مولود)

رسالة


**هرسين ياسين حسين**


الى مجلس كلية التربية الأساسية /قسم اللغة الكردية
ضمن متطلبات الحصول على درجة الماجستير في الأدب الكردي

**بأشراف**


أ.م.د .عباس صالح عبدالله



٢٠٢٣ميلادي ٢٧٢٢ كوردي

## Abstract

This research, titled (The Social Dimension in the Poems of Salam Saeed Mouloud), is an attempt to shed light on the poet's poetic works in the social field. And the structure of society and the third axis consists of the role of man in society and the fourth axis consists of the concept of society in terms of philosophical, economic, Marxist, religious and logical dimensions, while the second section consists of the axes of social dimensions, kinship, poverty, class differences, messages of condolence and spinning. The third section consists of two axes, The first axis consists of the impact of social factors on poets, and the second axis consists of social dimensions in the poetic texts of (Salam Saeed Mouloud), with mentioning the results of the research.

Government of the Kurdistan Region
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Sulaimani University Presidency
College of Basic Education
Department of Kurdish language

# The Social Dimension in (Salam Saeed Mawlud)'s Poems

A Thesis

Harsin Yasin Hussen

Submitted to the Council of the College of Basic Education/Department of Kurdish Language as part of the requirements for obtaining a Master's degree in Kurdish Literature

Supervised by

Asst. Prof. D.Abas Salah Abdulla

(2023) A.D (2722) K.